# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٣٥)- (٣)ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٢

### ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر:

## لە ئەمساڵدا ١٣٠ پڕۆژە ئەنجام دراون

### ژمارەیەکی دیکەش چوونەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە



**بە سێ قۆناغ هەڵمەتی دروستکردنی ئاوەڕۆی قورس و ڕیسایکلین دەستی پێ کردووە**

**لە هەولێر و دەوروبەری ١١ پڕۆژەی تۆڕی ئاو و دروستکردنی ئاوەڕۆ جێبەجێ دەکرێن**

**بەشی دووەمی شەقامی ١٥٠ مەتری (شەقڵاوە -کۆیە) بە درێژیی ٧,٦ کیلۆمەتر تا کۆتایی ئەمساڵ دەکرێتەوە**

**١١ قوتابخانە لەلایەن بەخشەرانەوە دروست دەکرێن و ٢٤٠ قوتابخانەش لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانی نۆژەن کرانەوە**




# داستانی خواکورک

## ٣٦

داستانی خواکورک، یەکێکە لە شانازی و سەروەرییەکانی مێژووی گەلی کورد، هێمای بەرگری و سەربەخۆیی شۆڕش و تێکۆشانی گەلەکەمان بوو.

ئەم سەروەرییە سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان هیچ پەیوەندییەکی بە شەڕی نێوان عێراق و ئێرانەوە نییە.

لە داستانی خواکورکدا، دڵسۆزی و بیروباوەڕ و فیداکاریی پێشمەرگە هۆکاری بەچۆکداهێنانی سوپا پڕچەک و زەبەلاحەکەی ڕژێم بوو، چونکە ویستی بەشداریکردنی پێشمەرگە لە هێرشەکاندا بە شێوەیەک بوو، تەنانەت جاروبار ئەگەر لە شەڕەکان بەشدارییان پێ نەکرابایە، پێشمەرگە نیگەران دەبوون.

لە خواکورک، پێشمەرگە ئەرکی پیرۆزی خۆی بەجێ گەیاند و ئەفسانەی هێز و جەبەڕووتی ڕژێمی تێک شکاند و ڕێی نەدا هێزەکانی ڕژێم بگەنە سێکوچکەی سنوور و ڕێی خەڵکەکە بگرن.

ڕۆژی ٢١ی تەمووزی ١٩٨٨ بەرەو شنۆ بەڕێ کەوتین، لە ٢٢ی تەمووزی ١٩٨٨دا، بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون و چاودێریی بەرەکانی شەڕ و نزیکبوونەوە لە پێشمەرگە قارەمانەکانمان، گەیشتینە خرێنە و نازدارداخ؛ زەعیم عەلی کرایە فەرماندەی بەرەی خرێنە و نازداداخ.

هێرشەکانی ڕژێم بەچڕی بۆ سەر دەڤەری خواکورک دەستی پێ کرد کە دەکەوێتە باکووری پارێزگای هەولێر و ڕووبەرەکەی لە سەد و پەنجا کیلۆمەتری چوارگۆشە تێپەڕ نابێت، داستانی خواکورک بە خۆڕاگری و ئیرادەی پتەوی پێشمەرگە دەستی پێ کرد.

ڕۆژی ٢٢ی تەمووزی ١٩٨٨، پێشمەرگەکانی هێزی حەمرین هێرشیان کردە سەر ئەو هێزەی ڕژێم کە ڕۆژی ڕابردوو بە هەلیکۆپتەر لەسەر چیای شاکێو دابەزیبوون، دوای شەڕێکی قورس هەموو هێزەکە تەفروتوونا کرا و سێ کەسیش بە دیلی کەوتنە دەست هێزەکانمانەوە، لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکی ئازا بە ناوی حەسەن سەمەد بریندار بوو.



کارمەندانی گۆڤاری گوڵان و ژمارەیەك لە میوانانی بەڕێز - هۆتێل شیراتۆن - ٢٠٢٢-٩-٢٥

## لە ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی ڕیفراندۆمە
## مێژووییەکەی گەلی کوردستان و
## دابەشکردنی کتێبی
## (سەد وانەی ڕیفراندۆم)ی
## نووسەر ڕێبوار سیوەیلی

# چاپکراوی نوێ



لە ساڵیادی ڕیفراندۆمە مێژووییەکەی گەلی کوردستاندا، دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان (٣) کتێبی ناوازەی چاپ کرد و لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا خرایە بەردەست خوێنەران، کتێبی یەکەم بە ناوی (لێکەوتەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاسایشی ناوچەیی)، ئەم کتێبە (حوسێن ئیحسانی) بە زمانی فارسی نووسیویەتی و (محەمەد کەریمخان) کردوویەتی بە کوردی، تێیدا ئاماژە بەوە کراوە کە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان ڕەوتێکە کە بە کەوتن و هەستانەوە چەندین قۆناغی گرنگی بڕیوە، دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ئەم پرسە بووەتە گوتارێکی گرنگیی دانیشتنە زانستی و ئەکادیمییەکانی وڵاتان، ئێستا ئەم پرۆسەیە لە قۆناغی دیپلۆماسیی زانکۆیی و ناوەندەکانی توێژینەوەییدایە، لەم قۆناغەدا پێویستە هەرێمی کوردستان ڕەوتی دیپلۆماسی لەگەڵ بژاردە فەرهەنگی و زانستییەکانی وڵاتان بەهێزتر بکات، بۆ ئەوەی دۆزی ئەوای کورد ببێتە گوتارێکی زانستیی جیهانی. نووسەری ئەم کتێبە سیناریۆی مامناوەندماوەی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی پێشبینی کردووە، هەروەها پێی وایە کە دەبێت ئەکتەری نوێی وەك کورد، کە خاوەن مافی ڕەوایە بگاتە ئاواتی لەمێژینەی خۆی.



کتێبی دووەمی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی ( ڕاپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەژێر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا ) لە نووسینی (د. سانع شەریف) ، ئەم کتێبە باس لە چەندین لایەنی گرنگی ئەم پرۆسەیە دەکات، لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەم ڕاپرسییە، هەر لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە تاکو ئێستا دەکۆڵێتەوە، دواتر لە بارەی ئەم پرسە کتێبەکە هەڵسەنگاندنێکی یاسایی و دەستووری و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتین، لەگەڵ پێشکەشکردنی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی پرسی گەلی کوردستان لە دوای ئەنجامدانی ڕاپرسی دەخاتە ڕوو، هەڵبەت ئەمەش بە لەخۆگرتنی ڕێبازە زانستی و ئەکادیمییەکان و خستنە ڕووی بەڵگەو دەقە یاسایی و حکومییەکان دەبێت، نووسەر سوودی زیاتری لە سەرچاوە ئینگلیزییەکان وەرگرتووە، لە هەمان کاتیشدا پشتی بە سەرچاوەی دیکەی کوردی و عەرەبی بەستووە.



کتێبی سێیەم بە ناونیشانی (ژێر دەستە دەتوانێ قسە بکا؟) نووسینی (گایاتری سپیڤاك) وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی (پ.ی.د سەنگەر حاجی)، نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕزگاربوون لە پەراوێزبوون و ژێر دەستەیی تەنیا کاتێك ڕوودەدات کە نەتەوە بوو بە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، چونکە دەوڵەت قۆناغێکی ڕاگوزەر نییە لە ژیانی مرۆڤدا و تێیپەڕێنێت، بەڵکو ئامانجی کۆتاییە، ئەمەش قسەی (هیگڵ)ە، واتاکەی ئەوەیە مرۆڤ کە بوو بە خاوەنی دەوڵەت، واتا کۆتایی مێژوو، نووسەر ئەم کتێبەی لەبەر سێ هۆ وەرگێڕاوە بۆ کوردی، یەکەمیان چونکە باسی خەڵکی ژێردەستەو پاشکۆو پەراوێزخراو دەکات، کوردیش وایە، دووەمیان ئەوەیە کە (سپیڤاك) فەیلەسووفێکی پۆست- کۆڵۆنیالە، باوەڕی وایە کە ئەم ڕۆژهەڵاتەی ئێمە تێدا دەژین، نە ئێمە دروستمان کردووە و نە ئێمە بڕیاری لێ دەدەین و لە کاتی دروستکردنی ڕای ئێمە وەرنەگیراوە، هۆکاری سێیەم نووسەر دەڵێت کە ئەوەی نووسیومە هەموو ئەو شتانەیە کە لێرەدا ویستوومە بیڵێم. دەستخۆشی لە دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین بۆ ئەو بەرهەمە گرانبەهایانە کە لەم ساڵیادە شکۆدارەدا چاپی کردوون، هەر پڕبەرهەم و سەرکەوتوو بێت.

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبی(استفتاء اقليم كوردستان دراسة في الموقف الأقليمي والدولي) بە پێنووسی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر خەلیل مستەفا عوسمان بە(٢٨٠) لاپەڕەی قەبارە گەورەو بە زمانی عەرەبی لەلایەن سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە.

ئەم کتێبە خوێندنەوەیەکی گرنگ و زانستیانەیە بۆ پرۆسەی ڕیفراندۆم کە لە ٢٥- ئەیلوولی ٢٠١٧ لەلایەن گەلی کوردستانەوە ئەنجام درا، نووسەر ئاماژە بە هۆکارو پاڵنەرەکانی ئەم پرۆسەیە دەکات، دواتر بەسەر چەندین بەشدا (نێوخۆیی و ئیقلیمی و عەرەبی و نێو دەوڵەتی)دا دابەشی کردووە، کاتێ باس لە ڕیفراندۆم دەکات ئاماژە بە خاڵێکی گرنگی پرۆسەکە دەکات، کە گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەوە بە شێوەیەکی ئاشکراو ئاشتیانەو ڕەوا دەنگی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، لەمەدا ئامانجی ئەوە بوو کە بنەمای تازە بۆ پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراقدا دۆستانەو برایانە بنیات بنێتەوە، بەڵام پەرچەکرداری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان لە هەنبەر ڕیفراندۆمدا ستەمکارانە بوو، هەروەها دوور لە پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی و بەڵگەنامەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بوو، لە کۆتاییدا نووسەر لیستێکی بە سەرچاوە و ژێدەرەکان و پاشکۆ و نووسراوەکانی پەیوەست بەم پرۆسەیە بڵاوکردووەتەوە.. دەستخۆشی لە نووسەر و سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دەکەین بۆ چاپکردنی ئەم کتێبە بەڵگەنامەییە.




ئەندازیار ڕێبین ئەحمەد حەوێز :



**سەرەڕای وشکەساڵی و کەمئاوی یەک باخچە و پارکی هەولێر ڕووبەڕووی لەناوچوون نەبووەتەوە**

مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی



**لەدایکبوونی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا**

ئاشنا بابان



**یاسای کۆتا و مێژووی سەرهەڵدانی**

کۆری زۆلی :



**شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەریی قووڵی لەسەر ئاسایشی وزە و خۆراک دروست کردووە**

ئولریک بروکنەر :



**سەردانەکەی ئۆلاف شۆلز بۆ ناوچەی کەنداو زیاتر لە پەیامێکی لەخۆگرتبوو**

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەماڵ ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

پرۆڤیسۆر عائد عكاب مرعی :



**سەرۆکی حکومەتی کوردستان ٥٠٠ ملیۆن دیناری بۆ کردنەوەی وەرشەیەکی چاککردنەوەی بەشی فڕۆکەوانیی بۆ دابین کردین**

پڕۆفیسۆری یاریدەدەر د. جوان بەهادین عەلی:



**با لە ماڵەکانمان بە قوربان و بە ساقەی کچەکانمان بین، تا لە دەرەوەی ماڵ بە دوای ئەو وشانەدا نەگەڕێن**

**ڕێگەی خێرا بۆ سووککردنی دڵەکزێ**



**کامێرایەکی بچووک و هەمەکارە**





سیما تەکیەخام:

**بەشێکی ئەو کارانەی بە ناوی هونەری هەورامان ئەنجام دەدرێن هونەرەکە ئەشێوێنن**

هاڤە بەهادین :

**دەتوانین ئاستێکی وا پێشکەش بکەین یانەکەمان پێویستی بە یاریزانی دەرەوە نەبێت**





# ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی مافێکی شەرعی و دەستکەوتێکی گرنگی نەتەوەیی بوو





مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

ریفراندۆم هەنگاوێکی گەورە بوو لە مێژووی نەتەوەکەماندا، دەرەنجامەکەشی یەکجار گرنگ و گەورە دەبێت زوو، یان درەنگ، کاری گەورەش پێویستی بە کۆششی چڕوپڕ و ورد و بەرنامەڕێژیی گەورە هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە زامنی سەرکەوتن و دەستکەوتی مەزنی لێ بکەوێتەوە، بەو پێیەش ریفراندۆم پرسێکی نیشتمانی و دەرنجامەکەی بۆ بەرژەوەندیی گەل و نەتەوە بوو، لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانەوە خۆی دەبینییەوە، لێرەوەیە دەتوانین بڵێین: گشتپرسی وێڕای ئەوەی پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو، لە هەمان کاتدا ئەرکێکی ئایینیی گرنگیش بوو، چونکە بەپێی ڕێسا شەرعییەکان لەبەرچاوگرتن و ڕاکێشانی بەرژەوەندیی گشتی لە سەرووی بەرژەوەندییە تایبەتی و فەرعییەکانەوەیە، لە لایەکی دیکەشەوە مرۆڤ ئەگەر خاوەن خاك و کیان و دەوڵەتی خۆی نەبێت، ئەوە وەك پێویست ناتوانێت دینداری و بە ئازادی مومارەسەی دروشمە ئایینییەکانی بکات. بە دیوێکی دیکەدا پرسی گشتپرسی بۆ سەروەریی کوردستان دەستکەوتێکی یەکجار گەورە بوو، بۆ ئەوە بوو گەلی کورد لە ژێردەستەیی و ستەم و میزاجی سیاسیی ئەم و ئەو قوتار بکات و، ئاسان لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازی و مرۆیی و بەپێی نەخشە و پلان و لە چوارچێوەی دەستوورێکی تایبەت بە خۆیدا دەوڵەتداری بکات.

**مرۆڤ ئەگەر خاوەن خاك و کیان و دەوڵەتی خۆی نەبێت، ئەوە وەک پێویست ناتوانێت دینداری و بە ئازادی مومارەسەی دروشمە ئایینییەکانی بکات**

کورد بە درێژایی مێژوو لە چوارچێوەی عێراقدا ئەگەر لە ڕۆژانێك خێر و خۆشی دیبێت، دەیانساڵیش خەم و تاڵیی چەشتووە، بەپێی ئەزموونی ڕابردووش دەرکەوتووە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، عێراق لە بەڵێن و شەراکەتی حوکمڕانی لەگەڵ کورددا ڕاست نەبوو، بگرە ئیزدیواجییەت و میزاجی سیاسی و ئەقڵییەتی پاشاگەردانی بەکارهێناوە، لەم پێناوەشدا مافی کوردی پێشێل کردووە و، پابەندی دەستوور و یاسا و بنەماکانی تەوافوقی نیشتمانی نەبووە.

**کورد بە درێژایی مێژوو لە چوارچێوەی عێراقدا ئەگەر لە ڕۆژانێک خێر و خۆشی دیبێت، دەیان ساڵیش خەم و تاڵیی چەشتووە**

لەسەر ئەرزی واقع نموونەی زۆر هەن، کە عێراق چەندە کەمتەرخەم، یان بێباك و ستەمکار بووە بەرامبەر بە شەراکەت و تەوافوقی سیاسی

**ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بڕیاری لێ دا بۆ سازدانی ڕیفراندۆم، موژدەیەکی ئومێدبەخشی بە ئایندەی نەتەوەکەمان دا، لە هەمان کاتدا وێستگەیەکی هەستیار و ئامانجداری خەباتی مەدەنییانەی گەلی کورد بوو**

**ئەگەر عەرەب پێی وایە سەربەخۆیی کورد لەتبوونی ئوممەتە، ئەی بۆ ناپرسن ئەو هەموو وڵاتە عەرەبییانە بۆچی دروست کراون؟**

**لەگەڵ هاتنی داعش و کەوتنی مووسڵ و شڵەژانی ناوخۆی عێراق بەدەست کارە تیرۆریستیەکانەوە، هەرێم بە دەستێک ڕووبەڕووی تیرۆریستان بووەوە و بە دەستەکەی دیکەشی لە پێشوازیی ئاوارە عەرەبەکاندا بوو**

**هیچ ڕێگرییەکی شەرعی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نییە، بگرە ئیسلام مافی گەلانی ڕەچاو کردووە و هیچ گەل و وڵاتێکیش بۆی نییە ئەو مافە لە گەلێکی دیکە زەوت بکات**

و مافە دەستوورییەکانی گەلی کورد، ئەوە حکومەتی ناوەندە کە بەبێ گوێدانە هیچ بنەمایەکی شەراکەت، قووتی کوردستانی بڕی و هەزاران پێشمەرگە و هێزی ئەمنیی برسی و نان بڕاو کرد، لە حاڵێکدا پێشمەرگە وەك سیمبول و قارەمانێتی جیهانی، بەتایبەت لە شەڕی داعش و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و تیرۆریستان وەسف دەکرا.

لەگەڵ هاتنی داعش و دروستبوونی مەترسیی تیرۆر لەسەر عێراق و هەڵکشانی ململانێی مەزهەبی، زۆرێك لە گەورە زانا و بیریارانی عێراق ڕوویان کردە کوردستان و، لێرە باوەشی ڕێز و خزمەتیان بۆ کرایەوە، بەتایبەت بەشێکی ئەندامانی دیوانی وەقفی سوننە، کەچی کە باس دێتە سەر پرسی کورد بۆ مومارەسەکردنی مافی ڕەوای شەرعی و یاسایی و دەستووریی خۆی، فەتوای حەرامێتیی پارچەپارچەبوونی عێراق دەدەن! کەچی نەمانبیست لە هیچ ناوەندێکی ئایینی شیعە و سوننە فەتوایەك دەربکەن بۆ حەرامێتیی بڕینی بودجەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە دەستی حکومەتی ناوەند لە ماوەی شەڕی داسەپێنراوی داعش بە ئێستایشەوە.

ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بڕیاری لێ دا بۆ سازدانی ڕیفراندۆم، موژدەیەکی ئومێدبەخشی بە ئایندەی نەتەوەکەمان دا، لە هەمان کاتدا وێستگەیەکی هەستیار و ئامانجداری خەباتی مەدەنییانەی گەلی کورد بوو، لەو چوارچێوەدا هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی قۆناغەکە و ئەو پرسە گەورەیە و وەفاداری بۆ خوێنی هەزارەها قوربانیی ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدانی کوردستان ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی گرنگە، بەوەی بەو پەڕی دڵسۆزی و نییەتپاکییەوە کار بۆ دەرەنجامی گشتپرسی بکرێت.

بە هەموو پێوەرێك لە ڕوانگەی شەریعەتەوە کورد مافی سەربەخۆیی و ڕیفراندۆمی هەیە، وەك باقی نەتەوەکانی دیکە، ئەگەر عەرەب پێی وایە سەربەخۆیی کورد لەتبوونی ئوممەتە، ئەی بۆ ناپرسن ئەو هەموو وڵاتە عەرەبییانە بۆچی دروست کراون؟ ئەگەریش بە بیانووی جیاجیا ئەو مافە بۆ کورد بە ڕەوا نابینن، ئەی بۆ گەل و نەتەوەی وا هەیە تەنیا بە قەد نیوەی کورد خاك و خەڵکی هەیە، کەچی خاوەن کیان و وڵاتی خۆیانن و وڵاتانی عەرەبییش فززەیان لێوە نایەت!؟

لە ڕابردوودا کورد بەدەست ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە نەهامەتیی زۆری بینیوە، کەچی لە دوای ڕاپەڕین وەڵامی کورد بۆ هەموو ئەو تاوان و ستەم و نەهامەتییانە، لێبووردەیی و پاراستنی سەروەریی عێراق بوو! لەگەڵ هاتنی داعش و کەوتنی مووسڵ و شڵەژانی ناوخۆی عێراق بەدەست کارە تیرۆریستیەکانەوە، هەرێم بە دەستێك ڕووبەڕووی تیرۆریستان بووەوە و بە دەستەکەی دیکەشی لە پێشوازیی ئاوارە عەرەبەکاندا بوو، کەچی کورد نەیدەوێرا بچێتە بەغدا و بگرە زۆریش دەرکران، لەوێ بە ناوی مەزهەبییەت و تائیفییەوە دەیان مزگەوت تێك دران و بە هەزارەها خەڵکیش بووە قوربانی، کەچی لێرە ئازادانە و بە ڕێزلێگیراوی دەسووڕێنەوە و، قەتیش بە بیانووی هاتن بۆ کوردستان کەسێك پێی نەگوتراوە لە پشتی چاوت دوو برۆیە..! چما عەرەب چاکە و هەڵوێستی کورد نابینێت؟

کەواتە ئەو هەوڵەی ناقایلە بە ڕیفراندۆم، بە زمانی خۆیان دەڵێن خەمی ئێوەمانە و وەك سۆز و وەفا بۆ کورد دەری دەبڕن و پێیان وایە مەسڵەحەتی کورد لە مانەوەی لەگەڵ عێراقدایە، بە ڕای من زیاتر بۆ هێشتنەوەی کوردە بە ژێردەستەیی لە ناو عێراقێکی پڕ لە کێشمەکێشی سیاسی و مەزهەبی و تائیفیدا، کە ئاسان نییە بتوانێ خۆی لێ قوتار بکات. لەلایەکی دیکەشەوە هیچ ڕێگرییەکی شەرعی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نییە، بگرە ئیسلام مافی گەلانی ڕەچاو کردووە و هیچ گەل و وڵاتێکیش بۆی نییە ئەو مافە لە گەلێکی دیکە زەوت بکات، چونکە خودای گەورە هەر گەل و نەتەوەیەکی بە تایبەتمەندی و لە چوارچێوەیەکی نەوعیدا خوڵقاندووە، کە سەرەنجام میتۆدی هاوکاری و پاڵپشتی و تەعاروف، دەبێتە سەنگی مەحەك لە ئەدای هەر کار و هەنگاوێکی پەیوەست بە خاڵی هاوبەشی نەتەوە و وڵاتاندا.



بەپێی پێوەر و بنەما شەرعییەکانیش بەرژەوەندیی گشتی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوەیە، ڕیفراندۆمیش پرسێکی گشتی و نیشتمانیی گەورە بوو، بوون بە خاوەن دەوڵەت و گەیشتن بە مافی سەربەخۆیی مافێکی ڕەوا و شەرعییە، هیچ دەقێك لە ئیسلامدا نابینیتەوە دژ بێت لەگەڵ ئەو مافە نەتەوەییەدا، لە هەمان کاتدا دەیان بەڵگەی گرنگ هەیە کە باس لە مافی نەتەوەکان دەکات و، کوردیش وەك باقی نەتەوەکانی دیکەی سەر زەوی ئەو مافەی هەیە و، دەبێ هەموو ئەوانەی بڕوایان بە ئیسلام و دیموکراسی هەیە، ددان بنێن بەو مافە نەتەوەیی و شەرعییەی گەلی کورددا.

لێژنەی باڵای فەتوا لە یەکێتیی زانایان بۆ ڕەواندنەوەی هەر ئەگەر و دەنگۆیەکی ناوازە و دژ بە مافی ڕەوای گەلی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا پرسی ڕیفراندۆمی شرۆڤە و گەنگەشە کرد و، دوای بەدواداچوون و توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتەکە، بە هەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنی و بەراوردکردنی لەگەڵ بەڵگە شەرعییەکان و قیاسکردنی لەگەڵ بابەت و حوکمە شەرعییە هاوشێوەکاندا، بە کۆی دەنگی ئەندامان فەتوایەکی تایبەتی لە بەرواری ٢٠١٧/٩/١٧ سەبارەت بە حوکمی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی بڵاو کردەوە، کە تێیدا هاتووە: «گشتپرسی مافێکی سرووشتی و شەرعی و دەستوورییە، ڕاپرسی بۆ گەیشتن بە مافی سەربەخۆیی و بونیاتنانی دەوڵەتی کوردی بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ پرنسیپەکانی شەریعەتی ئیسلامدا ناکۆك نییە»، لە بەشێکی دیکەیدا هاتووە: «ڕاپرسی لە پێناو سەربەخۆیی زەرورەتێکی شەرعی و مافێکی دەستووری و ئەرکێکی نەتەوەییە، بۆیە داوا لە هاونیشتمانیانی کوردستان و دەرەوە دەکەین ئەم هەلە مێژووییە بقۆزنەوە و بە (بەڵێ) دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدەن». لە بڕگەیەکی دیکەدا هاتووە: «داوا لە وڵاتانی ئیسلامی و سەرجەم گەل و وڵاتە ئازادەکان دەکەین، کە بڕوایان بە سەربەخۆیی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ هەیە، ڕێز لە داوا و بڕیاری خەڵکی هەرێمی کوردستان بگرن و هاوکار بن بۆ گەیشتن بە خواست و مافە زەوتکراوەکانی، داوایەکی تایبەتی ئاراستەی وڵاتانی دراوسێ دەکەین، کە ڕێز لە ڕا و داوای برایانی خۆیان بگرن و یارمەتیدەرمان بن بۆ گەیشتن بەم مافە».



# ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٨
# ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٣
# دوو جار گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ نیشتمان



«لە مێژووی ١٠٠ ساڵی ڕابردووی گەلی کورددا لە مستەفا بارزانی شایستەترمان نەبینی سەنتەرێکی لە زانکۆی ئەمریکی بــە نــاوەوە بکەین کە ئەویش سەنتەری مستەفا بارزانی-یە بۆ ئاشتی»
پرۆفیسۆر بنیامین لادنەر
سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن - ١٩٩٨

● **فیکری کاریزما**

## گوتاری فەلسەفەی نەتەوەیە بۆ گەیشتن بە ئازادی

### باراك ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (٢٠٠٩-٢٠١٧)

لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی ٢٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی ئەبراهام لینکۆڵن ڕابەری شۆڕشی نەهێشتنی کۆیلایەتی لە ئەمریکا، ساڵی ٢٠٠٩ لە وتارێکیدا لە بەردەم کاپیتۆڵ هۆڵ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە «کاتێك یادی ٢٠٠ ساڵەی سەرکردەیەکی گەورە و یەکێك لە باوکانی دامەزرێنەر دەکەینەوە، ئامانجمان گێڕانەوەی مێژوو و پیاداهەڵدان بەو ڕابەرەدا نییە، بەڵکو بۆیە یادیان دەکەینەوە بۆ ئەوەی لێیانەوە فێر بین چۆن لە ناو ئاسمانی تەمومژاوی و تاریکدا دڕ بە هەوری ڕەش دەدەین و ڕووناکی بۆ نەتەوە فەراهەم دەکەین، بۆ ئەوەمانە فێر بین چۆن لە ڕۆژگارە سەختەکاندا بڕیاری قورس و بوێر بدەین». ئەوەی لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە باراك ئۆباما ئەو کاتەی کە ئەو گوتارەی پێشکەش کرد «سەرۆکی پارتی دیموکراتی ئەمریکا» بوو، بەڵام ئەبراهام لینکۆڵن دامەزرێنەری «پارتی کۆماریی ئەمریکا»یە، بەڵام جیاوازیی حزبایەتی لە گوتاری فەلسەفەی نەتەوەدا زۆر لەوە گەورەترە کاتێك کاریزمایەك دەگاتە ئەو ئاستەی پێی بگوترێت «باوکی دامەزرێنەری نەتەوە - یان باوکی نەتەوە» لە ڕوانگەی تەسکی حزبایەتییەوە سەیر بکرێت، یان هەوڵ بدرێت لە ڕۆڵە مێژووییەکەی کەم بکرێتەوە.

**کاتێک ململانێی حزبی لە ناو پەرلەمان بگاتە ئەو ئاستەی گوتاری فەلسەفەی نەتەوە بشێوێنێت، ئەوا ئەو پەرلەمانە بێجگە لە داخستن شایانی هیچ ڕێزگرتنێکی دیکە نییە**

ئەگەر جارێکی دیکە هەڵوەستە لەسەر ئەو گوتارەی باراك ئۆباما بکەینەوە کە وەسفی ئەبراهام لینکۆڵنی پێ دەکات، ئەوا ڕاشکاوانە ئەوەمان پێ دەڵێت، ئەو فیکرەی لینکۆڵن کە شۆڕشی دژی کۆیلایەتی پێ هەڵگیرساند و ناچار بوو کاپیتۆڵ هۆڵ دابخات و بڕیاری قورس و بوێر بۆ نەهێشتنی کۆیلایەتی بدات، ئەوە گوتاری فەلسەفەی نەتەوەیەکە کە دەکەوێتە سەرووی کێشمە کێش و ململانێی حزبایەتیی ناو پەرلەمان و کاتێك ململانێی حزبی لە ناو پەرلەمان بگاتە ئەو ئاستەی گوتاری فەلسەفەی نەتەوە بشێوێنێت، ئەوا ئەو پەرلەمانە بێجگە لە داخستن شایانی هیچ ڕێزگرتنێکی دیکە نییە، لەمەش گرنگتر دوای بڕیارە بوێرەکەی لینکۆڵن بۆ پەرپاکردنی شۆڕشی دژی کۆیلایەتی کە گوتوویەتی: لە ئێستا کە شۆڕشمان دژی کۆیلایەتی ڕاگەیاندووە، بینایەکی جوانتر بۆ کاپیتۆڵ هۆڵ دروست دەکەینەوە و دوای سەرکەوتنمان لەم شۆڕشە دەچمە ناو ئەو پەرلەمانە و ئامادەم پەرلەمانتاران لێپرسینەوەم لەگەڵ بکەن». شایەنی باسکردنە ئەو بینا تازەیەی کاپیتۆل هۆڵ کە پەیکەرەکەی لینکۆڵنی لە بەردەم دانراوە، هەمان ئەو بینایەیە کە لینکۆڵن بەردی بناغەی بۆ داناوە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا نەتەوە تەنیا یەك باوکی دامەزرێنەر، یان لە مێژووی نەتەوەدا تەنیا یەك کاریزما ئەو ناسناوە وەردەگرێت؟ ئەگەر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دیسان بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شۆڕشی ئەمریکا و لەناو فەلسەفەی ئەو شۆڕشەوە پێناسەی ئازادی لەناو گوتاری نەتەوەدا بخوێنینەوە، دەبینین لە ساڵی ١٧٧٦ لە ئاهەنگی فڕێدانی سندوقە (چا)کان بۆ ناو ئاوی بۆستن، خەڵکەکە بە یەك دەنگ هاواریان دەکرد: «باج دەدەین بە ئاو، باج نادەین بە پەرلەمانێك کە نوێنەرایەتیی ئێمە نەکات». ئەم دروشمەی ئەمریکییەکان کە بۆ شۆڕش بەرزیان کردەوە، ناوەڕۆکی فەلسەفەی «جۆن لۆك»ـە بۆ دامەزراندنی «حکومەتی مەدەنی» وەك چوارچێوەیەك بۆ ڕێکخستنی ئازادییەکانی نەتەوە. هەر ئەمەش وای کرد دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئەمریکا، یەکەم هەنگاوی شۆڕش ئەوە بوو لائیحەی مافەکانی بۆ هەموو هاووڵاتیانی ئەمریکا ڕاگەیاند بەوەی «هەموو ئەمریکییەك ئازادە»، بەڵام لە پراکتیکدا مافەکانی ئەم لائیحەیە جێبەجێ نەکرا، هەر بۆیە لە ساڵی ١٨٦١ کە لینکۆڵن بووە سەرۆکی ئەمریکا و لەناو فەلسەفەی گوتاری نەتەوە بۆ شۆڕش، جاری شۆڕشی دژی کۆیلایەتی دا، بۆیە لە ڕیزی باوکانی دامەزرێنەر لە قەڵەم دەدرێت، بە هەمان شێوە «وۆردۆ ویلسن» کە کۆتایی بە شەڕی یەکەمی جیهانی دا و مافی سەربەخۆیی بۆ

**ساڵی ١٨٦١ کە لینکۆڵن بووە سەرۆکی ئەمریکا و لەناو فەلسەفەی گوتاری نەتەوە بۆ شۆڕش، جاری شۆڕشی دژی کۆیلایەتی دا، بۆیە لە ڕیزی باوکانی دامەزرێنەر لە قەڵەم دەدرێت**

گەلانی ژێردەستە ڕاگەیاند، دوای ئەویش فرانکلین ڕۆزڤەڵت کە دوو شەڕی گەورەی بردەوە، یەکەمیان شەڕی دژی «هەڵاوسانی گەورەی ئابووری، هەروەها کۆتاییهێنان بە شەڕی دووەمی جیهانی» ماوەی ١٦ ساڵ سەرۆکی ئەمریکا بووە و، لەدوای ڕۆزڤەڵت هەتا ئێستاش تەنیا یەك سەرۆکی دیکەی ئەمریکا ناسنامەی باوکانی دامەزرێنەری وەرگرتووە، ئەویش «ڕۆناڵد ریگان»ـە کە توانی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو زەمینەی ڕووخانی دیواری بەرلین و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد دروست بکات و، لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد لەسەر دەستی جۆرج بوشی باوك بوو، بەڵام ئاراستەکە لە ناو حزبی کۆماریی ئەمریکا و لەسەر دەستی ڕۆناڵد ریگان دروست کرابوو، بۆیە ئەوەش هەر بە سەرکەوتنی ریگان لە قەڵەم دەدرێت، نەك جۆرج بوش.

لە دوای ڕۆناڵد ریگانەوە، سەرۆکەکانی ئەمریکا هەوڵیان داوە کە هەنگاوی زۆر گەورە هەڵبگرن و تەنانەت بانگەشەیان بۆ تەنیا سوپەر پاوەری و حکومەتی گلۆباڵی دەکرد، بەڵام کاتێك ئەم ئامانجانە نەهاتنە دی، ئەوا نەك هیچ کام لەو سەرۆکانە ناسناوی باوکی دامەزرێنەریان وەرنەگرتووە، بەڵکو لایەنگرانی «ئاهەنگی چا – Tea Party» بۆرسەی وۆڵ ستریت دەسووتێنن کە ئەمریکا وەك سیمبولی گەورەیی خۆی لە ئابووریدا سەیری دەکات.

ئەم پێشەکییە بۆ ئەوە بوو بڵێین: کاتێك نەتەوە شکۆ و کەرامەتی خۆی لەناو بیرکردنەوەی ئەو کاریزمایە دەبینێتەوە کە خۆڕسکانە ناسناوی «باوکی نەتەوە»ی پێ دەبەخشێت، ئیدی نەتەوە دەیەوێت هەموو هەست و سۆزی خۆی لە ناو وێنەی کاریزماکە وێنا بکاتەوە، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە لە هەر دوو بۆنەی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی «١٩٥٨ لە سۆڤیەتی پێشوو _ ١٩٩٣ لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە» لە هەست و سۆزی ئەو جەماوەرە گەورەیە بینیمان کە نەك هەر چوارچێوەی جیاوازی حزبی سیاسی تێپەڕاندبوو، بەڵکو جیاوازیی ئایینی و نەتەوەیشی تێپەڕاندبوو، کورد و عەرەب و تەواوی ئایین و نەتەوەکانی دیکە، هەوڵیان دا هەست و سۆزی خۆیان لە ناو وێنەی مستەفا بارزانی وێنا بکەن، لەمەش زیاتر کە دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی گەلی کوردستاندا، ئەوە بوو هەموو لایەنە سیاسییەکان و تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بۆ پێشوازی لە مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانیی هەمیشە زیندوو، ئەو دروشمەیان بەرز کردەوە «مستەفا بارزانی موڵکی تەنیا لایەنێك نییە»، کە بێگومان ئەم دروشمە خۆڕسکەش هەڵقوڵاوی گوتاری فەلسەفەی نەتەوەیە و هەرگیز مستەفا بارزانی موڵکی تەنیا لایەنێك نەبووە و چەتر و ڕابەری هەموو کوردستانییەك و هەموو ئازادیخوازێك بووە.

## ● کاریزمای مستەفا بارزانی لەناو فەلسەفەی کوردایەتیدا

عەبدولسەلام بنعەبدعالی بیرمەندی گەورەی مەغریبی کە یەکێکە لە نووسەرەکانی گۆڤاری گوڵانیش، لە کتێبی «فەلسەفە هونەرێکە بۆ ژیان –الفلسفة فن للعيش»، هەوڵی داوە وەڵامی پرسیارێکی میشیل فۆکۆ بداتەوە «چۆن فەلسەفە بکەینە هونەری ژیان؟ بۆ دەبێت دارێك، خانوویەك، یان چرایەك بابەتێك بن بۆ هونەر، بەڵام ئێمە نەتوانین فەلسەفە بکەین بە هونەر بۆ ژیان؟» لە وەڵامی ئەم پرسیارە گەورەیەدا، بنعەبدعالی پێمان دەڵێت: «ئەو ڕابەرانە دەتوانن فەلسەفە بکەن بە هونەری ژیان، کە دەتوانن گۆڕانکاریی گەورە لە ژیانی نەتەوەی خۆیان و جیهاندا دروست بکەن، ئەو جۆرە ڕابەرە گەورانە دەبێت بەو فەیلەسووفانە لە قەڵەم بدرێن کە نە گوتاری نووسراو و نە کتێبی نووسراویان هەیە، بەڵکو لە ناو واقیعی نەتەوەدا گۆڕانکاریی گەورەیان هەیە، بۆیە نەتەوە لە خوێندنەوەی ئەو وەرچەرخان و گۆڕانکارییە گەورانەی ژیانی لە فیکری ئەو فەیلەسووفە تێدەگات نەك لە گوتار و کتێبە نووسراوەکانی».

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کاتێك ڕابەرێك دەگاتە ئەو ئاستەی فیکری خۆی بکاتە هونەرێك بۆ ژیانی نەتەوەکەی، ئایا نەتەوە لە دیدی خۆیەوە چۆن سەیری ڕابەرەکەی دەکات؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە پرسیارێکی دیکە دەورووژێنین: ئایا نەتەوە چۆن سەیری دەوڵەتی

**کاتێک نەتەوە شکۆ و کەرامەتی خۆی لەناو بیرکردنەوەی ئەو کاریزمایە دەبینێتەوە کە خۆڕسکانە ناسناوی «باوکی نەتەوە»ی پێ دەبەخشێت، ئیدی نەتەوە دەیەوێت هەموو هەست و سۆزی خۆی لە ناو وێنەی کاریزماکە وێنا بکاتەوە**

**لە هەر دوو بۆنەی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی «١٩٥٨ لە سۆڤیەتی پێشوو _ ١٩٩٣ لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە» لە هەست و سۆزی ئەو جەماوەرە گەورەیە بینیمان کە نەک هەر چوارچێوەی جیاوازی حزبی سیاسی تێپەڕاندبوو، بەڵکو جیاوازی ئایینی و نەتەوەیشی تێپەڕاندبوو**

نەتەوەیی خۆی دەکات؟ بێگومان وەك هیگڵ لە «فەلسەفەی ماف» ئاماژەی پێ کردووە، تاکەکانی نەتەوە بەو جۆرە سەیری دەوڵەت دەکەن کە چوارچێوەیەکە بۆ ئازادی و شکۆی نەتەوە و هاووڵاتیان لەناو ئەو دەوڵەتە دەگەنە ئەو ئاستەی بێجگە لە بڕیار و یاسای خۆیان هیچ بڕیار و یاسایەکی دەرەکی جێبەجێ ناکەن، ئەمەش لووتکەی ئەو شکۆیەیە کە نەتەوە لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیدا هەستی پێ دەکات و شانازی پێوە دەکات».

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ چۆن دروست دەبێت؟ مێژووی نەتەوەکانی جیهان پێمان دەڵێت دەوڵەتی نەتەوەیی بە «هەڵگیرساندنی شۆڕشی نەتەوەیی دێتە ئاراوە، بەڵام دیسان ئەو پرسیارە دەکەین: ئەی شۆڕشی نەتەوەیی چۆن هەڵدەگیرسێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش پەنا دەبەین بۆ «هانا ئارنێت» فەیلەسووفی ئەڵمانی کە لە کتێبی «لە شۆڕشدا» پێمان دەڵێت: «کاتێك شۆڕش هەڵدەگیرسێت کە یاساکانی زەوی لای خەڵك بوونی نامێنێت و خەڵك بە یاسای ئاسمان ڕەفتار دەکات، یان بە مانایەکی دی شۆڕش کاتێك هەڵدەگیرسێت کە زەوی و ئاسمان بە یاساکانی ئاسمان هەڵدەسووڕێن»، ئەمە پێمان دەڵێت هەڵگیرساندنی شۆڕش «ئیرادەی پەنگخواردووی نەتەوەیە» کە لە ساتە وەختێکی نادیاردا بریسکەی دەردەکەوێت و، دەبێتە چەخماخە بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش، لەناو بورکانی ئەم تەقینەوە جەماوەرییە خۆڕسکانە جوانترین کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و تێکرای میللەت ڕابەرایەتیی شۆڕش دەدەنە ئەو ڕابەرەی جڵەوی شۆڕشەکە دەگرێت، هەموو لایەکیش خۆڕسکانە پێوەی پابەند دەبن، ئەمەش واتە چۆن ساتە وەختی هەڵگیرسانی شۆڕش نادیارە و خۆڕسکانەیە، بە هەمان شێوە ساتەوەختی دەرکەوتنی ڕابەر و کاریزمای نەتەوەش نادیار و خۆڕسکانەیە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەش قسەیەکی بیرمەندی گەورەی کورد مامۆستا مەسعود محەمەد دەهێنمەوە کە لە دیدارێکی ڕۆژنامەنووسیدا لێم پرسی: وەك بیرمەندێك چۆن سەیری مستەفا بارزانی دەکەیت؟ لەوەڵامدا زۆر بە کورتی پێی گوتم: «مەلا مستەفا بارزانی قەدەرە خۆ من نەمکردووە بە ڕابەر و سەرۆکی کوردستان، من کە بینیومە ئەو هەر سەرۆك و ڕابەر بووە..» ئەم قسانەی مامۆستا مەسعود محەمەد لە ساڵی ١٩٩٨ لە ڕۆژنامەی برایەتی بڵاو کراوەتەوە. ئەگەر هەڵوەستەیەکی بچووك لەسەر بەکارهێنانی وشەی «قەدەر» لە قسەکانی مامۆستا مەسعود محەمەد بکەین، کاتێك دەڵێت «مەلا مستەفا بارزانی قەدەرە»، مانای ئەوەیە دەرکەوتنی کاریزمای مستەفا بارزانی وەك هەڵگیرسانی شۆڕش قەدەرە».

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناو فەلسەفەی کوردایەتی و لەو چوارچێوەیەدا کاریزمای مستەفا بارزانی پێناسە بکەینەوە، دەبینین بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی بۆ کوردایەتی «بیرکردنەوەیەکی سۆفییانە»یە و ئیرادەیەکە دەیەوێت مەعریفەی کوردایەتی بکاتە هێز و دەسەڵاتێك بۆ داکۆکیکردن لە کوردبوون، کوردستانیبوون و مرۆڤبوون.

ئەو دەسەڵاتە «سۆفی و مەعریفییەی» مستەفا بارزانی بۆ فەلسەفەی کوردایەتی بناغەی بۆ داناوە، لەگەڵ بریسکەی شۆڕشی دووەمی بارزان، زۆر لە ناکاو بووە و هەوێنی ئەو کۆنتراکتە کۆمەڵایەتییە خۆڕسکەی هەموو خەڵکی کوردستان «بە تەواوی حزبەکانی ئەو سەردەمە و بە ئەفسەرە ئازادیخوازەکانیشەوە، شەرعییەتی «ڕابەر»یان بە مستەفا بارزانی دا و شەرعییەتی ئەوەیان پێ دا کە بە ناوی شۆڕشی کوردستانەوە لەگەڵ حکومەتی پادشایەتی عێراقی دانوستاندن لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان بکات، هەروەها شەرعییەتی ئەوەشیان پێ دا، چۆن مامەڵە لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەر و جیهانیش بکات، ئەمەش بەردی بناغەی برایەتیی کورد و عەرەبی دانا و شۆڕشی کوردستانی کرد بە شۆڕشێك کە تەنانەت عەرەبیش ڕێزی بگرێت.

کاتێك ڕابەری نەتەوە «ئەوجا ڕابەری هەر نەتەوەیەك بێت» ئەم شەرعییەتە میللییە خۆڕسکە وەردەگرێت، ڕابەر دەگەیەنێتە ئەو شکۆیەی کە هەر تاکێکی نەتەوە بە شکۆی خۆی دەزانێت، ئەم حاڵەتەش خاڵێکی هاوبەشە هەموو نەتەوەکانی جیهان پێکەوە کۆدەکاتەوە.

**«مستەفا بارزانی موڵکی تەنیا لایەنێک نییە» ئەم دروشمە خۆڕسکە هەڵقوڵاوی گوتاری فەلسەفەی نەتەوەیە و هەرگیز مستەفا بارزانی موڵکی تەنیا لایەنێک نەبووە و چەتر و ڕابەری هەموو کوردستانییەک و هەموو ئازادیخوازێک بووە**

**ئەو ڕابەرانە دەتوانن فەلسەفە بکەن بە هونەری ژیان، کە دەتوانن گۆڕانکاریی گەورە لە ژیانی نەتەوەی خۆیان و جیهاندا دروست بکەن، ئەو جۆرە ڕابەرە گەورەیانە دەبێت بەو فەیلەسووفانە لە قەڵەم بدرێن کە نە گوتاری نووسراو و نە کتێبی نووسراویان هەیە**



بۆیە کاتێك باسی کاریزمای مستەفا بارزانی لە فەلسەفەی کوردایەتیدا دەکەین، بە هەمان شێوە بۆ کاریزمای گاندی و دیگۆل و ماندیلا و.. هتد بۆ فەلسەی شۆڕشی ئەو نەتەوانەش وەك شۆڕشی کوردستان بە هەمان شێوە بووە و، لەبەر بوونی ئەم خاڵە هاوبەشە لەناو نەتەوە جیاوازەکانی جیهاندا، ئەوا نەتەوەکان ڕێزی کاریزما و ڕابەرانی نەتەوەکانی دیکەش دەگرن، هەروەك چۆن تەواوی نەتەوەکانی ناوچەکە بە تورك و فارس و کۆی دەوڵەتانی عەرەبی ڕێزیان لە شکۆی کاریزمای مستەفا بارزانی گرتووە.

## ● ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٨
## گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ عێراق

مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٥٨ وەك ڕابەری نەتەوەیەکی زوڵملێکراو و دادانپێدانراو لەسەر ئاستی جیهان بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ عێراق، ئەم بڕیارەش دوای ئەوە هات کە کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم مانای شۆڕشی وەرگرت و دەستووری کاتیی عێراق نووسرایەوە کە تێیدا هاتووە: «عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە»، ئەم بڕگەیەی دەستووری ساڵی ١٩٥٨ی عێراق تەواو مانای ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی مستەفا بارزانییە کە لە ساڵی ١٩٤٣ بۆ گەورە سیاسەتمەداری عەرەبی ئەو سەردەم «عەبدولڕەحمان عەزام پاشا»ی نووسیوە کە پاشان بووە سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی» و تیایدا جەختی لەسەر ئەوە کردووتەوە «شۆڕشی کوردستان دژی نەتەوەی عەرەب نییە و دژی ئەو ڕژێمانەیە کە هەر دوو نەتەوە پێکەوە دەچەوسێننەوە»، ئەمەش نهێنیی ئەو دەسەڵاتە «سۆفی و مەعریفییە»یە کە کاریزمای مستەفا بارزانی لە «فەلسەی کوردایەتی»دا دایڕشتووە و، هەر ئەم دەسەڵاتە مەعریفییەش کاریزمای مستەفا بارزانی لای عەرەبی عێراق دروست کردووە، کاتێك لە قاهیرەوە و دوای دیداری لەگەڵ «جەمال عەبدولناسر کە ئەو کات تەنیا سەرۆك کۆماری میسر نەبوو، بەڵکو خۆی بە ڕابەری هەموو نەتەوەی عەرەب دەزانی، گەڕایەوە بۆ عێراق، پێش گەیشتنی بۆ فڕۆکەخانەی «موسەنا» لە بەغدا ئاپۆرای جەماوەرێکی گەورەی کورد و عەرەب و تەواوی نەتەوەکانی

دیکە بۆ پێشوازی ڕاوەستابوون و، لە سیمای دابەزینی مستەفا بارزانی لە فڕۆکەکە هیوا و ئومێدێکی گەورەیان بۆ ئایندەی برایەتیی کورد و عەرەب و بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ دەبینی، مستەفا بارزانییش ئامادەباشی و پشتیوانیی خۆی بۆ کۆماری عێراق و شەخسی عەبدولکەریم قاسم پیشان دابوو کە لە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە هەموو هاوکارییەکی پێشکەش بکات.

پێشوازی و ئاپۆرای جەماوەی کورد و عەرەب و تەواوی ئایین و نەتەوەکانی دیکە بۆ مستەفا بارزانی لە فڕۆکەخانەی بەغدا، ڕووداوێك بوو پێشتر بۆ هیچ ڕابەرێکی کوردستانی و عێراقی لەو ئاستەدا و بەو شێوە خۆڕسکە نەکرابوو، لەسەر ئاستی کوردستانیش پێش ئەوەی مستەفا بارزانی سەردانی سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان بکات، لە هەموو ماڵێکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر وێنەی مستەفا بارزانی وەك ڕابەر و سیمبولی کوردایەتی هەڵواسرابوو، هەموو خەڵکی کوردستان و تەواوی سەرۆك هۆزەکانی کوردستان لە پێشوازیی ڕابەری کوردایەتیدا بوون.

بەداخەوە ئەقڵییەتی شۆڤێنیی قەومی عەرەبی و ئایدیۆلۆژیای شۆڤێنیی بەعسییەکان بوونە هۆکاری ئەوەی لە جێبەجێکردنی دەستووری ١٩٥٨ حکومەتی عێراق پەشێمان ببێتەوە و سەرەنجامیش گەلی کوردستان لە ساڵی ١٩٦١ ڕاپەری و شۆڕشی مەزنی ئەیلول هەڵگیرسا، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشیش مستەفا بارزانی بە جۆرێك ڕێبەرایەتیی ئەو شۆڕشەی کرد کە حزبی بەعسی لە ساڵی ١٩٧٠ بە شێوەیەك ناچار کرد کە مل بدات و بۆ یەکەمین جار ڕێککەوتنی مێژوویی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە چوارچێوەی دانپێدانان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان واژوو بکات. ئەم ڕێککەوتنە بۆ مافی ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵکی کوردستان، یەکەمین دیکۆمێنتی مێژووییە کە حکومەتەکانی عێراق وەك دیکۆمێنتێکی یاسایی دانیان بە مافەکانی گەلی کوردستاندا نابێت، بناخەیەکیش بوو بۆ ئەوەی ببێتە چوارچێوەیەك هیچ لایەنیکی سیاسی نەتوانێت سازش لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان بکات.

**هەڵگیرساندنی شۆڕش «ئیرادەی پەنگخواردووی نەتەوەیە» کە لە ساتە وەختێکی نادیاردا بریسکەی دەردەکەوێت و، دەبێتە چەخماخە بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش، لەناو بورکانی ئەم تەقینەوە جەماوەرییە خۆڕسکانە جوانترین کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و تێکرای میللەت ڕابەرایەتیی شۆڕش دەدەنە ئەو ڕابەرەی جڵەوی شۆڕشەکە دەگرێت**

## ● ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٣

## گەڕانەوەی مستەفا بارزانی و ئیدریسی هەمیشە زیندوو

سەرۆك مسعود بارزانی لە بەرگی پێنجەمی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد - ڕاپەرین، دەرفەت و ئاستەنگەکان» سەبارەت بە هێنانەوەی ڕوفاتی مستەفا بارزانی و ئیدریسی هەمیشە زیندوو لە ئێرانەوە بۆ نیشتمان نووسیویەتی: «هەر لە ساڵی ١٩٩٢ بیرمان لە هێنانەوەی ڕوفاتی باب و برا کردەوە بۆ بارزان، بەڵام پێویست بوو لە کاتێکی گونجاو دابێت. بڕیارێکی گرنگی کۆنگرەی (١١) هێنانەوەی ڕوفاتیان بوو بۆ بارزان. ڕۆژی ٦ی تشرینی یەکەم ١٩٩٣ هەمان ڕۆژە کە «ساڵی ١٩٥٨ بارزانی لە سۆڤیەت گەڕایەوە»، بە هەلیکۆپتەری ئێرانی جەنازەکان هێنرانە سنووری باشماغ، لە کاتی هێنانەوەی تەرمی جەنابی بارزانیی نەمر و کاك ئیدریسدا خەڵك لە زاخۆوە تا خانەقین لە پێشوازیدا بوون».

ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم چەند دێڕەی سەرۆك مسعود بارزانی بکەین، دەبینین هێنانەوەی ڕوفاتی باب و برای لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ لە ئێرانەوە گرێ داوەتەوە بە گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە هەمان ڕۆژدا کە ٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨ بووە بە گەیشتنەوەی بۆ فڕۆکەخانەی بەغدا. سەرۆك بارزانی دەیەوێت بەم پێکەوە گرێدانەوەی دوو ڕووداوە کە ٣٥ ساڵیان لە نێواندایە وانەیەك بە نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بدات، هەروەك چۆن سەرۆك ئۆباما لە ٢٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی ئەبراهام لینکۆڵن بە گەلی ئەمریکای دا. سەرۆك بارزانی پێمان دەڵێت: ڕابەری کاریزمای خۆڕسك لە ویژدان و ناخی هەموو نەتەوەیەکدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە و هەرگیز گۆڕانکاری بە سەردا نایەت، نەتەوەکانی جیهان چۆن چەندین سەدەیە شکۆی خۆیان لە گیانی ڕابەرە کاریزماکانیان پێناسە دەکەنەوە، بە هەمان شێوە گەلی کوردستانیش لە (٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣) شکۆی خۆیان لە ڕابەر و کاریزمای مستەفا بارزانیدا پێناسە کردەوە.

**ڕابەری کاریزمای خۆڕسک لە ویژدان و ناخی هەموو نەتەوەیەکدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە و هەرگیز گۆڕانکاری بە سەردا نایەت**

ئەو چەند دێڕەی ناو دوو کەوانەکە هەڵهێنجانی ئێمە بوو لەو وانەیەی کە سەرۆك



مسعود بارزانی لەو دوو بۆنە گەورەیەدا پێمان دەڵێت، بەڵام ئەگەر بپرسین ئەم بۆنە گەورەیەی ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ لای سەرۆك بارزانی چی دروست کردووە؟ بێگومان ئەم هەستەی خۆی بە دەق لە کتێبەکەیدا باسی کردووە و دەڵێت: «هەر چەندە ڕۆژی بە خاکسپاردنەوەی جەنازەکان بۆ من ڕۆژێکی بە ئازار بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا سەربەرزی و شانازییەکی گەورە بوو، کاتێك دڵسۆزی و وەفاداریی هەزاران خوشك و برا و جەماوەری کوردستانم بۆ بارزانی بینی، سوکناییم هات و پێی هێور بوومەوە. دوژمنان و ناحەزان وایان دەزانی بارزانی تەواو، بەڵام ئەو ڕاستییە سەلمێنرا کە بارزانی هەمیشە ڕابەرە، لە ژیان و تەنانەت مەرگی خۆشیدا هەر بە ڕابەری مایەوە و دەمێنێتەوە و سەرچاوەی یەکگرتوویی و تەبایی و یەکریزیی گەلی کوردستانە».

کەواتە ئاپۆرا و جۆش و خرۆشی تێکڕای جەماوەری کوردستان لە پێشوازیی ڕوفاتی باوك و برا، ئەو هەستەی لای سەرۆك بارزانی دروست کردووە کە خەڵکی کوردستان پێشوازی لە دوو ڕوفات ناکات، بەڵکو پێشوازی لە دوو ڕۆح دەکات لە ناخ و ویژدانی هەر هاووڵاتییەکی کوردستاندا زیندووە و هەر بە زیندوویش دەمێنێتەوە.

سەرۆك بارزانی هەر لەم بۆنە گەورەیەدا هەستی «دایکە حەمایل»یشمان پیشان دەدات و نووسیویەتی: «دایکم ئەو هەموو وێنە و پێشوازییە گەرم بەربڵاوەی خەڵکی کوردستانی دیتبوو، هەم دڵخۆش بوو، هەمیش ئەو پێشوازییە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەستی دانابوو، پێی گوتم: هەرچەند سوپاسی خەڵك و جەماوەر و خەڵکی کوردستان بکەین، هەر کەمە و شایەنی زیاترن، بەڕاستی سەلماندیان خەڵکی دڵسۆز و بەوەفا و بە ئەمەکن».



ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر بۆ گوڵان:

# جێبەجێکردنی دەیان پڕۆژە لە پارێزگای هەولێر دەستی پێ کردووە

لە ئەمساڵدا ١٣٠ پڕۆژە ئەنجام دراون و ژمارەیەکی دیکەش چوونەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە

چەندین پـڕۆژە و ڕێوشـوێن گیراوەتە بەر بـۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی لافاو

بـە سـێ قۆنـاغ هەڵمەتـی دروسـتکردنی ئـاوەڕۆی قـورس و ڕیسایکلین دەستی پێ کردووە

لە هەولێر و دەوروبەری ١١ پڕۆژەی تۆڕی ئاو و دروستکردنی ئاوەڕۆ جێبەجێ دەکرێن

بەشی دووەمی شەقامی١٥٠ مەتری (شەقامی شەقڵاوە –کۆیە) بە درێژیی ٧,٦ کیلۆمەتر تا کۆتایی ئەمساڵ دەکرێتەوە

١١ قوتابخانە لەلایەن بەخشـەرانەوە دروسـت دەکرێن و ٢٤٠ قوتابخانـەش لەلایـەن دەزگای خێرخوازیـی بـارزانـی نـۆژەن کرانەوە

دروسـتکردنی شـەقامێکی ٣٠ مەتـری لـە گەڕەکـی ژیان و ٢٠ مەتری بۆ شاری شیاو و ٢٠ مەتری لە گەڕەکی پێنجی حەسارۆک

دروستکردنی شەقامە ناوخۆییەکانی گردجووتیار و سەلاحەددین و فەرمانبەران و نەسیج و ڕۆشنبیری و ژیان.

**ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر لەم دیدارەی گۆڤاری گوڵاندا تیشکی خستەسەر دوا پڕۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە بواری پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی ڕێگەوبان و شەقام و ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و پەروەردە و چەندین بواری دیکە جێبەجێ کراون و، وەرچەرخانێکی گەورەی لە بواری فراوانکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکاندا لێ کەوتووەتەوە، هەروەها باس لە جێبەجێکردنی دەیان پڕۆژەی نوێ دەکات. لێرەدا پوختەی دیمانەکەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر بڵاودەکەینەوە.**

*** هەولێر وەکو پایتەختی هەرێمی کوردستان و ناوەندێکی گەورەی بازرگانی و نیشتەجێبوون و گەشتیاری، تا چەند لە توانادا هەیە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و شەقام و کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی لە ئاست ئەم گەورەبوون و فراوانبوونەی پایتەختی هەرێمی کوردستاندا بن؟**

- هەولێر وەکو پایتەختی هەرێمی کوردستان و ناوەندێکی گەورە و گرنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی و چەق و بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، تادێت زیاتر فراوانتر و گەشەکردن بەخۆیەوە دەبینێت، لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەولێر لە ڕووی فراوانی و گەورەبوونەوە گۆڕانکاریی باشی بەخۆوە بینیوە، لە ڕووی پرۆسەی چاکسازی و دەستپێکردنەوەی پڕۆژەکان و زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکانیشەوە وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە، بۆ کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆ لەسەر دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان و باشتر خزمەتکردنی خەڵکی خەباتگێڕی دەڤەری سۆرانیش، پێش ساڵێك لەمەوبەر ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ڕاگەیەندرا و چەند قەزاو ناحیەیەکی نوێیشی بۆ دامەزرا، من وەکو پارێزگاری هەولێر لەو کاتەی دەستبەکار بووم، لە دوای خوالێخۆشبوو دکتۆر فرسەت سۆفی، ئەرکی پارێزگاریکردنی ئەم گەشە و ئارامی و پێشکەوتنانە و دابینکردنی زۆرترین خزمەتگوزاری و پڕۆژەم لەسەر شانە، نەك تەنیا بۆ ناو سەنتەری شاری هەولێر کە بە شێوەیەکی زۆر خێرا و پێوانەیی لە گەورەبوون و گەشەدایە، بەڵکو لە دابینکردنی خزمەتگوزاری و پڕۆژە بۆ تەواوی پارێزگای هەولێر بە هەموو قەزاو ناحیەکانییەوە. من گەشبین و دڵنیام کە لە ئاست خواست و ویستی دانیشتووانی پارێزگای هەولێردا دەبم، چونکە لە سەرەتای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئامانج لە کابینەکە و دیدگای ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیران بۆ حوکمڕانی تاکە میحوەر هاووڵاتییانە، هەر لە ڕاکێشانی خزمەتگوزاری بۆ زەوییەکان و دابینکردنی ئاو و کارەبا و دروستکردنی ئاوەڕۆ و پارك و پەرەپێدانی کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی و پێشخستنی ژێرخانی پارێزگای هەولێر و، دواتر بووژانەوەی سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و گەشتیاری و بەدواداچوونی داواکاری و پێشنیارەکانی چین و توێژەکانەوە، ساڵانی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢ هەر چەندە ساڵێکی سەختی دارایی بوو بەراورد بەو هەموو پڕۆژە و کارانەی هەولێر پێویستییەتی، بەڵام بە تەرخانکردنی بودجە و پاڵپشتیی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم توانرا تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا بە بەهای زیاتر لە ٢٨ ملیار دینار پڕۆژە ئەنجام بدرێت، لەسەرجەم سنوورەکە بەپێی ژمارەی دانیشتووان و ڕیزبەندی گرنگیی پڕۆژەکان کاری باش کراوە، لە بیرمە تەنیا لە سنووری قەزای مەخمورزور لە ساڵێکدا ٥٦ پڕۆژە ئەنجام دراون و لە ئەمساڵیشدا زیاتر لە ١٣٠ پڕۆژە لە پارێزگای هەولێر جێبەجێ دەکرێن. بە شێوەیەکی گشتی وێڕای هەڕەشە و گرفتی کەمیی سیولە و ئاستەنگەکان، لە پڕۆژە و کارە خزمەتگوزارییەکان بەردەوامین،

**لە سەرەتای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئامانج لە کابینەکە و دیدگای ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیران بۆ حوکمڕانی تاکە میحوەر هاووڵاتییانە**

بەڵام بە ڕێژەیەکی باش بە پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەت و پشتگیریی دانیشتووانی سەر بەرزی هەولێر، توانیومانە بەسەر زۆربەی گرفت و کێشەکاندا زاڵ بین، جوانترین نموونەش لە هاوینی ئەمساڵ بوو کە مەترسیدارترین کێشەی کەمیی ئاو و وشکەساڵیمان بەسەرکەوتوویی تێپەڕاند. کاروانی ئاوەدانی و ئارامی بە هیچ شێوەیەك ڕاناوەستێت و بەردەوام دەبێت.

*** وەکو ئاماژەت پێ دا، لە وەرزی هاوین و وشکەساڵیدا لە ئەگەری کەوتنەوەی قەیرانێکی سەختی کەمئاوی سەرکەوتوو بوون، ئایا بە هەمان شێوە بۆ وەرزی زستان و بارانبارین لە هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری دروستبوونی لافاو سەرکەوتوو دەبن؟**

- وشکەساڵی و کەمئاوی و دروستبوونی لافاو دوو بابەتی مەترسیداری جیهانییە، لە کابینە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتدا کار کراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوەی هەولێر و، بەشێکی باشی چارەسەر کراوە، بەڵام فراوانبوون و گەورەبوونی شار و شارۆچکە و ناوەندی قەزا و ناحیەکان و بەرزبوونەوەی داواکاریی خەڵك بۆ ئاوی خواردنەوە و وشکەساڵی و وشکبوونی هەندێك لە بیرەکانی ئاوی خواردنەوە، هەمووی وا دەکەن بەردەوام بین لە دروستکردنی پرۆژەی نوێی ئاو، من لە ماوەی دەستبەکاربوونم کاری جددیم کردووە لەسەر چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان، جوانترین نموونەش هاوینی ئەمساڵ بوو کە وێڕای وشکەساڵی و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی بە ڕادەیەك هەموو پێشبینییەکان بەرەو ئەوە دەچوون کە قەیرانێکی توندی ئاوی خواردنەوە ڕوو بدات، بەڵام ئەوە پاڵپشتیی بەڕێزان جەنابی سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان و تیمەکەی بوون کە ڕێگە نەدرا ئەم کێشەیە ئاڵۆز بێت، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دەستپێکی کارکردنمەوە دڵنیای کردمەوە کە بە هەموو شێوەیەك لە خزمەتی خەڵکدا دەبین، بۆ ئەم مەبەستە نەخشەی کارمان و دیدگامان بۆ خزمەتکردنی خەڵکی هەولێر و پارێزگاکە بۆ بەڕێزیان ڕوون کردووەتەوە و پابەندم بە جێبەجێکردنی و سوپاس بۆ خودای گەورە و میهرەبان و خەڵکی هەولێریش کە پاڵپشتم بوون.

هەر سەبارەت بە تێکچوونی ژینگە و گۆڕانکاریی خراپ لە ڕیتمی بارانبارین، ئەگەرێکی کراوەی دروستبوونی لافاو هەبووە و هەیە، تەنانەت ئەم حاڵەتە لە ئاسیا و ئەورووپا و وڵاتانی پێشکەوتوو ڕوو دەدات، بەتایبەتی لە شارە گەورەکان، لە شاری هەولێریش بەسەرکەوتووانە توانیمان قەرەبووی زیانلێکەوتووانی لافاوی ساڵی ڕابردوو بکەینەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لە هەڵمەتێکی گەورەی پارێزگا و وەزارەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکاندا کە بە سەدان ئامێر و کرێکار تێیدا بەشداربوون، هەڵمەتی پاککردنەوەی ئاوەڕۆ و مەنهۆڵەکان و پاککردنەوەی ڕێڕەوە سرووشتییەکان ئەنجام درا، تاوەکو تووشی مەترسیی کۆبوونەوەی ئاوی زیادە و دروستبوونی لافاو نەبین. جگە لە پاککردنەوەی مەنهۆڵ و ڕێڕەوە سرووشتییەکان، هەڵمەتێکی دیکەی دروستکردنی ئاوەڕۆی قورس و ڕیسایکلینکردنی ئاوی هەولێر بە سێ قۆناغ دەست پێ دەکات، بۆ ئەوەی ئاوی ماڵان بەفیڕۆ نەچێت و، جارێکی دیکە دوای خاوێنکردنەوە بۆ پارك و پاخچەکان بەکار بهێنرێتەوە، هەر لەم چوارچێوەیەدا لە شاری هەولێر لە دوو ڕۆژدا کۆنفرانسی لافاوی شاری هەولێر بەڕێوەچوو، تێیدا هۆکار و چارەسەرەکان خرانە ڕوو، بەدواداچوونێکی جددی دەکەم بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکە، بە شێوەیەکی گشتی لە هەولێر ١١ پرۆژەی خزمەتگوزاری لە بواری تۆڕی ئاو و دروستکردنی ئاوەڕۆ و پەرەپێدانی پرۆسەی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە لە نێو شاری هەولێر و دەوروبەری جێبەجێ دەکرێت، لە ناویدا پرۆژەی ئاوەڕۆی گەڕەکی بێتواتە و دانانی تۆڕی ئاوی خواردنەوەی گەڕەکی گەڕەسۆر و تەعجیل درێژکردنەوەی تۆڕی ئاو و بەستانی ئاوی ئیفراز لە گەڕەکی قەڵای نوێ و دانانی تۆڕی ئاو لە گوندی شێخەشەل و چەندین پرۆژەی بەستانی بیر و ئاوەڕۆی لوولەیی لە بەختیاری و گۆڕینی بۆریی ئاو لە گوندی حوجران و ناحیەی باسرمە و دروستکردنی ئاوەڕۆی لوولەیی لە ناحیەی بەحرکە هەیە.

ئەمساڵ هەر لە وەرزی هاویندا کۆمەڵێك

**به تەرخانکردنی بودجە و پاڵپشتیی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم توانرا تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا بە بەهای زیاتر لە ٢٨ ملیار دینار پرۆژە ئەنجام بدرێت**

**تەنیا لە سنووری قەزای مەخموزور لە ساڵێکدا ٥٦ پرۆژە ئەنجام دراون و لە ئەمساڵیشدا زیاتر لە ١٣٠ پرۆژە لە پارێزگای هەولێر جێبەجێ دەکرێن**



ڕێکارمان دەست پێ کرد بۆ کەمبوونەوەی لافاو لە هەولێر و لەو پێناوەشدا چەند پرۆژەیەکی دیکەش لە ڕێگەی پیرمام و بنەسەڵاوە و نزیك ئەو شارانەی کە ساڵی ڕابردوو لافاویان تێدا ڕووی داوە جێبەجێ دەکرێن، بۆیە لە ڕێگەی گۆڤارەکەتانەوە ستایشی ڕۆڵ و ماندووبوونی فەرمانبەرانی خزمەتگوزاری و تیمەکانیان دەکەم.

**سوپاس بۆ خودا گەنجان لە ئاستێکی بەرزی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزیدان بۆ خاک و شارەکەیان، منیش لە هەوڵی بەردەوامدام بۆ دەستپێکردنەوەی قەرزی بچووک بۆ گەنجان**

*** پارێزگای هەولێر و ناو سەنتەری شاری هەولێر بە ڕێگەوبانی باش و شەقام و ڕێگەوبانە نێوخۆییەکانی ناسراوە، بەڵام کاری نۆژەنکردنەوە و فراوانبوونیش هەر لە زیادبووندایە، بۆ پارێزگاری لەم دەستکەوتە چ پرۆژەیەکتان لە بەردەستدایە؟**

- ڕێگەوبانەکان بوونەتە پێداویستییەکی ئەم سەردەمەی هاووڵاتیان و داواکارییەکی زۆری لەسەرە، تەنانەت پەیوەندی بە سەلامەتی و ژیان و بژێوی هاووڵاتیانیشەوە هەیە، لەم ڕوانگەیەوە خۆشبەختانە بە پاڵپشتیی ئەنجومەنی وەزیران و لەسەر داهاتی ناوخۆی پارێزگاکە، بە دوو ئاراستە کاری گەورە و جوان کراون.

یەك: لەسەر ئاستی پارێزگا و ڕێگەکانی نێوان هەولێر و قەزاو ناحیەکان و بەدووسایدکردنی زۆربەی ڕێگەوبانەکان، کە لەم دواییەدا ڕێگەی خەلیفان بوو بەردی بناغەی بۆ دانرا لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و، دروستکردنی تونێل و نۆژەنکردنەوەی ڕێگەوبانەکان، هەموو ئەمانە نموونەیەکی جوان و مۆدێرنی ڕێگەوبانن، بەتایبەتی لە نێوان پارێزگای هەولێر و پارێزگای دهۆك کە شادەماری بازرگانی و ئابووری و گەشتیاری و هاتووچۆی هاووڵاتیانە، لە ساڵی داهاتووش وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون کۆمەڵێك پرۆژەی گەورە و ستراتیژیی دیکەی لە بەردەمدایە بۆ بەدووسایتکردنی ڕێگەوبانەکان.

دوو: لەسەر ئاستی ناو سەنتەری شاری هەولێر، دروستکردنی شەقامەکانی ١٢٠ و ١٥٠ و چەند شەقامێکی دیکەی ٦٠ مەتری و بە سەدان کیلۆمەتر قیرتاوکردنی ڕێگەوبان و شەقامە نێوخۆییەکان لە سەرتاسەری پارێزگاکە، بەڵگەی ڕوون و ئاشکران، کە تیمەکانی شارەوانی بەردەوامن لە گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ گەڕەك و شەقامەکانی ناو شاری هەولێر پێش دەستپێکردنی بارانبارین، بە دەیان پرۆژەی قیرتاو و نۆژەنکردنەوە و کار لە گەڕەکەکانی کوێستان و (پێنج و هەشتی



حەسارۆك) و تەیراوە و فەرمانبەران و بازاڕی تەیراوە و قیرتاوکردنی پارکی پێشمەرگە و، لە کەسنەزان و لە پێشانگای ئۆتۆمبێل و دەیان گەڕەکی دیکەی ناو شاری هەولێر ئەنجام دەدرێت، وابزانم شەقامی ١٢٠ مەتریی هەولێر و نزیکبوونەوەی تەواوبوونی بەشی دووەمی شەقامی ١٥٠ مەتری شەقامی (شەقڵاوە — کۆیە) تا کۆتایی ئەمساڵ دەکرێتەوە و لە ٩٥٪ی کارەکانی بە درێژیی ٧,٦ کیلۆمەتر تەواو بووە، هەروەها قیرتاوکردنی شەقامێکی ٦٠ مەتری لە نێوان شەقامی خێرای ١٢٠ مەتری و کەندی کۆرنیش لە گەڕەکی کوێستان و زیلان و پێنچی حەسارۆك.

لەسەر بودجەی پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر شەقامی چەند گەڕەکێکی ناوخۆی شارمان دەست پێ کردووە، ژمارەیەکیشیان تەواو بوون، لەوانە بە گوژمەی ٧٨٥ ملیۆن دینار دەست کرا بە قیرتاوکردنی شەقامە ناوخۆییەکانی گەڕەکی سیمی خاتووناوا و، بە گوژمەی ٢١٤ ملیۆن دینار چەند شەقامێکی گەڕەکی ڕۆشنبیری کۆتایی هات، بە گوژمەی زیاتر لە یەك ملیار و ٧٠٠ ملیۆن دینار پرۆژەی قیرتاو و ئاوەڕۆی گەڕەکی ئاسوودە دەستی پێ کرد.

*** پێش ئەوەی پۆستی پارێزگار وەربگریت، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابییان و لاوان کارت کردووە، لە زۆربەی چالاکییەکانی لاوانیشدا بەشداریت، پرسیار ئەوەیە تا چەند پارێزگاری هەولێر بەردەوامە لە پاڵپشتی و هاندانی لاوان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان؟**

- بێکاری لە نێو گەنجان و دۆزینەوەی هەلی کار، خەمی سەرەکیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، سەرۆك وەزیران بەردەوام پاڵپشتی دۆزینەوەی هەلی کارە بۆ گەنجان لە ناو کەرتی تایبەت، بۆ ئەم مەبەستەش لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا تەوەرێکی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەکارخستنی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە نێو کۆمپانیا و پرۆژەکاندا بۆ سەرووی ٧٠٪، لەسەر ڕاسپاردەی جەنابیان لە سەرجەم دیدار و کۆبوونەوەکانیشمدا جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکەمەوە، من خۆم بە خەمخۆری ئەم توێژە دەزانم و سوپاس بۆ خودا گەنجان لە ئاستێکی بەرزی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزیدان بۆ خاك و شارەکەیان، منیش لە هەوڵی بەردەوامدام بۆ دەستپێکردنەوەی قەرزی

**لە هەولێر ژمارەیەکی زۆری کارگە و کۆمپانیا و بەڵێندەر کار دەکەن، خۆ ئەگەر ژمارەی ئەو کرێکارانەی کار دەکەن لە خەڵکی خۆماڵی بن و ڕێک بخرێنەوە هەلی باش بۆ گەنجان دەستەبەر دەکەین**

بچووك بۆ گەنجان، هەر لەبواری گەنجان ئێمە لە پارێزگا دەرگامان والآیە بۆ پاڵپشتی و پشتگیریی هەموو چالاکییەکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشی، هەر لەسەر بودجەی پارێزگای هەولێر گەلەری میدیا کە ڕەمزێکی هونەرییە لە شاری هەولێر بە دیزاینێکی نوێ و سەردەمییانە نۆژەن دەکەینەوە، لە هەولێر ژمارەیەکی زۆری کارگە و کۆمپانیا و بەڵێندەر کار دەکەن، خۆ ئەگەر ژمارەی ئەو کرێکارانەی کار دەکەن لە خەڵکی خۆماڵی بن و ڕێك بخرێنەوە هەلی باش بۆ گەنجان دەستەبەر دەکەین، حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بە گەنجان و تواناکانیان دەدات، ئێمەش لە هەموو کار و پڕۆژەکانی گەنجاندا پاڵپشتیان دەبین.

*** شار لە گەورەبووندایە و بینایە و پڕۆژەی زۆر گەورە جێبەجێ دەکرێن و شەقام و ڕێگەوبانەکانیش لە زیادبووندان. ئایا ئەمە مەترسیی کەمبوونەوەی ڕێژەی سەوزایی و پیسبوونی ژینگەی لێ ناکرێت؟**

- هەموو ساڵێك تیمەکانی هەڵمەتی چاندنی نەمام و سەوزکردنی هەولێر بە سوودوەرگرتن لە نەمامگەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی پارك و باخچەکانی سەر بە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر، هەڵمەتێکی نەمام و سەوزکردنی هەولێر ئەنجام دەدەن، هەر لە دواکۆبوونەوەماندا یەکێك لە تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە گرنگیی پاراستنی ڕێژەی سەوزایی، بەڵام ئەمە پێویستی بە بەشداریی هاووڵاتیان و هەڵمەتێکی فراوانی هوشیاری و ژینگەپارێزی هەیە، لە ئێستادا سەرقاڵی ئەوەین هەر پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان و بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیاری پابەند بکەین بە سەوزکردن و ڕواندنی ژمارەیەکی زۆری نەمام و بەخێوکردنی و پاراستنی، بەڵێ منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام، کار وا بڕوات بە دەستی خۆمان ژینگەی جوانی هەولێر تێك دەدەین و پانتایی سەوزایی کەم دەکەینەوە، بەمەش فلتەری خاوێنکردنەوەی شار لەو هەموو دووکەڵ و پیسی و ژەهرە لەدەست دەدەین. هیوادارم وەزارەتی شارەوانی ژمارەیەکی زۆر لە باخچەی ناو گەڕەکەکان ئاوەدان بکاتەوە و هەڵمەتی نەمام ڕواندن لەو باخچانەدا دەست پێ بکات، هەروەها پڕۆژەی ستراتیژیی پشتێنەی سەوزایی پایتەخت جێبەجێ بکرێت، من لێرەدا داواکارییەکم لە سەرجەم وەزارەتەکان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەر پڕۆژە و کارێك ئەنجام دەدەن، با لە ناو تەندەری پڕۆژەکەدا با بەشێکی کەمی بودجەی پڕۆژەکەش بێت، بۆ سەوزکردن و نەمام چاندن تەرخان بکەن، ناکرێت پڕۆژەیەکی کارەبا و ئاو و بینایە و باڵەخانەیەك بە سەدان ملیۆن دینار جێبەجێ بکەن، کەچی شوێنی باخچە و پارکەکەی بیابان بێت و کاری لەسەر نەکەن، من نامەوێت هەموو کارێك بە سزا و بە زۆر بسەپێنم، دەبێت هاونیشتمانیانیش بەم ئەرکە ئایینی و نەتەوەیی و مرۆڤایەتییە هەڵسن و هاوکارمان بن.

*** پرسیارەکانمان زۆرن و بوارمان کەمە، دەکرێت بە کورتی باسی بارودۆخی کەرتی پەروەردە لە سنووری پارێزگای هەولێر بکەن؟**

- ژمارەی قوتابیان لە زیادبووندایە و خواست لەسەر کەرتی پەروەردە لە هەڵکشاندایە، بە خۆشحاڵییەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارکردن لەسەر کەرتی پەروەردەی لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانی داناوە، لە چوارچێوەی بەرنامە و کارەکانی وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، کاری باش ئەنجام دراوە، کە جگە لە دروستکردنی چەندین قوتابخانەی ١٨ پۆلی، لەم دواییەدا لە کۆمەڵگەی پیرزین بە گوژمەی یەك ملیار و ٨٤١ ملیۆن دینار قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلی دروست کرا و چەندین پڕۆژەی دیکەی بینایەی قوتابخانە کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، دڵخۆشین بەوەی ١١ قوتابخانە لە لایەن بەخشەرانەوە دەستی پێ کردووە و ٢٤٠ قوتابخانەی دیکە لە لایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانی نۆژەن کرانەوە، سیاسەت و بەرنامەی ئێمە ئەوەیە زیاتر گرنگی بەو ناوچانە بدەین کە خەڵك و توێژێکی مامناوەند و هەژارنشینن، لە بواری قوتابخانەشدا لەو گەڕەکە هەژارنشینانە کاری باشمان کردووە و قوتابخانەی زۆرمان نۆژەن کردەوە، لە ساڵی داهاتووشدا چەندین پڕۆژەی دیکە دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە. لە کۆتایی ئەم هەفتەیەشدا ڕێزدار مەسرور

**ناکرێت پڕۆژەیەکی کارەبا و ئاو و بینایە و باڵەخانەیەک بە سەدان ملیۆن دینار جێبەجێ بکەن، کەچی شوێنی باخچە و پارکەکەی بیابان بێت و کاری لەسەر نەکەن**

**زۆرترین ڕێژەی بەستنی پێوەری زیرەکیش لە پارێزگای هەولێر تۆمار کرا، کە ڕۆڵی لە کەمبوونەوەی بەرچاوی سووتانی موحاویلە و سەرپێچی و بێسەروبەری کەرتی دابەشکردنی کارەبا هەبووە**

بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە ئاهەنگی دەرچوانی خولی چل و یەکەمینی زانکۆی سەلاحەدین کرد و، لە وتەیەکیدا جەختی لەسەر گرنگی و ڕۆڵی زانکۆی سەلاحەدین کردەوە، کە بە زانکۆی دایکی ناوبرد لە پرۆسەی پێگەیاندنی لاوان و بونیاتنانی هەرێمی کوردستان، بەڕێزیان ئەوەشی خستە ڕوو کە هەموو هەوڵ و کۆششێك دەخەنەگەڕ بۆ چاکسازی و پەرەپێدانی خوێندن و فێربوون، لەمپەر و ئاستەنگ و هێرش و دەستدرێژییەکانیش نابنە لەمپەر لە بەردەم کاروانی ئاوەدانیدا.

من حەزم کرد لە بواری کارەباشدا پرسیار بکەن، چونکە پێشتر پارێزگای هەولێر بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە زۆر پرۆژەی هێڵ و دروستکرنی وێستگەی گۆڕین و تەنانەت وێستگەی بەرهەمهێنانی ئیش و کاری تێدا ڕاوەستا بوو، ئەوەتا وێستگەی ٣٠٠ مێگاواتی خەبات و بە دەیان وێستگەی گەورە و مۆبایلی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا و ڕاکێشانی فیدەر بۆ گەڕەك و ناوچەکان لە پارێزگاکە تەواو کراون و بارگرانییەکی زۆری لەسەر هەولێر کەم کردەوە، زۆرترین ڕێژەی بەستنی پێوەری زیرەکیش لە پارێزگای هەولێر تۆمار کرا، کە ڕۆڵی لە کەمبوونەوەی بەرچاوی سووتانی موحاویلە و سەرپێچی و بێسەروبەری کەرتی دابەشکردنی کارەبا هەبووە، بەم نزیکانەش وێستگەی گەورەی گواستنەوەی کارەبای شاوەیس لە مەراسیمێکدا دەکرێتەوە، ئەم پرۆژە و کارانە بونیاتنانی ژێرخانی هەولێرە، بە خۆشحاڵییەوە کەرتی تایبەت و وەزارەتی کارەبا دەستی کردووە بە گرنگیدان و هاندانی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر، کە وزەیەکی دۆستی ژینگەیە و سووتەمەنی ناوێت و پاك و خاوێنە، ئێمەش لە پارێزگای هەولێر پاڵپشتی دەکەین و لەم نزیکانەدا بەردی بناغە بۆ چەند پرۆژەیەکیش دادەنێین. هەولێر خاوەنی چەندین شاکار و پرۆژەی گەورە و بونیاتنانی ژێرخانە، کە بە پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەت و پشوودرێژی و پشتگیریی خەڵکە دڵسۆزەکەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گەشە و بووژانەوەی بەردەوامدایە.

*** سەبارەت بە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، تاچەند هەماهەنگی و هاوکاریتان بۆ پاڵپشتی و پارمەتیدانی ئەو ئیدارە سەربەخۆیە هەیە؟**

- دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بە سەر ئیدارەی سەربەخۆی سۆراندا پیرۆزبایی لە خەڵکی دەڤەری سۆران دەکەم، لەو ماوەیەدا هەشت بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و چەندین بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەیان بۆ دامەزراوە، کە ڕۆڵی لەسەر کەمبوونەوەی قەرەباڵغی و کارەکانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی هەولێر هەبووە و کارئاسانیی زیاتری بۆ بەڕێوەچوونی مامەڵەی هاووڵاتیان کردووە، وەکو پارێزگای هەولێر کە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لەناو چوارچێوەی ئەم پارێزگایەدایە، ئامادەیی هەموو هاوکاری و پاڵپشتییەکمان بۆیان بووە، هەر لەو ساڵیادەدا بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەك دانرا.

*** لە سنووری پارێزگای هەولێر چەند کەمپی ئاوارەکان هەن، حکومەتی عێراق بڕیاری داخستنی کەمپەکانی داوە، ئایا لەمەدا هیچ کێشەتان بۆ دروست بووە؟**

- هەولێر و هەولێرییەکان بە میواندۆستی ناسراون، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرترین ئاوارە و پەناهەندە ڕووی لەم شارە کردووە و، چەندین کەمپی گەورەمان بەڕێوە بردووە، ئەمەش فشار و پاڵەپەستۆیەکی زۆری لەسەر فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان دروست کردووە، ئەمە وێڕای دابینکردنی پێداویستییەکانیان، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کەمپی ئاوارەکان دابخرێت و میوانەکانمان بە زۆرەملێ بنێرینەوە و هەرگیز ئەم کارە ناکەین، بۆ دابینکردنی پێداویستیی کەمپەکان بە هاوکاریی ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی و یو ئێن و دەزگای مرۆییەکانی دیکە لە هەوڵەکانمان بەردەوامین، بەردەوامیش پرۆژەی خێرخوازی و دابینکردنی ئاو و کارەبا و پێداویستییە پزیشکییەکان و قوتابخانەکان جێبەجێ دەکەین، ئومێدەوارین حکومەتی عێراقیش بەم ئەرکەی خۆی هەڵسێت و هیچ نەبێت هاوکاریی خەڵکەکەی خۆی بکات.

**ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کەمپی ئاوارەکان دابخرێت و میوانەکانمان بە زۆرەملێ بنێرینەوە و هەرگیز ئەم کارە ناکەین**

**بۆ دابینکردنی پێداویستیی کەمپەکان بە هاوکاریی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و یو ئێن و ڕێکخراوە مرۆییەکانی دیکە لە هەوڵەکانمان بەردەوامین**



## ئەندازیار ڕێبین ئەحمەد حەوێز

**بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر بۆ گوڵان:**

# سەرەڕای وشکەساڵی و کەمئاوی یەک باخچە و پارکی هەولێر ڕووبەڕووی لەناوچوون نەبووەتەوە

**هەبوون و زیادکردنی ڕێژەی ستانداری سەوزایی شان بە شانی بەرفراوانبوونی شاری هەولێر، گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە و پرسێکە پێویستە بایەخی جددی و بەرچاوی پێ بدرێت، ئەم بابەتە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ئەندازیار ڕێبین ئەحمەد حەوێز بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** زۆر باس لە گرنگی و پێویستیی سەوزایی دەکرێت لە شارەکاندا، ئایا ڕێژەی سەوزایی لە ناو شاری هەولێر چەندە و تا چەند لە ئاستی ستانداردی نێودەوڵەتیدایە؟**

- لە ڕاستیدا ڕێژەی سەوزایی ناو شاری هەولێر تا ئێستا (١٨,٥٪)ـە بە پێوەری ڕووبەر، چونکە پێوەر بۆ دیاریکردنی ڕێژەی سەوزایی زۆرە و ئەو ڕێژەیەی ئێمە دیاریمان کردووە بە پێی ڕووبەرە لە سنووری سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر، کە سنووری هەر شەش بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی ناو هەولێر دەگرێتەوە، ئەگەرچی ڕێژەی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ سەوزایی هەر شارێك لە نێوان ٣٠ تا ٣٥٪ـە، بۆیە لە ڕووی ڕێژەی سەوزاییەوە شاری هەولێر زۆری ماوە بگاتە ستانداردی نێودەوڵەتی، بۆ زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی پلان و بەرنامەمان هەبوو، بەڵام لەبەر قەیرانی دارایی نەتوانراوە پلان و بەرنامەکان بە تەواوی جێبەجێ بکرێن، ئەوە بوو لە ڕێگەی ئەو نەمامگانەی خۆمان کە چەندین نەمام و دار و درەختیان تێدا بەرهەم دێت و ئەو بەرهەمە ناوخۆییانە لە باخچە و پارك و نێوان شەقامەکاندا دەچێنین، بەو هۆیەوە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا توانیومانە ڕووبەری سەوزایی ناو شاری هەولێر بە ڕێژەی ١,٥٪ زیاد بکەین.

*** لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر پارك و باخچە لە ناو شاری هەولێر هەن، بەڵام ئەو زۆری و بەرفراوانییە پێویستیان بە زیاتر بەڕێوەبردن و نۆژەنکردنەوە هەیە، ئایا بۆ تەمویل و نۆژەنکردنەوەی پارك و باخچەکان چیتان کردووە؟**

- بێگومان لە ئەنجامی ئەوەی کە ڕۆژانە خەڵك سەردانی باخچە و پارکەکان دەکەن، بەشێکیان لێرە و لەوێ سەوزایی و دارودرەختەکانیان وشك دەبن و تێك دەچن، یان لەناو دەچن، بۆ ئەمەش دەبێت پلانێك هەبێت بۆ نۆژەنکردنەوەیان، ئەگەرچی وەك باسمان کرد، قەیرانی دارایی کاریگەریی زۆری لەسەر ئەو لایەنەش هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ستافی بەڕێوەبەرایەتیی خۆمان هەیە و لە ڕێگەی ئەو دەرماڵەی هەمانە دەتوانین هەندێك نۆژەنکردنەوە بۆ پارك و باخچەکان بکەین، ئەو بەشانەش سەر لەنوێ چاك بکرێنەوە، یان نۆژەن بکرێنەوە بۆ هەموو باخچە و پارکەکان ئەو کێشە و گرفتانەی هەیە لە بەشی هونەریماندا دەرخستەمان ئامادەیە و هەموو دەرخستەکانیش بۆ سەرووی خۆمان بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ڕەوانە کراون. هەروەها ڕێنمایی تایبەت هەیە بەوەی هەر پارك و باخچەیەك ئەگەر ١٠بۆ ١٥ساڵ بەسەریدا تێپەڕێت، پێویست بەوە دەکات هەموو بەش و بڕگەکانیان نۆژەن بکرێنەوە. هاوکات پلانی ئامادەکراو و دەرخستەشمان ئامادەیە بۆ دروستکردنی پارك و باخچەی دیکە، بەپێی بەرفراوانیی ئەو گەشەکردنەی لە ناو شار بەدی دەکرێت.

*** هەولێر بەوە ناسراوە ژمارەیەکی زۆری شوێن و پانتایی زەوی بۆ باخچە و پارك لە ناو گەڕەکەکان و یەکەی نیشتەجێبوونەکاندا دیاری کراوە، ئایا بۆچی ساڵانە هەندێك لەو پارك و باخچانە دروست ناکرێت؟**

- ئێمە وەك شارەزا و ئەندازیار هەندێك تێبینیمان لەسەر دابەشکردنی سەوزایی لە گەڕەك و یەکەنیشتەجێبووەکاندا هەیە، بۆیە کارەکە هەر ئەوە نییە کە پارچەیەك زەوی لە گەڕەکێك، یان لەشوێنێکی نیشتەجێبوون تەرخان بکەیت، بەڵکو پێویستە پێداچوونەوە بە دیاریکردنی شوێنی سەوزاییدا بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە شوێنی نیشتەجێبوون لە گەڕەکەکاندا تەنیا چەند شوێنێکی بچووك نەبێت و نەکەوێتە ناو ماڵان، کە لە چەندین گەڕەك بووەتە هۆکاری گرفتی

**ڕێژەی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ سەوزایی هەر شارێک لە نێوان ٣٠ تا ٣٥٪ـە، بۆیە هەولێر زۆری ماوە بگاتە ستانداردی نێودەوڵەتی**

**لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا توانیومانە ڕووبەری سەوزایی ناو شاری هەولێر بە ڕێژەی ١,٥٪ زیاد بکەین**

**ئێمە ستافی بەڕێوەبەرایەتیی خۆمان هەیە و لە ڕێگەی ئەو دەرماڵەی هەمانە دەتوانین هەندێک نۆژەنکردنەوە بۆ پارک و باخچەکان بکەین**

کۆمەڵایەتی، بەڵکو هەموو ئەو رووبەر و پارچە زەوییانەی بۆ سەوزایی و باخچەی گەڕەکێك تەرخان دەکرێت، ئەوە بکرێنە یەك ڕووبەری بەرفراوان و لە لایەکی گەڕەکەدا دابنرێت، کە بەمە سەوزایی و پانتاییەکە سوودی زیاتر دەبێت و کاریگەری و گرفتیش بۆ هیچ کەس و ماڵێك لەو گەڕەکە دروست ناکات، بۆ ئێمەش خزمەتکردنی ئاسانتر دەبێت، هەر بۆ نموونە لە کاتێکدا ڕێژەی ٢٥٪ی گەڕەکێك دادەنرێت بۆ چەند باخچەیەکی بچووك لە چەند شوێنێکی ناو گەڕەکەکە ئەو ٢٥٪لە هەمووی بکرێتە یەك شوێن لە یەك لای گەڕەکەکە. بۆیە داواکارین لە لایەنی پەیوەندیدار نوێنەری ئێمە لە نەخشەدانانی ئاوەدانیدا بۆ پرس و ڕاوەرگرتن لەسەر باخچە و پارکەکان هەبێت، لەلایەکی دیکە لەگەڵ دروستکردنی هەر گەڕەکێکی تازە شوێن تەرخان کراوە بۆ باخچە و پارك، بەڵام لە بەر قەیرانی دارایی لە چەند ساڵی ڕابردوو نەمانتوانیوە لەو گەڕەك و شوێنانە باخچە و پارکی تازە دروست بکەین، ئەگەرچی ئێمە بەپێی ئەو بەرنامەی داماننـاوە لەو پارچە زەوییانەی تەرخان کراون بۆ سەوزایی، بەکارمان هێناون، وەك غابات کە تێیاندا دار و درەختمان بە شێوەیەکی ئەندازەیی چاندووە، کە ئەمەش لە ڕووی سەوزایی و پاراستنی ژینگەشەوە سوودی خۆی دەبێت.

*** ئایا زێدەڕۆیی لە لایەن وەبەرهێنەرانی یەکەکانی نیشتەجێبوونەوە لەسەر ئەو ڕووبەرە زەوییانە کراوە کە بۆ باخچە و پارك تەرخان دەکرێن؟ بۆچی هەندێ ڕووبەری زەوی کە بۆ باخچە و پارکن، بە ناوی زەویی نایاب فرۆشراون و ڕەگەزی زەوییەکە گۆڕاوە؟**

- پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەگشتی و یەکە نیشتەجێبوونەکانیش هیچ تەماسێکمان لەگەڵیان نییە، بەڵکو پەیوەستن بە نەخشەدانانی ئاوەدانی و سەرۆکایەتیی شارەوانییەوە، ئێمە هیچ نوێنەرێکمان لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان نییە، هەر بۆیە دەستەی وەبەرهێنان و نەخشەدانانی ئاوەدانی زیاتر لەو لایەنانە بەرپرسن، لەو کاتەوەی ئێمە لەم بەڕێوەبەرایەتییە دەستبەکار بووین، هیچ پارچە زەوییەك کە بۆ باخچە و پارك و سەوزایی تەرخان کرابێت، دەستکاری نەکراون و ڕەگەزەکەیان هەر وەك سەوزایی ماوە و نەگۆڕاون و ڕەگەزی هیچ پارچە زەوییەك ناتوانرێت هیچ لایەنێك بیگۆڕێت، بەڵکو تەنیا بە فەرمانی جەنابی سەرۆکی حکومەت دەگۆڕدرێت کە ئەوەش تەنیا لە کاتێکدایە کە پێویست بێت و یاسا و ڕێنماییەکانیش ڕێگە بدەن.

*** لەگەڵ ئەوەی ئەمساڵ وشکەساڵی و کەمئاوی بوو، چۆن توانیتان ڕۆژانە بە بەردەوامی ئاودانی باخچە و پارك و دوورگەکانی ناوەڕاستی شەقامەکان ئەنجام بدەن؟**

- سەرەڕای ئەوەی کە کەشوهەوای شاری هەولێر جیاوازە لە شارەکانی دیکەی هەرێم وەك سلێمانی و دهۆك، کە لەو شارانە لە هاویندا پلەی گەرما نزمترە و ڕێژەی شێ زیاترە، چونکە چوار دەوریان شاخ و چیایە و دەریاچە و سەرچاوەی ئاوی سەرزەوییان لێ نزیکە، بەڵام هەولێر دەشتاییە و هیچ ئاوێکی لێ نزیك نییە، هەر بۆیە شاری هەولێر لە هاوین پلەی گەرمای زۆر بەرزە و هەندێ ڕۆژ و کات دەگاتە ٥٠ پلەی سەدی، وەرزی زستانیش سەرمایەکی زۆر و وشکی هەیە، کە ئەمانە هەمووی وا دەکات باخچە و پارك و دار و درەختەکانی شاری هەولێر زیاتر ڕووبەڕووی وشکبوونەوە و لەناوچوون ببن. هەموو ئەوانەی باسمان کرد و وشکەساڵی و کەمئاوییش، کاریگەرییان زۆر زیاتر دەبێت لەسەر شاری هەولێر، بەڵام ئێمە بەرنامەی تایبەتمان لەلایان کارمەند و ستافەکانمانەوە هەیە بۆ پرۆسەی ئاودانی باخچە و پارك و شوێنە سەوزاییەکان، بۆ دوورگەی ناوەڕاستی شەقامی ٦٠مەتری بە ئاودانی پرژاندن و دڵۆپەیە، کە بۆرییەکانی ئاودان لە ژێرەوەی سەوزاییەکان و دارودرەختەکاندایە، بۆ هەموو شوێنەکانی دیکە لە ڕێگەی تانکەرەوە بە درێژایی شەو و ڕۆژ ستاف و کارمەند دانراون پرۆسەی ئاودان جێبەجێ دەکەن و پرۆسەی ئاودان بە تانکەر لە ڕێگەی تەندەرەوە بە کەرتی تایبەت دراوە، و لە هەر شوێنێك بزانین ئاودانی پێویستە، یان لە لایەن هاووڵاتییانەوە ئاگادار بکرێینەوە، ئەوە دەمودەست تانکەرەکانی ئاودان دەگەنە شوێنەکان و دەست بە ئاودان دەکەن. ئەو پرۆسە بەردەوامەی ئاودان وای کردووە کە لەو وشکەساڵی و کەمئاوییشدا یەك باخچە و پارك و شوێنی سەوزایی لە شاری هەولێر تووشی لەناوچوون و مەترسیی وشکبوون نەبێتەوە،

**پلانی ئامادەکراو و دەرخستەشمان ئامادەیە بۆ دروستکردنی پارك و باخچەی دیکە، بەپێی بەرفراوانیی ئەو گەشەکردنەی لە ناو شار بەدی دەکرێت**

**داواکارین لە لایەنی پەیوەندیدار نوێنەری ئێمە لە نەخشەدانانی ئاوەدانیدا بۆ پرس و ڕاوەرگرتن لەسەر باخچە و پارکەکان هەبێت**

**لەو کاتەوەی ئێمە لەم بەڕێوەبەرایەتییە دەستبەکار بووین، هیچ پارچە زەوییەك کە بۆ باخچە و پارك و سەوزایی تەرخان کرابێت، دەستکاری نەکراون و ڕەگەزەکەیان هەر وەك سەوزایی ماوە**

**ڕەگەزی هیچ پارچە زەوییەك ناتوانرێت هیچ لایەنێك بیگۆڕێت، بەڵکو تەنیا بە فەرمانی جەنابی سەرۆکی حکومەت دەگۆڕدرێت کە ئەوەش تەنیا لە کاتێکدایە کە پێویست بێت و یاسا و ڕێنماییەکانیش ڕێگە بدەن**



لە لایەکی دیکە بەدواداچوونی بەردەوامیمان بۆ باخچە و پارك و شوێنە سەوزاییەکانی شاری هەولێر هەیە، هەر درەختێك، یان پارچەیەك سەوزایی کێشەی بۆ دروست بێت، یان وشك هەڵگەڕێت، ئەوە ئێمە نەمامگەی خۆمان هەیە لەو ڕێگەیەوە چارەسەری ئەو کێشە و گرفتانەش دەکەین.

*** ئایا بۆچی ناکرێتە نەریتێك، کە هەموو ماڵ و دووکان و کۆمپانیا و سوپەرمارکێت و کارگە و وێستگەکان لە بەردەمی شوێنەکانی خۆیاندا بە ئیجباری درەخت بچێنن و ئیدارەشی بدەن؟**

- کارێکی بنەڕەتییە کە گیانی دۆستایەتیی ژینگەمان هەبێت و، هاووڵاتی و خێزانەکان خۆیان دۆستی ژینگە بن و هۆشیاریی ژینگەییان بەو ڕادەیە هەبێت، کە دارودرەخت و سەوزاییان وەك بەردەوامیی ژیان خۆش بوێت، لەلایەکی دیکەوە پێشتر لە شاری هەولێر هەندێ نەمام و درەخت چاندرابوون و چواردەوریان تەلبەند کرابوو، بۆ ئەوەی لەناو نەچن، بەڵام ئێستا لە چەندین گەڕەك و شەقام و شوێنی گشتی دارودرەخت و سەوزایی زۆر دەبینین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر گەشە دەکەن، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئێستا لە هەولێر ئاستی هوشیاری و پاراستنی ژینگە زۆر بەرز بووەتەوە و دەکرێت بڵێین پێویستە هاووڵاتییان بۆ جوانکاریی شار و پاراستنی ژیانی خۆیان و خۆشگوزەرانیی خێزانەکانیان، هەر یەکەی چەند نەمام و درەختێك لە بەردەمی ماڵەکانیاندا بچێنن و پارێزگاریشیان لێ بکەن، بەو هەنگاوەش دەتوانرێت ڕێژەی سەوزایی زیاتر بکرێت و ئاو و هەوای خۆشترمان دەست بکەوێت.

*** بۆچی ئێستا وەك پێشتر ناتوانن نەمام و درەخت لە دەرەوەی وڵات بهێنن؟**

- پێش قەیرانی دارایی حکومەت بە بەهای ٧٠٠ ملیۆن دینار تا یەك ملیار دینار، نەمام و درەختی بۆ سەوزایی شاری هەولێر دەکڕی، بەڵام لەپاش ئەو کاتەوە ئێمە بەرنامەیەکمان دانا بۆ بەرهەمهێنانی نەمام و درەخت لە ناوخۆ، کە پێشتر یەك نەمامگەمان هەبوو، بەڵام وەك بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی پارکەکان، دوو نەمامگەی دیکەشمان دروست کرد و ئێستا ساڵانە لە ڕێگەی هەر سێ نەمامگە ١٠٠ هەزار نەمام بەرهەم دەهێنین، کە ئەمەش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی تۆوی دار و درەختەکانی سەرشەقامەکان و قەڵەمکردنی درەختەکانە، کە بە کەمترین خەرجیش بەرهەم دێت و تەنیا پارەی کیسی چاندن و کرێکارەکانی تێ دەچێت.

**لە ڕێگەی تانکەرەوە بە درێژایی شەو و ڕۆژ ستاف و کارمەند دانراون پرۆسەی ئاودان جێبەجێ دەکەن و پرۆسەی ئاودان بە تانکەر لە ڕێگەی تەندرەوە بە کەرتی تایبەت دراوە**

**پێویستە هاووڵاتییان بۆ جوانکاریی شار و پاراستنی ژیانی خۆیان و خۆشگوزەرانیی خێزانەکانیان، هەر یەکەی چەند نەمام و درەختێک لە بەردەمی ماڵەکانیاندا بچێنن و پارێزگاریشیان لێ بکەن**



پڕۆڤیسۆر عائد عکاب مرعی
سەرۆکی بەشی ئەندازیاریی فڕۆکەوانی لە کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:

# سەرۆکی حکومەتی کوردستان ٥٠٠ ملیۆن دیناری بۆ کردنەوەی وەرشەیەکی چاککردنەوەی بەشی فڕۆکەوانیی بۆ دابین کردین

**کردنــەوەی بەشــی ئەندازیاریــی فڕۆکەوانــی لــە کۆلێــژی ئەندازیاریــی زانکــۆی ســەڵاحەددین، هەنگاوێکــی گرنــگ و دڵخۆشــکەرە و پێداویســتییەکی ناوخۆیــی پــڕ دەکاتــەوە، بــەڵام لەبــەر ئــەوەی ئــەم بەشــە نوێیــە، ئــەوا پێویســتی بــە ئاوڕدانــەوەی جددی و زیاتــر هەیــە، بــۆ ئــەم مەبەســتە گــوڵان دیمانەیەکــی لەگــەڵ پرۆفیســۆر عائــد عــکاب مرعــی ســەرۆکی بەشــی ئەندازیاریــی فڕۆکەوانــی لــە کۆلێــژی ئەندازیاریــی زانکــۆی ســەڵاحەدین ئەنجــام دا.**

*** ئایــا گرنگیــی بەشــی ئەندازیاریــی فڕۆکەوانی بۆ هەرێمی کوردستان چییــە و ئــەم بیرۆکەیــە لــە کوێــوە ســەری هەڵــداوە؟**

- ئەندازیاریــی فڕۆکەوانــی زۆر گرنگــە بــۆ هەمــوو وڵاتێــك، چونکــە ئێســتا زۆربــەی کار و ئیشــەکان لــە ڕێگــەی فڕۆکــەوە ئەنجام دەدرێــن، هەر لە گواستنەوەی مرۆڤەوە تا دەگاتە هێنان و بردنی کەلوپەل و پێدوایستی و کاری بازرگانی، لــەو ســەردەمەی ئێســتادا فڕۆکەوانــی هەنــگاوی زۆر تــازەی هاویشــتووە، لەوانــە داواکاریــی ڕۆژانــەی خەڵــك تــا دەگاتــە خواردنیــش بــە درۆنــی تایبەتــە، چونکــە بــەو ڕێگەیــە بــە کەمتریــن مــاوە ڕزگاریــان دەبێــت لــە جەنجاڵیــی هاتوچــۆ و جێبەجێکردنــی داواکارییــەکان، بــۆ ئێمــەش وەك هەرێمی کوردستان کە لــە قۆناغــی بنیادنانی دەوڵەت و دامەزراوەکاندایــن و، چەندیــن ڕێکخــراوی بیانــی و کونســوڵگەریی وڵاتــان و کۆمپانیــای بازرگانــی و وەبەرهێنــان و جــۆری دیکە لــە هەرێمی کوردستاندان و، جموجووڵێکی زۆری بازرگانــی لــە نێــوان هەرێــم و وڵاتانــی دراوســێ و ئەوروپــا و کەنــداو و چەندیــن وڵاتــی دیکــە هەیــە و، خاوەنــی دوو فڕۆکەخانــەی نێودەوڵەتیــن (اربیــل و سلێمانی) کــە ڕۆژانــە بــە دەیان فڕۆکــەی جۆراوجۆر، هــەر لــە گواستنەوەی سەرنشــین، تــا دەگاتــە کارگــۆ، هاتووچــۆ دەکــەن، هــەر بۆیــە بەشــی ئەندازیاریــی فڕۆکەوانــی زۆر گرنگــە بــۆ هەرێمــی کوردســتان، کــە ئەمــە تەنیــا یــەك بەشــە و کادیــر و شــارەزا ئامــادە دەکات بــۆ کارکــردن لــە سیانە و چاککردنــی هــەردوو لایــەن (فڕۆکەخانــە و فڕۆکــە)، ئەگــەرچی لــە وڵاتــان بــۆ ئــەو بــوارە زانکــۆ هەیــە کــە لــە چــوار تــا پێنــج کۆلێــژ و ١٠تــا ١٥ بــەش پێــك دێــت، بــۆ دامەزراندنــی ئــەو بەشــە پێنــج ســاڵ پێــش ئێســتا بەڕێــز ئەحمــەد دزەیــی کــە ســەرۆکی زانکــۆی ســەڵاحەدین بــوو، گرێبەســتێکی واژوو کــرد لەگــەڵ وڵاتــی ئۆکرانیــا، کــە خاوەنــی وەرشــە و کاری فڕۆکەوانیــی پێشــکەوتووە، بــۆ ئــەوەی قوتابیانــی ئــەو بەشــە لــە زانکــۆی ســەڵاحەدین پــاش تەواوکردنــی قۆناغــی دووەم بــۆ کارکردنــی پراکتیکی بۆ ماوەی دوو ساڵ، قۆناغی سێیەم و دووەم لە ئۆکرانیا بخوێنن، تاوەکو کادیر و پسپۆڕ و شــارەزای باشــمان لــە بوارەکانــی چاککــردن و بەدواداچوون و سیانەکردنی فڕۆکەخانــە و فڕۆکــە بــۆ هەرێمــی کوردســتان هەبێــت، کــە ئەمــەش بــووە مایــەی دەســتکەوتێکی بــاش بــۆ خوێندنــی بــاڵا لــە هەرێــم، بــەڵام پــاش ئــەوەی قوتابیانــی ئــەو بەشــە هــەردوو قوناغــی یەکــەم و دووەمیــان تــەواو کــرد، وڵاتــی ئۆکرانیــا کەوتــە جەنگــەوە، ئەمــەش بــۆ ئێمــە و بــۆ قوتابیــان کێشــەیەکی زۆر ناخــۆش و نەخــوازراو بــوو، بۆیــە چەندیــن کۆبوونەوەمــان بــە ئۆنلایــن لەگــەڵ لایەنــی فڕۆکەوانیــی وڵاتــی ئــوردن ئەنجــام دا و، پاشــان داوایــان کــرد کــە ســەردانیان بکەیــن، ئێمــەش شــاندێکمان لــە چــوار کــەس پێــك هێنــا و ســەردانی وڵاتــی ئوردنمــان کــرد، پــاش چەنــد ڕۆژێــك گەیشــتینە ڕێککەوتــن و گرێبەســتمان لەگەڵیــان ئیمــزا کــرد و توانیمــان نرخــی خوێنــدن و مانــەوەی قوتابــی و خەرجییەکانیانیــش بــەراورد بــە ئۆکرانیــا کــەم

**ئەو پۆلە قوتابییەی کە قۆناغی دووەمی بەشی ئەندازیاریی فڕۆکەوانیان خوێندبوو، چوون بۆ ئوردن بۆ تەواوکردنی قۆناغەکانی سێیەم و چوارەم، بە تەواوبوونی ئەو دوو ساڵە بەکالۆریۆس و پسپۆڕییش بەدەست دەهێنن**

**لە ساڵی ٢٠٢٠ یەکەم وەجبەی قوتابی کە ژمارەیان (١٥)کەس بوو، لە بەشی ئەندازیاریی فڕۆکەوانی وەرگیران، کە ئێستا لە وڵاتی ئوردنن**

بکەینەوە، کە ئەمەش بووە دەستکەوت و مژدەیەك بۆ ئەو پۆلە قوتابییەی کە قۆناغی دووەمی بەشی ئەندازیاریی فڕۆکەوانیان خوێندبوو، چوون بۆ ئوردن بۆ تەواوکردنی قۆناغەکانی سێیەم و چوارەم، بە تەواوبوونی ئەو دوو ساڵە بەکالۆریۆس و پسپۆڕییش بەدەست دەهێنن، بە چەشنێك کە بتوانن لە وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتە پێشکەوتووەکانیش کار بکەن.

*** ئایا ئەو قوتابیانەی لەو بەشە دەخوێنن مەرجی ئەوەیان بۆ دانراوە لە هەرێمی کوردستان بمێننەوە و لە فڕۆکەخانەکانی خۆمان کار بکەن؟**

- لە ساڵی ٢٠٢٠ یەکەم وەجبەی قوتابی کە ژمارەیان (١٥)کەس بوو، لە بەشی ئەندازیاریی فڕۆکەوانی وەرگیران، کە ئێستا لە وڵاتی ئوردنن، بەڵام ئەمساڵ داوامان کردووە(٥٠) قوتابی وەربگیرێن، بێگومان ئەو پۆلە قوتابییەی کە ئێستا لە وڵاتی ئوردن درێژەیان بە خوێندن داوە، ئارەزوو دەکەن کە بەپێی پسپۆڕییەکانیان لە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان کاربکەن، بەڵام ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حکومەتی هەرێم، بەتایبەت ڕێزدار سەرۆکی حکومەت بفەرموێت کە ئەو کادیرانە پێویستن بۆ وڵاتەکەمان و تەواویان کرد، لەلای خۆمان دەست بەکار بن، چونکە ئێستاکە هەموو ئەو کادیر و پسپۆڕانەی لە بواری سیانەی فڕۆکەخانە و فڕۆکە لە هەر دوو فڕۆکەخانەی سلێمانی و هەولێر کار دەکەن بیانین و بارێکی قورسن لەسەر حکومەت، هەر بۆیە زۆر پێویستە ئەو قوتابیانەی کە لەو بەشەی ئێمە تەواو دەبن، لە هەر دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی اربیل و سلێمانی دابمەزرێن.

*** ئایا تا چەند حکومەت و وەزارەتی خوێندنی باڵا هاوکارتانن بۆ ئەوەی ئەو بەشە پێش بکەوێت و ببێتە خاوەن وەرشەی سیانەی فڕۆکە و بتوانن بەشی دیکە لەو بوارە بکەنەوە؟**

- بەشی ئەندازیاریی فڕۆکەوانی هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان کرایەوە، هەنگاوێکی زۆر گرنگ و پێویست بوو بۆ بەرەوپێشەوەچوونی زانستی فڕۆکەوانی و دەستکەوتێکی کابینەکەشە، هەر بۆیەش بە هەوڵی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و ڕاگری کۆلیژی ئەندازیاری، برای گەورەمان ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان ٥٠٠ ملیۆن دیناری پێداین بۆ هێنان و کردنەوەی وەرشەیەکی سیانەی زۆر باشی فڕۆکەوانی، کە قوتابیانمان -ئەوانەی لە ئوردنن و ئەوانەی لەمەودواش لەو بەشە وەردەگیرێن- سوودێکی زۆر و باشی لێ وەردەگرن. هاوکات ئێستا پشکنینی فڕۆکە و سووتەمەنیی فڕۆکە و کارەبا چەندین تاقیگەی دیکەمان لە بەشەکە کردووەتەوە، بۆیە بە دەستەبەربوونی ئەو وەرشە و تاقیگانە وەك هەنگاوی یەکەم شتی باشمان بۆ دابین کراوە و پێداویستیی زیاتر و پسپۆڕی دیکەشمان پێویستە، بەڵام ناتوانین بە یەکجار باری حکومەت قورس بکەین، لەلایەکی دیکەوە ئێمە میوانین لەسەر بینایەی میکانیك، بۆیە پێویستمان بە بینایەکی باش و گونجاو هەیە بۆ گەشەکردنی بەشی ئەندازیاریی فڕۆکەوانی، چونکە ئەو بەشە لە چاو کردنەوەی بەشەکانی فڕۆکەوانی لە ئایندەدا، زۆر بچووکە. هەروەها لە کاتێکدا ئەگەر شوێنمان هەبێت، دەتوانین فڕۆکەی لەکارکەوتوو بهێنین، بەتایبەت کە لە عێراق هەیە، بۆ ئەوەی قوتابیان لە ڕووی پراکتیکیەوە زیاتر قاڵ ببنەوە لە سیانە و پێکهاتەکانی فڕۆکە.

*** ئایا هەماهەنگیتان لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار و فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی و وەزارەتی گواستنەوە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن لە ساڵانی داهاتوودا قوتابیانتان پێویستیان بە وڵاتان نەبێت؟**

- پێش هەموو شتێك من داوام کردووە ببینە خاوەن باڵەخانەی تایبەت بە خۆمان کە گونجاویش بێت بۆ ئەندازیاریی فڕۆکەوانی، ئەو کات دەتوانین چوار بەش لە ئەندازیاریی فڕۆکەوانی بکەینەوە، وەك فڕۆکەی کارگۆ و گواستنەوەی نەفەر و سەربازی و درۆن، کە دەبینین ئێستا لە زۆربەی شەڕەکاندا هەر بۆ نموونە لە جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا درۆن بەکاردێت، هەر بۆیە کات و سەردەمەکە ئەوە دەخوازێت بەشی درۆن بکەینەوە تاوەکو بە هەموو شێوەکان شارەزایی تێدا پەیدا

**هەموو ئەو کادیر و پسپۆڕانەی لە بواری سیانەی فڕۆکەخانە و فڕۆکە لە هەر دوو فڕۆکەخانەی سلێمانی و هەولێر کار دەکەن بیانین و بارێکی قورسن لەسەر حکومەت**

**ئەگەر شوێنمان هەبێت، دەتوانین فڕۆکەی لەکارکەوتوو بهێنین، بەتایبەت کە لە عێراق هەیە، بۆ ئەوەی قوتابیان لە ڕووی پراکتیکیەوە زیاتر قاڵ ببنەوە لە سیانە و پێکهاتەکانی فڕۆکە**

**کات و سەردەمەکە ئەوە دەخوازێت بەشی درۆن بکەینەوە تاوەکو بە هەموو شێوەکان شارەزایی تێدا پەیدا بکەین**

بکەین، وەك حکومەتی هەرێم بۆ پێداویستی و لایەنی فریاکەوتنی خێرا بۆ وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستی و ئاگرکوژێنەوە و زۆر بواری دیکە، پێویستمان بە هەلیکۆپتەری فریاکەوتن هەیە، بۆیە پێویستە بۆ ئەو بوارەش بەشێك بکرێتەوە، کە تێدا کادیر و شارەزا ئامادە بکەین. سەبارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، تا ئێستا نەتوانراوە ئەو پردە دروست بکرێت و هەوڵمان داوە قوتابیان بتوانن سەردانی فڕۆکەخانەکان بکەن، بۆ ئەو مەبەستە نووسراومان بەرز کردەوە، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ لەبەر لایەنی ئەمنی نەیتوانی ئەو کارمان بۆ ئەنجام بدات، لە ماوەی ڕابردوو بەڕێز پارێزگاری هەولێر سەردانی کردین، پێمان ڕاگەیاند بۆ دابینکردنی باڵەخانەیەکی شیاو و گونجاو بۆ ئەندازیاریی فڕۆکەوانی و چەندین پێداویستی، ئەویش لەلای خۆیەوە ئاماژەی بەوەدا کە هەوڵی جددی بدات بۆ چارەسەری کەموکوورییەکانمان.

*** ئایا بۆچی قوتابیان بۆ وانە پراکتیکییەکانیان سەردانی فڕۆکەخانەکانی هەرێم ناکەن، کە دەتوانن لە نزیکەوە شارەزایی لە بوارەکانیان وەربگرن لە بری چوونیان بۆ دەرەوەی وڵات؟**

- ئێمە وەك ئەندازیاریی فڕۆکەوانی پەیوەندیمان لەگەڵ فڕۆکەخانەی نێودوڵەتیی ئەربیل باشە، بەڵام وەك ئاماژەمان پێ دا یەکەم: لەبەر لایەنی ئەمنی ناتوانرێت قوتابیان بۆ وانەکانیان سەردانی فڕۆکەخانە بکەن. دووەم: فڕۆکەخانە تا ئێستا وەرشەیەکی سیانەی تەواوی نەبووە، بەڵکو ئێستا بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەربیل خەریکە وەرشەیەکی تەواو و زۆر باش دابمەزرێنێت، پاش تەواوبوونی ئەو وەرشەیە بە ڕەزامەندیی لایەنی پەیوەندیدار، هەوڵ دەدەین بۆ هەندێك وانە، بەتایبەتی پراکتیکییەکان قوتابیانی بەشەکەمان ببەینە فڕۆکەخانەکە، هاوکات لە هەوڵداین بۆ دروستکردنی پردێك لە نێوان چەندین فڕۆکەخانەی وڵاتانی ئەورووپی، بۆ ئەوەی قوتابیانمان لە قۆناغەکانی خوێندنیاندا زیاتر شارەزایی زانستی فڕۆکەوانی و فڕۆکەخانە وەربگرن، کە ئەمەش بۆ وڵاتەکەمان کە هەرێمی کوردستانە پێویستە، لەلایەکی دیکەوە بۆ مەشق و ڕاهێنانی هاوینە زۆر پێویستمان بە فڕۆکەخانەکانی کوردستانە.

*** ئایا ئەو بەشە زانستییە تازەیە چۆن میلاکی بۆ دابین کراوە؟**

- ئێمە تا ئێستا خولێکمان دەرنەچوون بۆ ئەوەی کادیری شارەزا و پسپۆڕمان هەبێت، بۆیە هیچ مامۆستایەکی وانەبێژمان نییە و دامەزراندنیش نییە تاوەکو بتوانین مامۆستا و ئەکادیمیان لەو بوارەدا بەپێی پێویست دابین بکەین، چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە ئەو خولە کۆتایی پێ بێت و چەند کەسێکیان لێ دابمەزرێنین، لەلایەکی دیکەوە زۆر سوپاسی دکتۆر کامەران سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین دەکەم کە لەسەر دەرماڵەی سەرۆکایەتیی زانکۆ ئەمساڵ دوو ئەندازیاری بە گرێبەست بۆ دابین کردین، کە لە تاقیگە و وەرشەدا هاوکارمان بن و، ساڵی یەکەم تەنیا خۆم بووم و یەك مامۆستامان هەبوو، بەڵام ئەمساڵ چوار مامۆستام بە پلەی دکتۆرا هەبوو، کە لە رووسیا تەواویان کردووە و سەر بەهێزی زێرەڤانی بوون، ئەو چوار دکتۆرە بەڕێزە توانرا بگوازرێنەوە بۆ بەشەکەمان کە بەم هۆیەوە کێشەی میلاکی مامۆستامان زۆر کەم بووەتەوە.

*** ئایا ئەو وانانە لە بەشەکتان دەخوێندرێن کە پەیوەندییان بە بزوێنەر و پلەی گەرما و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو جۆرە مەعدەنانەوە هەبێت کە فڕۆکەی لێ دروست دەکرێت؟**

- بێگومان یەکێك لەو لایەنانەی کە زۆر گرنگە بخوێندرێت، جۆری کەرستە و ئەو مەعدەنانەن کە فڕۆکەی لێ دروست دەکرێت، چونکە فڕۆکە لە کاتی فڕیندا پلەی گەرمای مەکینەکەی یەکجار بەرزدەبێتەوە، بەڵام ئەو کەرستانەی مەکینە و فڕۆکەی بەگشتی لێ دروست کراوە، بە جۆرێکی وایە کە بەرگەی پلەی گەرمیی زۆر بگرێت و کێشەکەشی سووك بێت، هاوکات دەبێت دەرچووانی ئەو بەشە شارەزایی و پسپۆڕی پەیدا بکەن، کە هەر پارچەیەکی فڕۆکە ماوەی دیاریکراوی خۆی هەیە، بۆ نموونە پارچەیەکی باڵی فڕۆکە پاش ١٠٠٠ کاتژمێر فڕین پێویستە بگۆڕدرێت و پارچەی دیکە هەیە پاش ١١٠٠ کاتژمێر دەبێت بگۆڕدرێت.

**پێویستمان بە هەلیکۆپتەری فریاکەوتن هەیە، بۆیە پێویستە بۆ ئەو بوارەش بەشێك بکرێتەوە**

**لە هەوڵداین بۆ دروستکردنی پردێك لە نێوان چەندین فڕۆکەخانەی وڵاتانی ئەورووپی، بۆ ئەوەی قوتابیانمان لە قۆناغەکانی خوێندنیاندا زیاتر شارەزایی زانستی فڕۆکەوانی و فڕۆکەخانە وەربگرن**

**ساڵی یەکەم تەنیا خۆم بووم و یەك مامۆستامان هەبوو، بەڵام ئەمساڵ چوار مامۆستام بە پلەی دکتۆرا هەبوو، کە لە رووسیا تەواویان کردووە و سەر بەهێزی زێرەڤانی بوون**

دیمانەی تایبەت



ئولریک بروکنەر

پرۆفیسۆری دیراساتی ئەورووپی لە زانکۆی ستانفۆرد بۆ گوڵان:

# سەردانەکەی ئۆلاف شۆلز بۆ ناوچەی کەنداو زیاتر لە پەیامێکی لەخۆگرتبوو

**ئولریك بروكنەر پرۆفیسۆری دیراساتی ئەورووپییە لە زانكۆی ستانفۆرد لە بەرلین. پێشتر مامۆستا بووە لە بەشی زانستە سیاسییەكان لە زانكۆی بەرلینی ئازاد و وانەبێژ بووە لە زانكۆی فودان لە شانگهای، زانكۆی سابانجی لە ئەستەنبول و زانكۆی لیوبلیانا لە سلۆڤینیا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێ كرد كە پەیوەست بوون بە هۆكار و دەرئەنجامەكانی سەردانی ئەم دواییەی ڕاوێژكاری ئەڵمانیا ئۆلاف شۆلز بۆ وڵاتە دەوڵەمەند بە نەوت و غازەكانی كەنداو.**

*** بەم دواییە ڕاوێژكاری ئەڵمانیا، ئۆلاف شۆلز سەردانی وڵاتە دەوڵەمەند بە نەوت و غازەكانی ناوچەی كەنداوی كرد، ئێوە چۆن لەم سەردانە دەڕوانن و تا چەند ئەمە كاریگەریی ئەو قەیرانەی وزەیە كە بە هۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا لە ئەورووپا هاتووەتە ئاراوە، كە پێشبینی دەكرێت سەختتر و دژوارتر بێت، تا چەند ئەم سەردانە دەتوانێت ئامانجەكانی خۆی بپێكێت؟**

- بە تێڕوانینی من ئەم سەردانەی ڕاوێژكاری ئەڵمانیا بۆ ئەم ناوچەیە چەند هۆكار و پاڵنەرێكی لە پشتە، یەكێكیان ئاماژە و پەیامێكە بۆ گەلی ئەڵمانیا كە حكومەتی وڵاتەكە هەموو هەوڵ و كۆششێك دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ كەمیی غاز و هەڵكشانی نرخی نەوت و غاز بدۆزێتەوە لە وڵاتەكەدا، بۆ ئەم مەبەستە چەند بەرپرسێكی حكومەتی وڵاتەكە گەشت بە جیهاندا دەكەن و سەردانی وڵاتی دیكە دەكەن لە پێناو واژووكردنی ڕێككەوتنی نوێ و هەمەچەشنكردنی سەرچاوەكانی بەدەستهێنان و هاوردەكردنی وزە، بۆ ئەوەی چیتر بەو چەشن و ڕاددەیەی ئێستا پشت بە هاوردەكردنی وزە لە ڕووسیاوە نەبەستن. كەواتە ئەگەر وەڵامەكە پوخت بكەمەوە، ئەوا ئەمانە هەنگاوی كردارین بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێی هاوردەكردنی وزە و دابینكاری نوێ لەم ڕووەوە. چونكە ئەڵمانیا پێویستی بەم چەشنە وزەیە دەبێت، تا ئەو كاتەی ئابوورییەكەی لەسەر پشتبەستن بە وزەی دیكەی بەدیل بنیات دەنێتەوە. كەواتە دووبارەی دەكەمەوە ئەمە پەیامێكە بۆ گەلی ئەڵمانیا كە حكومەتەكەی كۆششی سەخت

**ئەڵمانیا هەموو هەوڵ و كۆششێک دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ كەمیی غاز و هەڵكشانی نرخی نەوت و غاز بدۆزێتەوە**

**ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا رایان وایە جیهان گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیکی بە خۆیەوە دەبینێت و لەم چوارچێوەیەدا باوەڕیان وایە ناکرێت هەندێ وڵات جێ بهێڵرێت، بۆ ئەوەی چین و ڕووسیا سیاسەتی دەرەکیی خۆیانی تێدا پیادە بکەن**

**وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوەی لە توانایاندا بووە هاوکار و یارمەتیدەر بوون بۆ ئۆکرانیا و هەر لەم ڕووەشەوە چەندین سزای ئابووری و داراییان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە**

**ئەگەر تەنیا پشت بە یەک سەرچاوە و یەک وڵات ببەستیت و فرەیی و جۆراجۆری لە سەرچاوەکاندان نەکەیت، ئەوا درەنگ، یان زوو تووشی دۆخێک دەبیتەوە کە ئێستا ئەڵمانیا تووشی بووە**

دەکات بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنی نوێ، چونکە ناکرێت ئەڵمانیا وا بە ئاسانی دەستەبەرداری هاوردەکردنی وزە بێت لە ڕووسیاوە. دواتر ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کرد، کە لەم ڕووەوە پرسێك، یان ڕەهەندێکی دیکە لە ئارادایە، ئەویش ئەوەیە کە ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا رایان وایە جیهان گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیکی بە خۆیەوە دەبینێت و لەم چوارچێوەیەدا باوەڕیان وایە ناکرێت هەندێ وڵات جێ بهێڵرێت، بۆ ئەوەی چین و ڕووسیا برەو بە دەستڕۆیشتوویی و باڵادەستیی خۆیان بدەن و سیاسەتی دەرەکیی خۆیانی تێدا پیادە بکەن، واتە پێیان وایە ناکرێت وڵاتانی ئەورووپا لەم ڕووەوە ڕۆڵی تەماشاکار ببینن و دەستەوەستان دابنیشن و هیچ کارێك ئەنجام نەدەن، چونکە هەڵوێستێکی لەم چەشنە کاریگەریی پێچەوانە و نەخوازراوی لەسەر ئەم وڵاتانە لێ دەکەوێتەوە و، ئەم وڵاتانە دەکەونە دۆخێکەوە کە مەرجیان بەسەردا بسەپێنرێت. لەم ڕوانگەیەوە پێیان وایە پێویستە ڕۆڵێکی کاراتر و جددیتر ببینن و هەوڵ بدەن دەستنیشانی بەرژەوەندی و خاڵە هاوبەشەکان بکەن، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی بەرفراوانتر و چڕتر لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکانی دیکە دروست بکەن، کە کورت نەبێتەوە لە تەنیا واژووکردنی ئەو ڕێککەوتنانەی کە بەرژەوەندیی کورت مەودا لەخۆ دەگرن، وەك ڕێککەوتنەکانی هاوردەکردنی وزە، بەڵکو بیر لە دامەزراندن و پێکهێنانی پەیوەندیی دوور مەودا و درێژخایەنتر بکەنەوە.

*** هەروەك دەزانین کە هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنی شەڕ و داگیرکارییەکەوە لەلایەن ڕووسیا دژی ئۆکرانیا، وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین سزای ئابووری و داراییان بەسەر ڕووسیادا سەپاند، بە ئومێدی ئەوەی لاوازی بکەن و نەتوانێت درێژە بە شەڕەکە بدات، یان ناچار بێت بە هەڵوێست و سیاسەتەکانی پەیوەست بە شەڕەکەدا بچێتەوە، ئایا پێت وانییە ئەم سزایانە کاریگەریی پێچەوانەیان لێ کەوتووەتەوە، بە چەشنێك ئەوەتا وڵاتانی ئەورووپا تووشی قەیرانی سەختی وزە بوونەتەوە و ناچارن ڕوو لە وڵاتانی دیکە بکەن بۆ ئەوەی جێگرەوەیەك بۆ هاوردەکردنی غازی ڕووسیا بدۆزنەوە؟**

- لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتای سەپاندنی سزاکان لە مەودایەکی بەرفراواندا و ڕێککەوتن لەسەر گرتنەبەری حەوت پاکێجی سزاکان لە دژی ڕووسیا ئەو ڕاستییە ڕوون بووەوە کە ڕاستە ئەم سزایانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئەو وڵاتەی کە بەرپرسە لە شەڕەکە -بەو پێیە یاسای نێودەوڵەتیی پێشێل کردووە-، بەڵام لە هەمان کاتدا سەپاندنی ئەم سزایانەش باج و دەرئەنجامی دیکەیان دەبێت لەسەر ئەو وڵاتانەشی کە نەکراونەتە ئامانجی سزاکان. بەڵام هەر لەو کاتەشدا ڕۆژئاوا ئەم ڕاستییەی لەبەر چاو بوو و ئامادە بوو ئەم باجە بدات و ئەم دەرئەنجامە بگرێتە ئەستۆ. چونکە ڕۆژئاوا لە ڕوانگەی پاڵپشتی و هاوکارییەکەوە ئەم سیاسەتەی گرتەبەر و ئەم هەڵوێستەی نواند لە ئاست ئۆکرانیادا و لەم ڕووەوە هاوکارییەکی زۆری بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر کرد و تەنیا هێڵی سوور لەم ڕووەوە بریتی بوو لە ڕەوانەکردنی هێز بۆ سەر خاکی ئۆکرانیا. واتە جگە لە ڕێگاچارەی ناردنی هێز، وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوەی لە توانایاندا بووە هاوکار و یارمەتیدەر بوون بۆ ئۆکرانیا و هەر لەم ڕووەشەوە چەندین سزای ئابووری و داراییان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، بۆ ئەوەی کارێك بکەن ڕووسیا باجێکی زیاتر سەبارەت بە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی بدات.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پرسی سەردانەکەی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بۆ وڵاتانی کەنداو، ئایا پێت وایە تا چەند سەرکەوتوو دەبێت لە دۆزینەوەی بەدیلێك بۆ هاوردەکردنی غازی ڕووسیا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ئەمە کارێکی ئاسان نییە هەروەك ئێوەش لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەتان پێ کرد؟**

- خۆی لە خۆیدا ئەم سەردانە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەیەکی کەمی پێویستیی پەیوەست بە هاوردەکردنی وزە پڕ بکاتەوە، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، بەرپرسانی ئەڵمانیا سەردانیان بۆ چەندین وڵات دەست پێ کردووە و ئەگەر هەر یەکێکیان بتوانێت ڕێککەوتنێك

ئەنجام بدات و ڕێژەیەکی کەمی پێداویستی ناوخۆیی مسۆگەر و هاوردە بکات، ئەوا ئەڵمانیا نەك هەر دەتوانێت فرەیی و جۆراوجۆری دروست بکات لە سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی وزە، بەڵکو دەتوانێت کۆگاکانیشی پڕ بکات، ئەمەش زۆر لەو پێشبینییانە زیاتر دەبێت کە دەکرا لەم بارەیەوە، بە چەشنێك کە بتوانین لەم مانگەدا ٩٠٪ی کۆگانمان پڕ بکەین، ئەمەش دەستکەوتێکی بەرچاوە بەراورد بەو ڕێژەیەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا و لەم مانگەدا لە ئارادا بوو. مەبەستم ڕێژەی پڕکردنی کۆگاکانە لە پێداویستیی وزە بۆ هاووڵاتیان. کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئێمە لە یەك پاکێجدا بتوانین بەدیل و جێگرەوە بۆ هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیا بدۆزینەوە و بەدی بهێنین، واتە سعودیە، یان قەتەر ناتوانن بە تەنیا ئەم ئەنجامە بۆ ئەڵمانیا بەدەست بهێنن، بەڵکو ئەم ئامانجە هەنگاوی زیاتر و کۆششی زیاتر دەوێت. دوای ئەوەی هەوڵەکان بە ئاراستەی دیکەشدا بە گەڕ خراون، واتە دۆزینەوەی سەرچاوە، یان وزەی بەدیل بۆ نەوت و غاز، کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ بنیاتنانی ئابوورییەك کە پشتبەستوو نەبێت بە هاوردەکردنی نەوت و غاز، بەڵام ئەمە کارێك یان ئەنجامێك نییە بتوانرێت لە شەو و ڕۆژێکدا بەدی بهێنرێت. هەروەها نابێت لەم ڕووەوە ئەوەشمان لە یاد بچێت کە پشتبەستن بە هاوردەکردنی غازی ڕووسیا لەلایەن ئەڵمانیاوە ماوەیەکی زۆری خایاند. هەرچۆنێك بێت ئەم بارودۆخ و پەرەسەندن و پێشهاتانە ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە ئەگەر تەنیا پشت بە یەك سەرچاوە و یەك وڵات ببەستیت و فرەیی و جۆراجۆری لە سەرچاوەکاندان نەکەیت، ئەوا درەنگ، یان زوو تووشی دۆخێك دەبیتەوە کە ئێستا ئەڵمانیا لەگەڵ ڕووسیادا تووشی بووە. کە دۆخێکی لەم چەشنەش نەك تەنیا ڕەهەندێکی ئابووری و پەیوەست بە وزەی دەبێت، بەڵکو لە کۆتاییدا ڕەهەند و ڕواڵەتی سیاسییش وەردەگرێت.

*** ئایا ئەم پەیوەندییە نوێیانەی ئەڵمانیا لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا لە ڕووی هاوردەکردنی وزەوە چ کاریگەری و دەرئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە، مەبەستمان ئەوەیە ئایا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەڵمانیاش بە چەشنێکی کاریگەر و بە قورساییەکی زیاترەوە لە کێشە و ناکۆکییەکانی ئەم ناوچەیەوە تێوەبگلێت، یان بە پێچەوانەوە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتانی کەنداو بتوانن لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا کاریگەرییان زیاتر بێت؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە هێشتا زوو بێت بۆ ئەوەی ئەم پرسە یەکلا بکەینەوە و باس لە دەرئەنجامەکانی بکەین و ئەوە ساغ بکەینەوە ئایا ئاکامی ئەم پەیوەندییانە بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕۆن. چونکە لەم ڕووەوە قسەی



زۆر دەکرێت، وەك ئەوەی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئۆلاف شۆلتز ئاماژەی پێ کرد کە ئەمە خاڵی وەرچەرخانە و باسی لەوە کرد کە ئێستا ئێمە لە جیهانێکی تەواو جیاوازدا دەژین، کە ڕەنگە ئەمانە دەستپێکی گفتوگۆیەکی نوێ بن لەبارەی ئەوەی ئایا پێویستە ڕۆڵی ئەڵمانیا چی بێت، یان پێویستە ڕۆڵی ئەوروپا چی بێت و چۆن بێت. هەروەها دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە تا چەند ئەم پێشهاتانە ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئەرزی واقیع هەبووە و دەبێت، بۆ نموونە پێشتر لە دوای هەڵگیرسانی شەڕەکەی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە ١٠٠ ملیار دۆلار لە بواری خەرجی سەربازیدا زیاد دەکات، ئەمەش ئەو پرسیارە دروست دەکات ئایا زیادکردنی وەبەرهێنان لە هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیادا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم هێزە چەکدارانە بە شێوەی جیاواز و بۆ مەبەستی جیاواز بەکار بهێنرێن. من پێم وایە هێشتا زووە ئەمە یەکلا بکەینەوە.

**لە دوای هەڵگیرسانی شەڕەکەی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە ١٠٠ ملیار دۆلار لە بواری خەرجی سەربازیدا زیاد دەکات**




کۆری زۆلی

پڕۆفیسۆری یاسا و سیاسەتی ئەمن لە زانکۆی سیراکیوز بۆ گوڵان:

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەریی قووڵی لەسەر ئاسایشی وزە و خۆراک دروست کردووە

**کۆری زۆلی پرۆفیسۆری یاسا و سیاسەتی ئەمنییە لە سکوولی ماکس ویڵ لە زانکۆی سیراکیوز و، بەرپرسی بەشی توێژینەوەیە لە هەمان زانکۆ، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك: کێشە هاوچەرخەکانی پەیوەست بە هەڵگیرسان و بەرپابوونی جەنگ، هۆکار و دەرئەنجام و ڕەهەندەکانی کێشە و تەنگژە جیهانییەکان و ڕۆڵی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی لە پرسە پەیوەندیدارەکان بە قەیران و ناکۆکییە جیهانییەکاندا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە و ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانەی پێشبینی دەکرێت بێنەئاراوە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە پێشبینی گەشبینانە هەبوو لە بارەی باڵکێشانی ئاشتی بە سەر پەیوەندیی نێوان دەوڵەتاندا، بە چەشنێك کە باس لەوە دەکرا سیستمی لیبراڵی ڕۆژگارێك دەهێنێتەئاراوە کە تێیدا پشتبەیەکبەستنی ئابووری و پەیوەندی و ئاوێتەبوونی بازرگانی دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتان کەمتر بیر لە پەنابردنەبەر بەرپاکردنی شەڕ بکەنەوە، بەو پێیەی هەڵگیرسانی شەڕ دەبێتە هۆی لەباربردن و لە ناوبردنی بەرژەوەندییە بازرگانییەکان و وڵاتانیش جگە لە زیان هیچ دەستکەوتێکیان نابێت، بەڵام شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بووە هۆی ئەوەی پێداچوونەوە بەم پرسە بکرێت، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ڕەنگە من تا ڕاددەیەك لەگەڵ ئەو بۆچونەدا کۆك بم کە پێی وایە پەنابردنەبەر ڕێگاچارەی جەنگ زیاتر حاڵەت و دیاردەیەك بوو کە لە ڕۆژگار و سەردەمی کۆندا باو و بەربڵاو بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ئەوە بوترێت کە لە ڕۆژگاری هاوچەرخدا ئەم حاڵەتە لە ئارادا نەماوە و وڵاتان بە یەکجاری کۆتاییان بە ئەگەری پەنابردنەبەر شەڕ هێناوە. دواتر ئەگەر ئێمە بمانەوێت تاوتوێی ئەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆکرانیا بکەین، ئەوا ئەگەر لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە لەم پرسە بڕوانین، ئەوا ئاشکرایە کە پێشێلکارییەکی بنەڕەتی و حاشاهەڵنەگری ئەم یاسایەیە و ئەوەی ڕووسیا پەنای بۆ برد و درێژەی پێ داوە تا ئێستا بەرجەستەبوونی خواستێکی دەستدرێژکارانە و داگیرکارانەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ

**به حوکمی ئەوەی ڕووسیا و ئۆکرانیا دوو وڵاتی هەناردەکاری گەورەی کاڵای گرنگن، ئاکام و دەرهاویشتەکانی شەڕەکەیان ڕەهەندی جیهانییان وەرگرتووە**

کرد، ناکرێت وا وێنای ئەم جەنگە بکەین وەك ئەوەی ئەمە حاڵەتێکی دەگمەن بێت و هیچ هاوشێوەیەکی نەبێت لە هەلومەرج و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەگەرچی بە بەراورد بە ڕابردوو، لەم سەدەیەدا حاڵەتی پەنابردنەبەر داگیرکاری و دەستدرێژکاری و پێشێلکردنی سەربەخۆیی و سەروەریی دەوڵەتان کەمتر بووبێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ناکرێت ئاماژە بەوە نەکەین کە ئەمە پەرەسەندن و پێشهاتێکی گەورە بووە و وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕی بەرچاو لەخۆ دەگرێت لەسەر سەرجەم ئاستەکان. خاڵێکی دیکە کە شایستەی ئەوەیە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، ئەوەیە تا ئێستا نەتوانراوە ڕێکار و میکانیزمێك بۆ ڕاگرتن و کۆتاییهێنان بەم شەڕە و چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی ئاشتییانە بدۆزنەوە، بەتایبەتی کە ڕۆڵێکی کارای نەتەوە یەکگرتووەکان لەم ڕووەوە بەدی ناکرێت و بەرچاو ناکەوێت.

*** هەروەك ئاشکرایە کە جیهانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە پاڵ ئەوەی هاوکارییەکی سەربازی و دارایی زۆریان پێشکەش بە وڵاتی ئۆکرانیا کردووە و هەر چەندە نەکەوتوونەتە شەڕێکی ڕووبەڕووی و ڕاستەوخۆوە لەگەڵ ڕووسیادا، بەڵام چەندین سزای ئابووری و دارایی قورسیان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سزایانە نەبووتە هۆی ئەوەی ڕووسیا بە جددی بە حیساباتی خۆیدا بچێتەوە و لە بارەی شەڕەکەوە گۆڕانکاری لە هەڵوێستی خۆیدا بکات، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ناکرێت بوترێت ئەم ڕێکار و ڕێوشوێنە سزاکارییانە بە سەر وڵاتی ڕووسیادا بێ ئاکام و بێ کاریگەر بوون. دواتر نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە ئەگەر ئەم سزایانەش نەبووبێتنە هۆی ئەوەی ڕووسیا هەڵوێستی لەبارەی شەڕەکەوە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتبێت، ئەوا کاریگەرییە ئابوورییەکانی ئەم شەڕە لەسەر وڵاتانی دیکەی جیهان تەواو هەستپێکراوە و قەیران و تەنگژەی سەختی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراکی دروست کردووە. بەتایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە هەردوو وڵاتی ڕووسیا و ئۆکرانیا هەناردەکارێکی گەورەی گەنمن. کەواتە ئێمە دەبێت لەو ڕەهەندەشەوە لەم پرسە بڕوانین کە ئەم شەڕە کاریگەریی قووڵی دروست کردووە لەسەر ئاسایشی وزە و ئاسایشی خۆراك و وڵاتە دوورەکانیش بەدەر نەبوون لەوەی پریشکی ئاگری ئەم شەڕەیان بەربکەوێت و بەدەر نەبوون لەوەی بەشی خۆیان باجی ئەم شەڕە بدەن. کەواتە ڕوونە کە هەرچەندە دوو وڵاتن لە حاڵەتی شەڕی ڕاستەوخۆدان، ئەوا بە حوکمی ئەوەی دوو وڵاتی گەورەن و هەناردەکاری گەورەی کاڵای گرنگن، ئەوا ئاکام و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە ڕەهەندی جیهانییان وەرگرتووە، و ئەوەی جێی سەرنج و لەسەر ڕاوەستانە ئەوەیە کە هەوڵەکان لەسەر ئاستی جیهان بە چەشنێك نەخراونەتەگەڕ کە ببنە هۆی خاوکردنەوەی ڕەوتی شەڕەکە و کردنەوەی دەرفەت و دەروازەیەك بۆ ئەوەی دۆخەکە بە ئاراستەی چارەسەردا ببردرێت.

*** هەر لە پەیوەندی بە سزاکانی سەر ڕووسیاوە کە باس لەوە دەکرێت سەرەڕای ئەوەی کە نرخی وزە هەڵکشاوە لەسەر ئاستی جیهان و ڕووسیاش داهاتێکی زۆرتری دەست دەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باس لەوە دەکرێت ئابووریی ڕووسیا تووشی جۆرێك لە داکشان دەبێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ڕووسیا لە ڕووی سەربازییەوە زیانێکی زۆری کردووە و بەم دواییەش پاشەکشەی کرد لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا، ئایا پێت وایە دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە بەو چەشنە بوو کە ڕووسیا پێشبینی دەکرد، یان با بڵێین ڕووسیا لەم شەڕە چی چنییەوە؟**

- ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ هەلومەرج و بارودۆخی پێش هەڵگیرسان، یان پێش بڕیاری ڕووسیا بۆ هەڵگیرساندنی شەڕەکە و پەنابردنەبەر داگیرکاریی وڵاتی ئۆکرانیا، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە ڕووسیا هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە وڵاتەکەی سازش ناکات لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و لەم ڕووەوە دەبێت هەستیاریی ڕووسیا لەبەرچاو بگیرێت لە بارەی هەر هەوڵ و هەنگاوێك بۆ بەرفراوانکردنی ناتۆ بە چەشنێك کە بگاتە سنوورەکانی ڕووسیا. واتە لەم ڕێگەیەوە

**هەوڵەکان لەسەر ئاستی جیهان بە چەشنێک نەخراونەتەگەڕ کە ببنە هۆی خاوکردنەوەی ڕەوتی شەڕەکە و کردنەوەی دەرفەت و دەروازەیەک بۆ ئەوەی دۆخەکە بە ئاراستەی چارەسەردا ببردرێت**

**ئەم شەڕە ئاکامی پێچەوانەی لێکەوتووەتەوە بۆ ڕووسیا، بە حوکمی ئەوەی ناتۆ بە یەکگرتوویی ماوەتەوە و چەند وڵاتێکی دیکە هەوڵی بوونە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا دەدەن**

**ئەم شەڕە کاریگەریی قووڵی دروست کردووە لەسەر ئاسایشی وزە و ئاسایشی خۆراک و وڵاتە دوورەکانیش بەدەر نەبوون لەوەی پریشکی ئاگری ئەم شەڕەیان بەربکەوێت**



ڕووسیا هەوڵی دا کە پرسەکە پتر زەق بکاتەوە و بە چەشنێك بەکاری بهێنێت کە بتوانێت بیکاتە زەمینە و پاساوی بڕیارەکەی بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانەی کە خۆی ڕایگەیاندبوو. کەواتە ڕووسیا هەوڵی دا پرسەکە بەو چەشنە بخاتەڕوو کە پەیوەستە بە نیگەرانییە ئەمنییەکانی وڵاتەکەیەوە، یان دروستتر بڵێین پەیوەستە بە لەبەرچاونەگرتن و پشتگوێخستنی ئەم نیگەرانییە ئەمنییانەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵوێست و کردارەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواوە، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کاریگەریی ئەم هەڵوێستانەیان لەسەر هێنانەئارای ئەم بارودۆخە و بڕیارەکەی ڕووسیا، ئەوا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە بۆچوون و تێڕوانینێك لەسەر ئاستی جیهان دروست ببوو، کە چیتر ئەمریکا بە چەشنی ڕابردوودا ناتوانێت ئۆباڵی و بەرپرسیارێتی پەیوەست بە گرنگیدان بە پرس و کاروبارە جیهانییەکان بگرێتە ئەستۆ، واتە چیتر ناتوانێت، یان ئامادە نییە کاری پێویست بکات و هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی ئەو تەنگژە و مەترسی و کێشانەی ڕووبەڕووی جیهان بوونەتەوە. واتە ڕەنگە بتوانرێت بوترێت ئەم دید و تێڕوانینە کاریگەری هەبووبێت لەسەر حیسابات و لێکدانەوەی ڕووسیا، بەوەی شەڕ و داگیرکارییەکەی لەم چەشنەی بۆ دەچێتە سەر. ئەوەی پەیوەست بێت بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕووسیا لە شەڕەکەوە، یان بڵێین بەدینەهێنانییانەوە. ئەوا ئەگەر لە ڕوانگەی ئامانجە بنەڕەتییە ڕاگەیەندراوەکەی ڕووسیا لەم پرسە بڕوانین، واتە بەرگرتن بە بەرفراوانبوون و بەهێزبوونی ڕێکخراوی ناتۆ، ئەوا دەکرێت بڵێین ئەم شەڕە ئاکامی پێچەوانەی لێکەوتووەتەوە بۆ ڕووسیا، بە حوکمی ئەوەی ناتۆ بە یەکگرتوویی ماوەتەوە و چەند وڵاتێکی دیکە هەوڵی بوونە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا دەدەن.

# لەدایکبوونی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا

**داوا لە گەلان و ڕژێمەکانی ناوچەکە دەکەین پابەندی پەیامی خوا و فەرموودەکانی پێغەمبەر بن و چیتر دەستدرێژی نەکەنە سەر گەلی کوردی موسڵمان**



**مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی**

بۆ گوڵانی نووسیوە

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان. لەگەڵ نزیکبوونەوەی ساڵیادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) پیرۆزبایی لە هەموو موسڵمانانی جیهان و موسڵمانانی کورد دەکەم، داواکارم لە خودای گەورە و میهرەبان ساڵیادی لەدایکبوونی پێشەوای مرۆڤایەتی سەرەتای خۆشییەکان بێت لە سەرتاسەری جیهان بە گشتی و کوردستانی خۆشەویستمان بە تایبەتی. لەم بۆنە پیرۆزەدا لە خوای گەورە و میهرەبان داواکارم خێر و خۆشی ببەخشێتە گەلی کورد و نەتەوە و ئایینزاکانی کوردستان و گەلانی موسڵمانی ناوچەکەشمان ڕێگا نەدەن ڕژێمەکانیان دەستدرێژی بکەنە سەر گەلی کوردی موسڵمان و زیان بە برا کوردە موسڵمانەکانیان نەگەیەنن.

قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێشەوای مرۆڤایەتی پێغەمبەرمان (د.خ)پێمان دەڵێن: نابێت موسڵمان ئازاری برای موسڵمانی خۆی بدات، خودای گەورە و میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ). لە ساڵیادی لەدایکبوونی فەخری کائینات پێغەمبەری موسڵمانان (د.خ) لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت: (المُسلِمُ مَن سَلِمَ المسلمون مِن لسانه ويده..) لە فەرموودەیەکی دیکەدا تەئکید لەسەر برایەتیی نێوان موسڵمانان دەکاتەوە و دەفەرموێت: (المسلم أخو المسلم؛ لا يخُونُه ولا يَكذِبُه ولا يخذُلُه، كلُّ المسلم على المسلم حرامٌ: عِرضُه وماله ودمه).

داواکاریی ئێمەی زانایان و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ گەلانی موسڵمانی ناوچەکە و ڕژێمەکانیان داواکارییەکی کوردی موسڵمانە، دەبێت ئەوە بزانن کە خوای گەورە و میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا دەڵێت: (وَالْأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ)، واتە زەوی و ئەم خاکەمان دروست کردووە و دامانناوە بۆ ئەو خەڵقەی لەسەری دەژین بە جیاوازی ڕەنگ و زمان و ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و ئایینزای

جیاوازەوە و هیچ کەسێك بۆی نییە بێت و بڵێت تۆ نابێت لەسەر ئەم خاکە بژی، ئەمە شەرعی خوا و یاسا و داواکاریی و ویستی خوای گەورە و میهرەبان و دروستکەری هەموو زیندەوەران و جیهان و گەردوونە، ئێمەی مامۆستایان و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام داوامان لە هەموو موسڵمانانی جیهان و بە تایبەتی موسڵمانانی ئەو وڵاتانە هەیە کە کوردستانی بەسەردا دابەش بووە، ڕێزی برای موسڵمانی خۆیان بگرن و کۆمەڵکوژی نەکەن و ئازارمان مەدەن و دەستدرێژی نەکەنە سەرمان، هەرگیز خوای گەورە و میهرەبان و پێغەمبەرەکەمان (د.خ) لەگەڵ چەوسانەوە و زوڵم و زۆرداری نییە، پەیاممان لەساڵیادی لەدایکبوونی پێغەمبەر ئیسلامدا (د.خ) ئەوەیە گەلانی برای موسڵمانمان لەهەر چوارپارچەی کوردستان بە دواداچوونێکی هەڵوێست و کار و ڕەفتاریان و ئەو هەڵوێستە نارێکەیان بەرامبەر گەلی کوردی موسڵمان بکەنەوە.

لەدایکبوونی پێغەمبەرمان سەلامی خودای لەسەر بێت، گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتی، وێڕای بابەتە دینییەکەی کە پێغەمبەر (د.خ) پەیامێکی شەرعی و دینی لای خوای گەورە و میهرەبان پێ بوو، بەڵام لە هەمانکاتیشدا لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) گۆڕانکاری و سەرەتایەکی نوێ بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەر لەدایکبوونی ئازادی و دژایەتیکردنی کۆیلایەتی و چاندنی تۆوی برایەتی و ئاشتی و ڕێزگرتن لە بەرامبەر و بڵاوکردنەوەی کەلتووری لێبووردەیی و پێکەوەژیان بوو. لەدایکبوونی حەزرەتی پێغەمبەر (د.خ) لەناوبردنی کۆمەڵێك دابونەریتی ناشیرین و قێزەوەن بوو لە دوورگەی عەرەبی بە تایبەتی شەڕ و ئاشووب و هەڵکوتانە سەر یەکتر و تاڵانکردنی ماڵ و موڵکی یەکتر، بە لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) هەموو ئەو دابونەریتە ناشیرینانە لەناو بران. لەدایکبوونی پێغەمبەر بۆیە پێی دەوترێت لەدایکبوونی ئازادی، چونکە ئەو دەمەی فەخری کائینات لەدایك بوو، کاتێك کەنیزەکەی ئەبوو لەهەب هەواڵی بۆ ئەبوولەهەب هێنا کە برا بچووکەکەی ئەبوولەهەب کوڕێکیان بووە، ئەبوولەهەب ڕاستەوخۆ لە خۆشیی هەواڵەکە کەنیزەکەی بێ بەرامبەر ئازاد کرد.

یەکەمین جار کە ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر ئاهەنگی بۆ ڕێکخرا، لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی بوو لەناو کوردەکاندا، دواتریش لە شارستانیەتی کوردیدا ئەم کەلتوورەی مەولودی پێغەمبەر(د.خ) بە دەر لە تێڕوانینە ئایینییەکەیلەدێر زەمانەوە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و کلتووریشی وەرگرت و لە بیروبۆچوون و زهنییەتی کورددا چەسپێنرا و بە زیندوویی و پیرۆزی بەرز ڕاگیرا، ئەمەش بیدعە نییە و زانایان و مامۆستایانی ئایینی ڕایان وایە مادام ئامانج لە بەبیرهێنانەوەی موسڵمانانە لەدایکبوونی فەخری کائینات پێغەمبەر (د.خ) کە پەیامی مرۆڤایەتی پێ بووە و ڕۆژێکی نوێیە لە مێژووی مرۆڤایەتی و ئامانجێکی جوانی هەیە، ئەویش دابەشکردنی خێر و شیرینییە بە سەر منداڵان و موسڵماناندا و یارمەتیدانی هەژارانە، ئەمەش نەریتێکی پەسەندکراوی جوانە بۆ لەدایکبوونی دوایین نێردراوی خوا بۆ سەر زەوی، بۆیە ساڵیادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) گرنگە لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کەلتووریی و دابونەریتێکی جوانەوە، چونکە بەبیرهێنانەوەی هەموو ئەو فەرموودە و دابونەریتە جوانانەیە کە گەلی کوردی موسڵمان زۆر لە گەلانی دیکەی موسڵمان باشتر و جوانتر بە تۆخی و پاکی پەیڕەوی دەکات.

لەم یادەدا میللەتی کورد لە پێشەوەی هەموو میللەتەکانی دیکەن لە جیهانی ئیسلامی بە تایبەتی لە شاری هەولێری دێرین، شاری قەڵا و منارە و هۆلاکۆ بەزێن لە دێر زەمانەوە لە پێشەوەی هەموو شارەکانی جیهان ئەم یادە بەرز و پیرۆز دەکات. لە کاتی خۆی سوڵتان موزەفەر لە هەولێر خەونی بە پێغەمبەرەوە بینیوە، کاتێك کۆمەڵە کەسانێك ویستبوویان لە مەدینەی منەوەرە تەرمی پیرۆزی پێغەمبەر دەستکاری بکەن، پێشتر پێغەمبەر هاتبووە خەونی سوڵتان موزەفەر و بانگی کرد تا وەکو لەدەستی ئەو زاڵم و ستەمکارانە دەربازی بکات. یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) پێشتر بە شێوەیەك لە شێوەکان هەبووە، بەڵام وەکو ئاماژەم پێدا وەکو ئاهەنگێکی ڕێکخراو و فراوان بۆ سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی ڕەزا و ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت دەگەڕێتەوە، ئەو سەردەمە ئاهەنگ دەگێڕا و خێر و یارمەتیی هەژاران دەدرا و شیعر و هۆنراوە بۆ فەخری کائینات دەخوێندرایەوە و فەرموودەکانی پێغەمبەریان بە بیری خەڵکی دەهێنایەوە.

**سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی ئاهەنگ دەگێڕا و خێر و یارمەتیی هەژاران دەدرا و شیعر و هۆنراوە بۆ فەخری کائینات دەخوێندرایەوە و فەرموودەکانی پێغەمبەریان بە بیری خەڵکی دەهێنایەوە**

**کەلتووری مەولودی پێغەمبەر(د.خ) بە دەر لە تێڕوانینە ئایینییەکەی لە دێر زەمانەوە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووریشی وەرگرت و لە بیروبۆچوون و زهنییەتی کورددا چەسپێنرا**

**لەدایکبوونی حەزرەتی پێغەمبەر (د.خ) لەناوبردنی کۆمەڵێك دابونەریتی ناشیرین و قێزەوەن بوو لە دوورگەی عەرەبی بە تایبەتی شەڕ و ئاشووب و هەڵکوتانە سەر یەکتر و تاڵانکردنی ماڵ و موڵکی یەکتر**

# یاسای کۆتا و میژووی سەرهەڵدانی

**به بێ بەشداری و هاوبەشیی جددی و فیعلیی ئافرەتان، ئەستمە دەوڵەتێکی بەهێز و تەکنوکراتی مۆدێرن بێتە ئاراوە**

کە باس لە پەرلەمان دەکەین لە سەدەکانی پێشوو، تەنیا پیاوان دەبینران لە ناو هۆڵەکانی پەرلەمان، بۆیە ئەو دیاردەیە بووە جێگەی تێڕامان و هاتنەئارای پرسیارکردنی ئافرەتە ڕۆشنبیرەکان لەمەڕ نەبوونی ڕەگەزی مێ لە هۆڵەکانی پەرلەمان، بۆ ئەو مەبەستە یاسایەك دەرکرا بۆ بەشداریی ئافرەتان و پاراستنی مافی بەشداریکردن لە پەرلەمان و ئەنجومەنی یاسادانان، ئەویش یاسای (کۆتا) بوو کە هاتە ئاراوە و سەری هەڵدا.

کۆتا یەکێکە لە ئامرازەکانی بەهێزکردنی تواناکانی ئافرەتان، ئەو سیستمە لەسەر بنەمای یەکسانی سەرچاوەی گرتووە لە پێناو کەمکردنەوەی پەراوێزخستن و بوارنەدان بە ئافرەتان کە بە درێژایی مێژوو بە دەستیەوە دەناڵێنین، ژنانی جیهان و ئەمریکاش هەروەها کە لە سەدەکانی نۆزدەهەم بێبەش بوون لە چوونە ناو کاری سیاسی و هتد.

کۆتا واتە پێدانی کەمینەیەك لە مافە ڕەواکانی ژنان، لە پێناو گرتنەدەستی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە دەسەڵات و پۆستەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان و هاوبەشیکردن لە بڕیارەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگە، وەك ئەنجومەنە خۆجێیەکان .

لەگەڵ ئەوەی مەرج نییە کۆتا تەنیا پەیوەندی بە کاروباری سیاسییەوە هەبێت، بەڵکو کۆتا بریتییە لە پاراستنی مافی کەمینە و دابینکردنی هاوبەشییان لە ناو کایە گشتییەکانی ناو کۆمەڵگەدا، کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی کۆتا، ڕەنگە تووشی سەرسوڕمان بین، کاتێك دەبینین کۆتا بۆ مەبەستێکی دیکە بەکار هاتووە کە پێچەوانەی ڕۆژگاری ئەمڕۆمانە، ئەویش بۆ جیاکاری و جیاوازیی ڕەگەزپەرستی بەکار هاتووە کە لە ساڵی ١٩٢١ یاسای ئەمریکی (کۆتای فریاکەوتنی) ڕاگەیاند، کە بریتی بوو لە دیاریکردنی ڕاژەی ڕێگەپێدراو لە نەتەوە و نەژادە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەی ئەمریکی،

بەڵام لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠وە ئەو بۆچوون و بارودۆخە گۆڕا، بە تایبەت پاش ئەوەی دادگای باڵای ئەمریکا بڕیارێکی دەرکرد بە نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی و نەژادی لە دامودەزگاکان و ناو کۆمپانیاکاندا، پێش ئەوەش دامودەزگاکانی پەروەردە بڕیاری نەهێشتنی جیاکارییان جێبەجێ کردبوو، پاشان بڕیارێك درا بۆ بنکەی پۆلیسی یەکێك لە ولایەتەکان کە دەبێت نیوەی کارمەندەکانی پۆلیس لە نەتەوە و نەژادی جیاواز بن.

ئاشکرایە کە هەوڵەکان لە پێناو نەهێشتنی ڕەگەزپەرستیدا و بە بەردەوامی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان بە قۆناغی مێژوویی جیاوازدا تێپەڕیون. بە گشتی ئەوەی سەرەوە باسێکی فراوانی (کۆتا) بوو.

**کاتی نەمانی یاسای کۆتا هاتووە و کاتی فراوانبوونی هاوبەشیی ئافرەتانە وەک پیاوان، کە بە حەق و بە دەنگی خۆیان بچنە ناو پرۆسەی سیاسی و لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و هەر کایەیەکی سیاسی و گشتی و بەڕێوەبردندا کێبڕکێی دادپەروەرانە بکەن**

### ■ دروستبوونی یاسای کۆتا بۆ ئافرەتان

دەبینێن ماوە ماوە دەوڵەتەکان ڕێککەوتننامە و پەیماننامە واژوو دەکەن لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی ئافرەتان و بەگەڕخستنی تواناکانیان و دابینکردنی زەمینەسازی بۆ پراکتیزەکردنی کارەکانیان لە ناو کۆمەڵگەدا .

هەندێك لەو ڕێککەوتننامانە ماوەیەکی دیاریکراو و سنووردارییان هەبووە بۆ نوێنەرایەتیی خۆیان لە دامودەزگا و دامەزراوەکاندا، لەگەڵ پەیوەست بوون و ئیلتزامیان لە لایەن وڵاتانی هاوبەش و واژووکار لەسەر ئەو ڕێککەوتنانە کە پێویستە بە هەند وەربگیرێن، خۆ گونجاندنیان لەگەل کەلتووره جیاوازەکان و ئاستی ڕۆشنبیری و توانا کۆمەڵایەتییەکاندا.

لە ساڵی ١٩٩٥ کۆنگرەی جیهانی بۆ ئافرەتان لە پەکینی پایتەختی وڵاتی چین ڕێك خرا، کە لەو کۆنگرەیەدا بڕیار درا بە دیاریکردنی ڕێژەی پێویست لە ئامادەبوونی ئافرەتان لە دامودەزگا تەشریعییەکاندا بە ڕێژەی ٣٠٪ بێت، کە ئەویش لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە.



ئاشنا بابان
مامۆستای زانکۆ، زانستە سیاسییەکان
بۆ گوڵانی نووسیوە

## جۆرەکانی کۆتا:

سیستمی کۆتا بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکرێت کە بریتین لە:

١- کۆتای دەستووری Constitutional Quotas- لە دەستووردا دابین کراوە، کە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە کورسییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان بۆ بەرژەوەندیی ئافرەتان (ئۆرگانەکان) دیاری دەکرێت.

٢-کۆتای یاسای هەڵبژاردن Electoral Law Quotas- لە یاسای هەڵبژاردندا بە دەقێکی یاسایی ئاماژە بە سیستمی کۆتا بکات، لە پێناو بەرژەوەندیی ئافرەتاندا.

٣- یاسای پارتە سیاسییەکان Political Party Quotas- پەسندکردنی پارتە سیاسییەکان لە ڕێسای ناوخۆیی خۆیاندا، کە بریتین لە تەرخانکردنی ڕێژەیەك لە ژنان وەك کاندید.

سیستمی کۆتا وەك هەر بابەتێکی دیکە لایەنی باش و ئەرێنیی هەیە، لەگەل دیوەکەی دیکەی کە نەرێنییە.

لایەنە ئەرێنییەکان وەك: یەکێك لە باشییەکانی سیستەمی کۆتا ئەوەیە ڕێگری دەکات لە پەراوێزخستنی ئافرەتان لە پرۆسەی بڕیاردان و، دابینکردنی یاسا بۆ پاراستنی مافەکانیان و هاتنە ئارای جۆرە یەکسانی و هاوسەنگییەك.

لایەنە نەرێنییەکەی وەك: جیاکاری دەکات لە بەرامبەر پیاواندا، ئەگەر بە واقیعی ئامانج دادپەروەری بێت، دەبێت هەموان یەکسان بن، جگە لەوە وەك چارەسەرێکی کاتییە و نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی دیموکراسی ناکات.

بە پێی ئاماری بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان، گەیشتووەتە ئەوەی کە هاوبەشیی ئافرەتان لە دامودەزگاکان و پەرلەمان (دەسەڵاتی یاسا دانان- ئەنجومەنی نوێنەران) ١٥.٢٪ بووە لە جیهاندا، لە وڵاتە عەرەبییەکان ٦.٤٪ بووە، میسر یەکەم وڵات بووە بۆ پیادەکردنی یاسای کۆتا لە پەرلەمان، کە لە ساڵی ١٩٧٩دا ٣٠ کورسی بۆ ئافرەتان دیاری کرا، بەڵام پاشان ئەو یاسایە هەڵوەشایەوە.

عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٠ لە ڕیزبەندی ٧٠ی جیهان بووە لە ڕووی ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە پەرلەمان ٢٥.٥٪ بووە لە کۆی٣٢٩ کورسی ٨٤ کورسی بۆ ئافرەتانە.

لە هەرێمی کوردستان بە پێی ماددەی بیست و دووەم کە ڕێژەیەك بۆ ئافرەتان دیاری کراوە، کە دەبێت لە ٣٠٪ کەمتر نەبێت.

هاوبەشیی سیاسیی ئافرەتان و خواست و داواکارییەکانیان هیچی کەمتر نییە لە داخوازییە مەشرووعەکانی پیاوان، وەك داواکاریی هاوبەشی سیاسی، هەڵبژاردن و هاوبەشی لە دامودەزگا و کایە گشتییەکاندا، لە بنەما سەرەکییەکانی سیستمی دیموکراسی لە ماف و ئازادییەکاندا، وەك مافێکی ڕەوای ئافرەتان بۆ دەستبەرکردنی ئازادییە سیاسییەکانیان و لەپێناو پتەوکردن و بەهێزکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و هاتنە ئارای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی وڵات. پێویستە ئافرەتان بواریان پێ بدرێت و زەمینەسازییان بۆ بکرێت، بە جۆرێك توانستی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە و پراکتیزەی کاری خۆیان بکەن، کە لەگەڵ پیاواندا هاوشان و یەکسان بن، واتا هاوتەریب بن لە هاوبەشیی سیاسیدا، جیاکاری و جیاوازی و کۆتا و دانانی ڕێژەیەك بۆ ئافرەتان، ڕەنگە بۆ سەردەمێکی ڕاگوزاری بارودۆخی کوردستان گونجاو بووبێت، بەڵام لەم ڕۆژگارەدا ئافرەتان توانا و گەشەی جۆری و چەندێتییان جیاوازترە، بۆیە کاتی نەمانی یاسای کۆتا هاتووە و کاتی فراوانبوونی هاوبەشیی ئافرەتانە وەك پیاوان، کە بە حەق و بە دەنگی خۆیان بچنە ناو پرۆسەی سیاسی و لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و هەر کایەیەکی سیاسی و گشتی و بەڕێوەبردندا کێبڕکێی دادپەروەرانە بکەن.

چونکە بە بێ بەشداری و هاوبەشیی جددی و فیعلیی ئافرەتان، ئەستمە دەوڵەتێکی بەهێز و تەکنوکراتی مۆدێرن بێتە ئاراوە.

**پێویستە ئافرەتان بواریان پێ بدرێت و زەمینەسازییان بۆ بکرێت، بە جۆرێک توانستی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە و پراکتیزەی کاری خۆیان بکەن، کە لەگەڵ پیاواندا هاوشان و یەکەسان بن**

**مەرج نییە کۆتا تەنیا پەیوەندی بە کاروباری سیاسییەوە هەبێت، بەڵکو کۆتا بریتییە لە پاراستنی مافی کەمینە و دابینکردنی هاوبەشییان لە ناو کایە گشتییەکانی ناو کۆمەڵگەدا**

# سینەمای ژینگەیی ئاوێنەیەک بۆ پێشاندانی گرفتەکانی ئایندە

سینەمای ژینگەیی، یان فیلمە ژینگەییەکان بەشدارییەکی بەرپرسانەیە لە ناساندنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ئاو و هەوای جیهاندا هاتوون، گۆڕانکارییەك کە وەك ئاڵنگارییەکی نوێ ڕووبەڕووی مرۆڤایەتیی بووەتەوە، بەهۆی هەڵەی خودی مرۆڤ لە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەو پێکهێنەرەکانیدا.

وەك لە نووسینە ژینگەییەکاندا پیت و وشە و ڕستەکان گوزارشت لە پرسی ژینگە دەکەن، لە سینەمای ژینگەییشدا فیلمە ژینگەییەکان لە ڕێگەی چاوی کامێراوە گوزارشت لە پرسی ژینگە دەکەن.

سینەمای ژینگەیی و فیلمە ژینگەییەکان ساڵانێکە لە ڕێگەی دەنگ و ڕەنگەوە پەیامێکی بەهێزی ژینگەیی وا دەگەیەنن، کە کامێرا دەتوانێت ببێتە چاوی سرووشت و، گۆڕانکارییەکانی ژینگە و ئاووهەوا تۆمار بکات.

سینەمای ژینگەیی، یان فیلمە ژینگەییەکان، یان سینەمای سەوز، دەروازەیەکن بۆ:

یەکەم: ئاشنابوون بە زانیارییەکی گشتگیر بە باسەکانی ژینگە.

دووەم: دروستکردنی ڕایەکی گشتی لەبارەی ئەو ڕاستییانەی کەم کەس ئاگاداریانن.

سێیەم: بوارێکی گونجاوە بۆ دەرخستنی توانا ژینگەییە شاراوەکان و داهێنان لەسەر ئاستی تاکە کەس.

چوارەم: هەوڵێکە بۆ ڕاگرتنی هەڵمەتی پیسکردن و تێکدانی ئیکۆسیستم و هەمەجۆریی بایۆلۆجی و سامانی سرووشتی.

پێنجەم: دووبارە داڕشتنەوەی بیرکردنەوەی تاك و کۆمەڵگە بەپێی بنەماکانی هاووڵاتیبوونی ژینگەیی.


شەشەم: هۆشیاریی ژینگەیی لای هاووڵاتیان جێگیر دەکەن و بەرپرسان و کاربەدەستانیش لە زۆرێك لە کێشە دیار و نادیارەکانی ژینگە ئاگادار دەکەنەوە.

حەوتەم: خێراترین هۆکارن بۆ گەیاندنی بیرۆکەکان بە بینەر و کارتێکردن لە تاك و، هاندانیان بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان.

هەشتەم: توانای جەماوەر دەگۆڕن بۆ هێزێکی فشار لەسەر بەرپرسان، بۆ ئەوەی ڕێکارە ژینگەییە دروستەکان بگرنە بەر، بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگە.

نۆیەم: هۆکارێکن بۆ کۆکردنەوەی تاکەکان لە بۆتەی کاری هاوبەش و خۆبەخشانەدا بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەدا.

دەیەم: دەرخستنی ڕۆڵی پیشەسازیی سینەما



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە زیادکردنی پیسکردنی ژینگە لە ڕێگەی کارە دژ بە ژینگەییەکانی بەهەمهێنەر و دەرهێنەرانی فیلمە سینەماییەکان، وەك ئەوەی لە دەرهێنانی زۆربەی فیلمەکاندا ڕووناکییەکی زۆر و دروستکردن و تێکدانی شوێنی وێنەگرتن و دیکۆری کاتی و چاپکردنی سەدان دانە لە کۆپیی دەقەکان و خواردنی ڕۆژانەی ستاف و گەرمکردنەوە، یان ساردکردنەوەی شوێن و، تەقەمەنی و تەقاندنەوە و ئاگرکردنەوە و دووکەڵ و بەکارهێنانی لە ڕاددەبەدەری هۆکارەکانی گواستنەوە و بڕینەوەی درەخت و سووتانی دارستان و پیسکردنی ڕووبار و ئازاردانی ئاژەڵ و .. هتد.

فیلمە ژینگەییەکان لەسەر ئاستی جیهان چەند ساڵێکە سەرەتایەکیان دەست پێ کردووە، بەڵام هێشتا بەراورد بە ئەو فیلمانەی کە باس لە کێشەکانی دیکە دەکەن، زۆر کەمن، بێگومان ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە:

یەکەم: کەمتەرخەمیی دامەزراوە گشتی و تایبەتەکان لە ئاوڕدانەوە لە باسەکانی ژینگە.

دووەم: سینەما بە شێوەیەکی گشتی پارە و بودجەیەکی زۆری دەوێت.

سێیەم: بەرهەمهێنەرانی فیلم بایەخپێدانی یەکەمیان بەو فیلمانەیە کە پارەی زۆریان بە خێرایی بۆ پەیدا دەکەن، نەك بەو فیلمانەی کە باس لە کێشە و گرفتی دوورمەودای وەك ژینگە دەکەن.

چوارەم: نەبوون، یان کەمیی کەلتووری بەرهەمهێنانی سینەمایی ژینگەیی.

پێنجەم: لاوازیی سینەمای ژینگەیی لە ڕووی ژمارە و جۆری فیلمەکان و لە ڕووی کەمیی بینەرانییەوە.

بۆیە لە پێناوی دەستکردن بە دانانی بنەمایەك بۆ هێنانە ئارای سینەمای ژینگەیی و فیلمە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، چەند هەنگاوێکی سەرەتایی پێویستن هەرچەندە بچووکیش بن، لەوانە:

یەکەم: ئەنجامدانی پێشبڕکێی ساڵانە بۆ کورتە فیلمی ژینگەیی.

دووەم: پێویستیی هەبوونی بەشی فیلمە ژینگەییەکان لە هەر فیستیڤاڵێکی سینەماییدا.

سێیەم: دەربازبوون لە کۆتوبەندی چەند بارەکردنەوە و کەلتووری خۆڕادەستکردن بە گرفتەکان.

چوارەم: جەختکردنەوە لەسەر ئامادەکردنی ئەو فیلمە ژینگەییانەی کە دۆزینەوەی چارەسەری داهێنەرانە بۆ گرفتەکان دەخەنە ڕوو.

# هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کاردانەوەی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە



دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان پێشنیاری هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی تاوتوێ کرد و مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتەوە، دوو خاڵ زۆرترین هەرای لە سۆشیال میدیا نایەوە، یەکێکیان بە زۆر سەرجێی هاوسەرانی بە تاوان داناوە، ئەوەی دیکەش بریتی بوو لەوەی کە هەر کەسێك دەتوانێت بەرامبەر بە تاوانێکی توندوتیژی هەواڵبەر بێت. لە بەرامبەردا یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، هاتە دەنگ و لە بەیاننامەیەکدا ئاماژە بەوە دەکەن « ئێمە لە یەکێتی زانایان لە ڕوانگەی هەستی بەرپرسیارێتی و ئەرکی پیشەیی خۆمان چاومان بە پرۆژە یاساکە کەوتووە. دوای خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆمان دەرکەوتووە، کە ئەم پرۆژە یاسایە لەگەڵ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام ناگونجێ و پێچەوانەی نەریت و واقعی کۆمەڵگەی کوردی و ئاشتیی کۆمەڵایەتییە و ئەگەری لێکەوتەی خراپی بۆ سەر شیرازەی خێزان هەیە، لەم سۆنگەوە داواکارین لە پەرلەمانی کوردستان پرۆژەی ناواقیعی و نەگونجاو بە کەلتوور و واقعی میللەتەکەمان نەخاتە بەرنامەی کار و هەوڵی بە یاسا کردنی نەدات، چونکە دەرکردنی یاسا بۆ خزمەت و بەرژەوەندیی هاووڵاتیان و کۆمەڵگەیە، نەك زیاترکردنی ئاریشە».

هاوکات لەنجە دزەیی سەرۆکی لێژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەییدا گوتی: «وەك لێژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان نزیکەی ساڵێکە لەسەر یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزان کار دەکەین تا هەموار بکرێتەوە، بۆیە دڵنیاتان دەکەینەوە لەوەی کە هیچ یاسایەك دەرناچێ کە دژی شەریعەت و مافەکانی مرۆڤ بێت».

ئامینە هەمەوەندی ڕێنماییکاری پەروەردەییە سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «زۆربەی جار من پشتیوانی لە بیرۆکەی (توندوتیژی) ناکەم کە دەنگدانەوەیەکی بێ ئەندازەی هەیە لە میدیاکان و بەرنامەی جۆراوجۆری بۆ دادەنرێت لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەتی دەسەڵاتدارمانەوە لە کوردستان. بۆ؟ لەبەر ئەوەی توندوتیژی هەر لە دێرزەمانەوە هەبووە. تەشەنەکردنی توندوتیژی لە کۆمەڵگەکەمان قابیلی قبووڵ نییە. لە زۆرینەی وڵاتان ئامارەکان دەدوێن کە هەمیشە ئەمجۆرە توندوتیژییانە باوە لە کۆمەڵگەکانیان، خۆشبەختانە ئەم یاسایانەی وا لە کوردستان دەرچووە و بەرکارە، مایەی دڵخۆشی و دەستخۆشییە، بەڵام ناکرێت تەسك بکرێتەوە لە چوارچێوەی خێزاندا، دەکرێت هەڵمەتێکی بەرفراوانی هۆشیاری یاسایی سەرتاپای کۆمەڵگە بگرێتەوە، وەك ڕێزدار ڕێبەر ئەحمد وەزیری ناوخۆ فەرمووی و دەستی خستە سەر برینەکە، هەمیش بەندە پێش ماوەیەك لە هەوڵی ئەوەدا بووم، هاوشانی بەشی یاسایی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەرنامەیەك دابنێین بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری یاسایی بۆ گشت تاکەکەنی کۆمەڵگە لە ڕێگای کەناڵی فەرمانگە حکوومییەکانەوە بۆ ناساندنی هەر تاکێکی فەرمانبەر بە مافەکانی و ئەرکەکانی لەناو ئەو فەرمانگەیە و هەروەها لەناو خوێندنگەکانیش دەکرێت هەوڵێکی جددی بدرێت بۆ بڵاوکردنەوەی درککردن بە یاسا». گوتیشی: «ئێمەمانان تا لووتمان لە بەردی دادگا نەدات و داغ نەکرێین، لە یاسا تێناگەین. هەروەها دەرکردن و هەموارکردنی چەندین یاسا بایەخێکی ئەوتۆی نابێت بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە ئەگەر هۆشیارییەکی بەرفراوانی لەگەڵدا نەبێت.

ڕووزار ئەحمەد مامۆستا و چالاکی مەدەنییە و ڕای وایە:

**دڵنیاتان دەکەینەوە لەوەی کە هیچ یاسایەک دەرناچێ کە دژی شەریعەت و مافەکانی مرۆڤ بێت**

**دەکرێت هەڵمەتێکی بەرفراوانی هۆشیاری یاسایی سەرتاپای کۆمەڵگە بگرێتەوە، وەک ڕێزدار ئەحمد وەزیری ناوخۆ فەرمووی و دەستی خستە سەر برینەکە**



**لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پەرلەمانی کوردستان پێشنیاری هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی تاوتوێ کرد، بەڵام کاردانەوەی جیاوازی لێکەوتەوە و مشتومڕی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا، چ لەلایەن ئەوانەی پشتگیری دەکەن، چ ئەوانەشی کە دژی دەوەستنەوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان زیاتر شەن و کەوی ئەو پرسە هەستیارە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

«هەموارکردنی پرۆژە یاسای توندوتیژی ئەمڕۆ وەکو دەرچوونی بەردێك وایە لەژێر سمی ئەسپێکدا، لەبەر ئەوەی هەر یاسایەك دەبێت لە ئاست و خواستی پەروەردە و کۆمەڵگە بێت و پێشتر خوێندنەوەی چڕوپڕ بۆ نەریتە مەزهەبی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان کرابێت و بپرسین: ئاخۆ ئێمە لە کوێی ئەو هاوکێشە جیهانییەین؟ گوتیشی: «کۆمەڵگەی کوردەواری مێژووەکەی لەسەر بنەمایەکی خێزانیی تەندروست بونیات نراوە و دەبێت بەهاکانی لەمەڕ بڕیاردان و هەموارکردنی هەر یاسایەك پارێزراو بن».

ئەو چالاکی مەدەنییە وەك هەزاران چالاکی دیکە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «توندوتیژی بە درێژایی مێژوو هەبووە و تا هەنووکەش لە تەواوی کۆمەڵگەکاندا بەردەوامە»، هاوکات دەڵێت: «خودی دین بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی هاتووە و پێغەمبەر و خوداش وا دەڵێن، بۆیە من پێموایە پێویستە ئەم هەموارکردنە چڕ نەکرێتەوە لەسەر چۆنی و چەندێتی سزا، بەڵکو بۆ جەوهەری باسەکە بگەڕێینەوە کە ئەویش هۆکاری زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژییەکان و دۆزینەوەی ڕێکاری چارەسەریەتی». گوتیشی: «بۆچی باسی ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەی ژنان و ئافرەتان ناکەن، چییان کردووە، کاتێك پرۆژە یاساکە باسی بنکەی بەناو حەوانەوە و داڵدەدان دەکات، پێم بڵێن کام حەوانەوە؟ کامە مەرجی تەندروستی؟ کامە زەمانەتی پێگەیاندن؟ دەبوو یاسا بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم کەیسانە بکات، کە چارەنووسی خێزانەکان نادیار دەکات. پێویستە حکومەت و دەزگا و بنکە و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان خۆیان بەتەواوی ساغ بکەنەوە و لە سنووری پاراستنی خێزان و کۆمەڵگەی کوردەواریدا هاوکاری ماددی مەعنەوییان بێت».

دهـۆك بەڕۆژی بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە ئەنجومەنی سۆران(ی.ئا.ك) سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای توندوتیژی دژی خێزان، ڕای وایە لە بەرژەوندیی ئافرەتانە لە هەرێمی کوردستان و هاوکات دەڵێت: «یاسا بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە دانراوە و لەبەر ئەوەی ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیە بۆیە هەندێك لە یاساکان بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئافرەتیش هاتوون، چ لە بواری کۆمەڵایەتی، یان لە بواری باری کەسی» یان لە بواری سزادان و دیارکردنی ئەرك و مافەکان. هەروەها لەبەر ئەوەی زۆربەی یاساکان مورکی پیاوسالاری پێوە دیارە، بۆیە لەو یاسایانە ستەمی زۆر لە ئافرەت کراوە». گوتیشی: «بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزان بۆیان دەرکەوتووە، یاساکە ژمارەیەك هەمواری پێویستە، چونکە وەك پێویست نەتوانراوە ئافرەتان بپارێزێت، بۆیە یاساکە هەموار دەکرێتەوە و سزاکانیش توندتر دەکرێن. هەروەها سەرنجمان هەیە لەسەر یاسای توندوتیژی دژی خێزان، بۆیە بڕیاری هەموارکردنەوەی دراوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتیش پابەندە بە دابینکردنی مافەکانی ژنان، بۆیە یاساکە لە ناوەکەیەوە گۆڕدراوە و کراوە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت و خێزان لە هەرێمی کوردستان. داوا لە دادگاکانیش دەکەن کە دادوەری تایبەت بە دۆسێیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت و خێزان هەبێت و ڕێگرییش بکەن لەوەی تۆمەتبارانی ئەو دۆسێیانە بە کەفالەت ئازاد بکرێن».

**دەرکردن و هەموارکردنی چەندین یاسا بایەخێکی ئەوتۆی نابێت بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە ئەگەر هۆشیارییەکی بەرفراوانی لەگەڵدا نەبێت**

**هەر یاسایەک دەبێت لە ئاست و خواستی پەروردە و کۆمەڵگە بێت و پێشتر خوێندنەوەی چڕوپڕ بۆ نەریتە مەزهەبی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان کرابێت**

ژیان ئەحمەد:

# خوازبێنیکاری زۆرم هەبوو، بەڵام براکانم لە پێناو ئیسراحەتی خۆیان ڕێگرییان لێ دەکردم هاوسەرگیری بکەم



■

**خزمەتکردنی دایک و باوکی پەککەوتە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کچەی کە لەسەر ماڵە و هێشتا هاوسەرگیری نەکردووە، بۆیە بە ناچاری قوربانی بە خۆی دەدات**

■

**گەورە کچان کە زیاتر بە «قەیرە» ناویان دەبەن، هەر کامیان هەڵگری هەنبانەیەك لە ئاریشە و ئاستەنگەکانی ژیانی ڕابردووی خۆیانن، زۆریشـن ئەو کچە هەناسەساردانەی کە بە هۆی ستەمی کەسـە نزیکەکانیان لە مافی دایکایەتی بێبـەش دەکرێـن، بەتایبەتـی ئـەو کچانـەی بـە مەبەسـتی چاودێریکردنـی دایـك و باوکیان پرۆسـەی هاوسـەرگیرییان دوادەخرێت، زۆر جاریش ڕێگرییان لێ دەکرێت، کە دایك و باوکیشی کۆچی دوایی دەکەن، ناچاری دەکەن بچێتە ماڵە برایەکی، ئەو کات براژن و برازاکانی تەحەکوم بە ئافرەتێکی کامل و هۆشیار دەکەن. ژیان ئەحمەد یەکێکە لەو گەورە کچانە ڕاشکاوانی باسی ژیانی ڕابردووی خۆی بۆ گۆڤاری گولان دەکات.**

**گولان: کۆمەڵایەتی**

ئەگەرچی تەمەنی لە پەنجا ساڵ نزیك دەبێتەوە، بەڵام ڕوخساری وا نیشان نادات و چەندین ساڵ لە تەمەنی خۆی منداڵتر دیارە. سەرەڕای ئەوەی کە وەك خۆی باسی دەکات، لە لایەن براکانییەوە «غەدری زۆر»ی لێ کراوە. بە ژیان ئەحمەد خۆی دەناسێنێت و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «وەك کەلتوورێك لەناو بەشێکی خێزانەکان بۆ خزمەتی دایك و باوکی پەککەوتە کچ دەهێڵنەوە، تەنانەت ئەگەر کۆمەڵێك کوڕیشیان هەبێت، ئەوەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خزمەتکردنی تاکەکانی خێزان بە تایبەت نەخۆش و بەساڵاچووان خراوەتە ئەستۆی ئافرەت، نەك پیاو، لەو حاڵەتەدا واتە خزمەتکردنی دایك و باوکی پەککەوتە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کچەی کە لەسەر ماڵە و هێشتا هاوسەرگیری نەکردووە، بۆیە بە ناچاری قوربانی بە خۆی دەدات، چونکە لەوە ڕاهاتووە ئافرەت قوربانیدەری سەرەکییە لە ناو خێزاندا.

ژیان ئەحمەد کچێکی تەمەن ٤٨ ساڵەی دانیشتووی شاری هەولێرە، ئەو دەرچووی قۆناغی ئامادەییە و وەك خۆی باسی دەکات بەهۆی کۆمەڵێك بەربەست نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات و ببێتە خاوەنکار و داهاتی خۆی. لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گولان، بەمجۆرە باس لە ڕۆژە ناخۆشەکانی ژیانی ئێستا و ڕابردووی دەکات:

«ئێمە چوار برا و سێ خوشك بووین، من منداڵی چوارەمی دایك و باوکم بووم، کاتێك لە قۆناغی ئامادەیی بووم، باوکم جەڵدەی دڵ لێی دا و چەند ساڵێك کەوتە سەر جێگە، تەواوی خوشك و براکانم لە خوێندن و خۆپێگەیاندنی خۆیان بەردەوام بوون، بە بیانووی ئەوەی کە باوکم منی خۆش دەوێت و لەگەڵ من ئاسوودەیە بە زۆر و زۆرداری منیان لە خوێندن دەرهێنا، ئەگەرچی دایکیشم لە ژیاندا مابوو. ڕۆژان هاتن و تێپەڕین هەموو خوشك و براکانم خوێندنیان تەواو کرد و ژیانی هاوبەشیان پێکهێنا، لەم ماڵە گەورەیەی کە ساڵانێك جمەی دەهات لە خوشك و برا، من و دایکم و باوکم بە تەنیاماینەوە، زۆری نەبرد دایکیشم بەهۆی پیری و نەخۆشییەوە کەوتە سەر جێگە و دوای ماوەیەك لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییەکەی ئەمری خوای کرد، من و باوکم بە تەنیا ماینەوە، خوشك و براکانم لە کاتی نەخۆشیی دایکم و هەم باوکم هەقیان بەسەر هیچەوە نەبوو، ڕۆژانی هەینی ئەگەر بۆیان بکرابا سەردانێکی یەك دوو سەعاتیان دەکردین و دەڕۆشتنەوە، ئەوان خەریکی خۆشگوزەرانی و گەورەکردنی منداڵەکانیان بوون، بەوەش نەوەستان، ببووم بە دایەنی منداڵەکانی خوشك و براکانم کە دەچوون بۆ دەوام و بازاڕ و لای دکتۆر منداڵەکانیان دەهێنا بۆ لای من، هەر ڕۆژەی یەکێکیان بە ناوی دەعوەتکردن و نانخواردن ئێمەیان دەبردە ماڵی خۆیان و بە بیانووی ئەوەی منداڵم نییە و سەڵتم ماڵەکانیان بە من پاك دەکردەوە، لە ڕابردوودا خوازبێنیکاری زۆرم هەبوو، بەڵام براکانم لە پێناو ئیسراحەتی خۆیان هەموویان ڕێگرییان لێ دەکردم هاوسەرگیری بکەم، برا گەورەکەم پێی دەگوتم تازە مێردیش بکەی منداڵت نابێ، تەمەنت زۆر بووە و دەبێ مێرد بە پیرەمێردێك بکەی، لە جیاتی ئەوەی خزمەتی پیرەمێردی خەڵکی بکەیت، خزمەتی بابی خۆت بکەیت باشترە، ساڵی پاریش باوکم ئەمری خوای کرد».

ژیان ئەحمەد دوای کۆچی دوایی دایك و باوکی تووشی زۆر نەهامەتی دەبێتەوە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «دوای مردنی دایك و باوکم ژیانم زور خراپتر بوو، براکانم ڕێگەیان نەدام لە ماڵی خۆم بمێنمەوە، ئەویش بە بیانووی ئەوەی کە من کچی عازەبم و عەیبە بە تەنیا بژیم، هەر چوار ڕۆژ دوای مردنی باوکم براکانم خانووەکەیان هەڕاج کرد، دوو ساڵە بێ ماڵ و حاڵم دوو ساڵە هەر ڕۆژەی لە ماڵی برایەکمم، براژنەکانم تەحەکومم پێ دەکەن، برازا تەحەکومم پێ دەکات، ڕێگە نادەن بچمە دەرەوە و بچمە لای هاوڕێکانم، پێم دەڵێن: ئەوەندە مەچۆرە دەرەوە، دوایی خەڵك پێت دەڵێن لە مێردی دەگەڕێ، هەر ڕۆژێك لە ژیانم تێدەپەڕێ و خۆزگە بە مەرگ دەخوازم، دوای مردنی باوکم چەند خوازبێنییەکم هەبوو، بەڵام دیسان بوونە ڕێگر لە بەردەم ئەوەی منیش وەکو ئەوان ماڵێکم هەبێت و چیتر لەو دەرك و ئەو دەرك نەمێنمەوە، دەیانگوت ئەمە لە ئێمە ناوەشێتەوە، براکانم دەیانگوت ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ ئەوەش بکەی، ئابڕوومان دەچێت و دەڵێن بە کۆمەڵە برایەك خوشکێکیان پێ بەخێو ناکرێ».

**لەناو بەشێکی خێزانەکان بۆ خزمەتی دایک و باوکی پەککەوتە کچ دەهێڵنەوە، تەنانەت ئەگەر کۆمەڵێک کوڕیشیان هەبێت**

**بە بیانووی ئەوەی کە باوکم منی خۆش دەوێت و لەگەڵ من ئاسوودەیە بە زۆر و زۆرداری منیان لە خوێندن دەرهێنا**

## پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. جوان بەهادین عەلی:

# با لە ماڵەکانمان بە قوربان و بە ساقەی کچەکانمان بین، تا لە دەرەوەی ماڵ بە دوای ئەو وشانەدا نەگەڕێن

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. جوان بەهادین عەلی، مامۆستا لە زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردە/ بەشی پەروەردە و دەروونزانی، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ بە تایبەت کچان دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانمان پێویستە پەنا ببەینە بەر مامەڵەیەك کە لەسەر بنچینەی دادپەروەری، نەك یەکسانی بونیات نرابێت.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** ئەو لایەنانە کامانەن کە پێویستە لە پەروەردەکردنی کچاندا گرنگی پێ بدرێت؟**

- لە پەروەردەکردنی کچاندا پێویستە ڕەچاوی تایبەتمەندیی جەستەیی کچان بکرێت لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی جەستەییان، بەپێی گەشەی هزریان فێر بکرێن کە چۆن جەستەیان بپارێزن و گرنگی بە لایەنی تەندروستییان بدەن، بەتایبەتی لە قۆناغی نەوجەوانیدا دەبێت فێربکرێن کە چۆن مامەڵەی دروست لەگەڵ گۆڕانکارییە جەستەییەکانیان بکەن و خاوێنیی جەستەیان بپارێزن. لەلایەکی دیکەوە پێویستە گرنگی بدەین بە زیرەکیی کۆمەڵایەتییان و ئامادەیان بکەین کە تاکێکی شیاو و بەسوود بن لەناو کۆمەڵگەدا، هەروەها هەندێك بەرپرسیارێتییان پێ بدرێت تا هەستی بەرپرسیارێتییان لە نێو خێزاندا هەبێت، لە سەرووی هەمووشیانەوە دەبێت پەروەردەی ڕەوشتی و ئایینی منداڵەکانمان لەیاد نەکەین، چونکە ئایین و مۆڕاڵ دوو ڕایەڵن کە تاکاکەکان دەکەنە تاکی دروست و بەسوود لە کۆمەڵگە.

پێویستە کچەکانمان دانەبڕێنین لەو گەشەسەندنە چەندی و جۆرییەی بواری تەکنەلۆژیای سەردەم و ئامادەیان بکەین کە چۆن بە دروستی بەکاریان بهێنن بە بێ ئەوەی کە ببێتە مایەی گرفت بۆ خۆیان و خانەوادەیان، هەروەها ئاشنا بکرێن بەوەی کە چۆن تەکنەلۆژیای سەردەم لە پێناو ئامانجەکان و پێداویستییەکانی ژیانیان و لە ڕەوڕەوەی گەشەی تەکنەلۆژیای سەردەم دانەبڕێن.

*** ئایا تا چەند پێویستە باوك و دایك لە بەرامبەر منداڵەکانیان دادپەروەر بن، جیاوازی نەکەن لە نێوان کوڕ و کچ، گەورە و بچووك بە شێوەیەکی دادپەروەرانە خۆشەویستی و میهرەبانی خۆیان بە سەر منداڵەکانیاندا دابەش بکەن؟**

- لە پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵەکانمان دەکرێت بە گشتی هەندێك بابەت و بنەما ئاشنا بکەین بە منداڵەکانمان و پێداویستییە مادییەکان بەبێ جیاوازی و بە پێی توانا بۆ منداڵەکانمان فەراهەم بکرێت، ئەویش بەبێ جیاوازی سۆز و خۆشەویستی خۆمان بۆ منداڵەکانمان دەربڕین و شێوازی جیاواز گوزارشت بکەین لە خۆشەویستی و شانازیکردنمان بە منداڵەکانمان .

زۆرجار لە نێو کۆمەڵگەی خۆماندا دایکان و باوکان هەندێك هەڵەی باو ئەنجام دەدەن کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ململانێ و رکابەرایەتی لە نێو منداڵەکانمان دروست بکەین، بۆ نموونە زۆر جار دەبیستین کە دایکان و باوکان دەڵێن کە( نۆبەرەکەم لە هەموو منداڵەکانم خۆشتر دەوێ ) یان (منداڵە بچووکەکەم لە هەمووان نازدارتر و شیرینترە چونکە لە هەمووان بچووکترە ) یان (فڵان منداڵم بەلایەك و منداڵەکانی دیکەم بەلایەك....) یان دەڵێن (کچەکانم لە کوڕەکان خۆشتر دەوێ یان بە پێچەوانەوە...)، هەموو ئەو هەڵانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ڕق و قین لە نێوان منداڵەکانمان دروست ببێت، لە کاتێکدا دەکرێت بە ئاشکرا باس لە کردارە جوانەکانی منداڵەکانمان بکەین بە جۆرێك کە خوشك و براکانی دیکەی وەك نموونە لاسایی بکەنەوە نەك وەسفیان بکەین و خۆشەویستی زیاد لەوانی دیکەیان بۆ دەربڕین لەسەر بنەمایەك کە منداڵەکە خۆی ڕۆڵی تیادا نییە، بۆ نموونە تەنها لەبەر ئەوەی نۆبەرەیە خۆشەویستی لەوانی دیکە زیاتر بێت.

ئەم دەربڕینانەی کە لەسەرەوە وەك نموونەی باو باسمکرد لەسەر بنەمایەکی زۆر هەڵە سەرچاوەی گرتووە، چونکە هەندێك جار باوان دەڵێن بۆیە نۆبەرەمان زۆرتر خۆش دەوێ

**پێویستە کچەکانمان دانەبڕێنین لەو گەشەسەندنە چەندی و جۆرییەی بواری تەکنەلۆژیای سەردەم و ئامادەیان بکەین کە چۆن بە دروستی بەکاریان بهێنن بە بێ ئەوەی کە ببێتە مایەی گرفت بۆ خۆیان و خانەوادەیان**



لەبەر ئەوەی یەکەم منداڵمانە، بەڵام خۆی ئەم پێوەرە دەکرێت بۆ (شت) گونجاوبێت نەك مرۆڤ، چونکە دەکرێت ئێمە یەکەم خانوومان یان یەکەم ئۆتۆمبێلمان یان یەکەم مۆبایلمان زۆر لەلا شیرین بێت، بەڵام ئێمە منداڵەکانمان هەموویان لەلامان شیرینن بە بێ گوێدانە ریزبەندیان و ڕەگەزیان، بۆیە هەندێکجار پاساومان بۆ جیاوازیکردن لە نێومنداڵەکانمان پاساوێکی زۆر نالۆژیکییە، جگە لە تێکدانی پەیوەندی نێوان منداڵەکانمان هیچ ئامانجێکی دیکە ناپێکێت.

*** چۆن دەکرێ کچان فێری ئەوە بکرێن کە متمانەیان بە خۆیان و بە تواناکانی خۆیان هەبێت؟**

لە پەروەردەکردنی منداڵەکانمان پێویستە پەنا ببەینە بەر مامەڵەیەك کە لەسەر بنچینەی دادپەروەری بونیات نرابێت نەك یەکسانی. چونکە لە پێناو ئەنجامدانی پرۆسەیەکی پەروەردەکردنی دروستی منداڵەکانمان پێویستە ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی هەریەکەیان بکەین، مەبەست لە ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی واتە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی هەرتاکێك بە پێی تەمەن و ڕەگەز و توانای هزری و هتد...، واتە مامەڵەکردنێکی دروست بە پێی تایبەتمەندییەکانی تاکەکە نەك پێدانی خۆشەویستی نادروست و وەسفکردن و پاداشتکردن لەسەر بنەمای ناپەروەردەیی.

بەو پێیەی کە کچانیش تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە کە وابەستەیە بە تایبەتمەندیەکانی خودی کچ بوون، بۆیە پەروەروەردەکردنیشیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێویستە ڕەچاوی لایەنی دەروونی و جەستەیی و قۆناغی تەمەنی بکرێت، ئەو تایبەتمەندییەی کە باسکرا بە دیوە ئەرێنیەکەی تەماشا بکرێت بۆ پەروەردەکردنیان بە جۆرێك کە متمانەیان بە خۆیان بێت و خۆیان بە بێ دەسەڵات و نەزان تەماشانەکەن، کە هەمیشە چاوەڕوانی فریادڕەسێك بن بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان، بەڵکو ڕابهێنرێن لەسەر ئەوەی کە بتوانن بە گفتوگۆ گوزارشت لە بیر و ڕاکانیان بکەن و لە کاتی پێویستدا بەرگری لە خۆیان و بیرو بۆچوونەکانیان بکەن و لە ماڵیشدا بە ڕێزەوە گوێیان لێبگیرێت تا خۆیان بەلاوە گرنگ بێت و لە دەربڕینەکانیان متمانەیان بە خۆیان بێت.

*** دەگوترێ ئەو کچەی باوکی هێز و متمانەی بداتێ هیچ پیاوێ ناتوانێ بیشکێنێ، ئەوە تاچەند راستە؟**

دەشکرێت بڵێین ئەو منداڵەی ئەندامانی خێزان هێز و توانای بداتێ لە دەرەوەی ماڵ ناتوانرێت بشکێنرێت، جا ئەم بنەمایە بۆ منداڵەکانمان لە هەردوو ڕەگەز گرنگە، با ئێمە لە ماڵەکانمان (بەقوربان و بەساقەی )کچەکانمان بین، تا لەدەرەوەی ماڵ بەدوای ئەو وشانەدا نەگەڕێن، با لە ماڵەوە لێوانیان بکەین لە خۆشەویستی و بە ئەندامبوون، تا لە دەرەوەی ماڵ بەدوای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەدا نەگەڕێن.

لە کاتی هەست نەکردن بە ئەندامبوون و نەبوونی تێکهەڵکێشی خۆشەویستی لە نێوان ئەندامانی خێزان، ئیتر منداڵ بەدوای ئەندامبوون دەگەڕێت لە گروپێکی دیکەدا کە دەکرێت دەرئەنجامێکی یڕ گرفت لە ژیانی خۆی و خێزان دروست بکات، بۆیە پێویستە خێزانەکانمان بکەینە سەرچاوەی هێز و خۆشەویستی منداڵەکانمان و بە تایبەتی کچەکانمان، تا لە دەرەوەی ماڵ بەدوای (هێزێکی درۆزنانە و کەفی) نەگەڕێن و دواتر شکست بهێنن.

**بەو پێیەی کە کچانیش تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە کە وابەستەیە بە تایبەتمەندیەکانی خودی کچ بوون، بۆیە پەروەروەردەکردنیشیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێویستە ڕەچاوی لایەنی دەروونی و جەستەیی و قۆناغی تەمەنی بکرێت**








# هونەری نەخش

**لە کوردەواریدا دەگوترێت «نەخش و نیگار»، ئەم دوو هونەرە زۆر لە یەکەوە نزیکن. نیگار لە ڕووی بابەت و تەکنیکەوە، وابەستەی گەلێك ڕێسایە، بە هەمان شێوە هونەری نەخش (زەخرەفە)، ئەویش بەرحوکمی کۆمەڵێك ڕێسایە. ڕێژنەیەك خاڵ و هێڵ و فۆرمی هەمەجۆر، بنەمای هونەری نەخشن. ئەم هونەرە بۆ جوانکاری داهێندراوە، قاپ و قاچاخ و پۆشاك، بینا و دراوی وڵاتان و گەلێك شتی دیکە، بە نەخش دەڕازێندرێنەوە.**

**ئا/ تاریق کارێزی**







گەڕان بە دوای جوانی لە ناخی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. بەوەی نەخش هونەری جوانکارییە، ئیدی لە بەرەبەیانی مێژووەوە مرۆڤ خولیای ئەم هونەرە بووە. لە هەموو شارستانیەتێك و لە لای هەموو گەل و نەتەوەیەك، ئەم هونەرە بە گەلێك شێوە و لە زۆر بوارەدا خۆی نواندووە.

لە پاڵ ئەوەی نەخش هونەری جوانکارییە، گەلێك واتاش دەگرێتە خۆ، یاخود بۆ گەلێك ئامانج خۆی تەرخان دەکات، بە نموونە ئێمە باسی هەندێکیان دەکەین:

-بیرۆکەی سادە: مرۆڤی دێرین و بەرایی مێژووی مرۆڤایەتی، خاڵ و هێڵی سادەی بۆ جوانکاری بەکار هێناوە.

-بیرۆکەی هێمادار: کاتێك مرۆڤ هەستی کرد هێزی شاراوە و پەنهان لە گەردووندا هەن، ویستی بە نەخشی هێمادار لەو هێزانە نزیك بێتەوە.

-نووسینی هیمادار: یەکەمین شێوەی نووسینە، لە



کوردستان و دووچۆمان و میسر و چین لە شێوەی نووسینی مێخی، هیرۆگلۆفی و چینی پەیدا بوو. نووسینی وێنەدار سەرەتای نووسین بوو، گۆڕا بە هێما، پاشان بوو بە ئەلف و بێ.

-خولیای گیانداران: سەرەتا مرۆڤی دێرین حەز و خەونی پەیوەست بە گیاندارانی لە نێو ئەشکەوتدا، لە شێوەی نیگاری گیاندار بەرجەستە دەکرد، لە لایەن هەندێ نەتەوەش وێنەی گیاندار بوو بە ئارمی وڵاتەکە. هەڵۆ هێمای سەڵاحەدین بوو، ئێستا هێمای حوکمەتی کوردستان و چەند وڵاتێکی عەرەبە. هەژدیها هێمای چینە.

-هێمای ئەندازە: هێڵ و شێوەی ئەندازەیی، بنەمایەکی سەرەکین لە هونەری نەخشدا.

-هێمای بێ سەروبەر: ئەمە لە ئەوروپا، بە تایبەتیش لە فەرەنسا، باو بوو.

-فۆرمی ڕووەك: لق و گەڵا و بەری چەندین جۆرە دار و ڕووەك، بە فراوانی لە نەخشدا بەکار دێن.

-هێمای ڕووتەڵ: لەم تەرحە نەخشەدا، هێمای زەق و ئاشکرا بزر دەبێت، هێمای پەنهان جێی دەگرێتەوە.

خەسڵەتی هونەری نەخش لە چەند خاڵێکدا چڕ دەبێتەوە:

-هاوسەنگی: هەموو بەرهەمێکی نەخش دەبێت هاوسەنگ بێت، لە ڕووی دابەش بوونی فیگەر و پێکهاتەوە، بە هەر چوار ئاراستەی ڕاست و چەپ، سەر و خوار، چەشنی تەرازوو هاوسەنگ بێت.

چونیەکی: لە زۆربەی بەرهەمی نەخشدا، چونیەکی مەرجە، کاتێك لە ناوەڕاستەوە لێی دەڕوانیت، دەبێت لای ڕاست و چەپی نەخش چون یەك (وەك یەك) بن. ئەمەش دوو جۆرە، یەکەم نیوەیان نیوەکەی دیکەیان تەواو دەکات، یان ئەوەتا هەردوو نیوەی لای ڕاست و چەپی، فیت چون یەکن.


-پەل هاویشتن: نەخشی ڕووەك وا باوە پەل دەهاوێت، ئەو پەل هاویشتنەش تەواوی نەخشەکە یان بەشێکی زۆری پێکەوە گرێ دەدات. پەل هاویشتن جاری وا هەیە لە خاڵێکەوە دەست پێ دەکات، جاری واش هەیە لە هێڵێکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بە هەردوو دیودا پەل دەهاوێت.


-گونجان: سروشت بەو هەمەو هەمەڕەنگییەی خۆییەوە، گونجانی تێدا باڵادەستە، لە نەخشدا گونجانی نێوان بەشەکان، گرنگترین ڕیسای ئەم هونەرەیە.

-تێك چڕژان: فیگەر و پێکهاتەی نەخش، لە تێك چڕژاندا جوانی و قووڵییەکی زیاتر دەخەنە ڕوو، پتر مایەی سەرنج و ڕامان دەبن.

-دووبارە: بنەمایەکی سەرەکیی هونەری نەخشە، دابەش دەبێتە سەر (٣) جۆر: دووبارەی ئاسایی (دووبارەیەکی نەگۆڕ و دوا بە دوای یەکە)، دووبارەی پێچەوانە (یەکەی نەخش بە لای ڕاست و چەپ، سەر و خواردا دووبارە دەبێتەوە)، دووبارەی دووسەرە (دوو یەکەی جیاواز لەگەڵ یەکدا ڕاست و چەپ، خوار و ژوور دەکەن).











## نیکۆڵ کیدمان:

# بۆمن هەموو شتێک دڵتەزێنە

نیکۆڵ کیدمان، خانمە ئەکتەری ئوسترالی،، هەوادارانی تووشی شۆک کرد دوای لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکەی ئەم دواییەی، کە تیایدا ئاشکرای کرد کە هەموو ڕۆژێک دەگری، ڕوونیکردەوە ژیان پڕە لە شتی دڵتەزێن کە ئازاری دڵ دەدات و بۆ چاو دەگری، بۆمن هەموو شتێک دڵتەزێنە.

لە لایەکی دیکەوە نیکۆڵ کیدمان پێگەی خۆی وەک ئایکۆنێکی هۆلیوود لە بواری مۆدەدا بەهێزتر کردووە، لەڕێگەی چەند وێنەیەکی ئەوەوە کە لەگەڵ نوێترین وێنەگرتنی لە بەرگی گۆڤاری «پەرفێکت» گرتوویەتی، کە تیایدا خانمە ئەکتەرە تەمەن ٥٥ ساڵەکە بە شێوەیەکی بەرچاو لە تەمەنی خۆی گەنجتر دەرکەوت لە دوا وێنەکانیدا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە وێنەی نیکۆڵ کیدمانە کاتێک تیشکی خستە سەر ماسولکە و جەستەی خۆی بە ماسولکەی زۆر دیار لە شێوازی وەرزشوانان، بەجۆرێک وێنەی ڕۆناڵدۆ و یاریزانی مانچستەر یونایتد و کەسانی دیکەی ناودار کە ئارەزووی لەشجوانییان دەکەن هاتە بەرچاو، بەڵام لەوانیش تێپەڕی، بەو پێیەی تەمەنی ٥٥ ساڵە.

لە لایەکی دیکەوە، نیکۆڵ کیدمان مانگی ڕابردوو ئاهەنگی لەدایکبوونی خۆی گێڕا، بەڵام ماڵپەڕی دەیلی مەیل دەستی خستە سەر بابەتێکی دیکە جگە لەو بۆنەیە، کە نوێنەرایەتی دەکرێت لە کڕینی شوقەیەکی نوێ لە موڵکێکدا کە خاوەنی چوار شوقەی دیکەیە، بە تایبەتی لە «سیدنی» وەک چۆن بووەتە خاوەنی پێنج شوقە.



## ناومی کامپبل:

# ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی بوومەتەوە

لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری ڤۆگی بەریتانی ناومی کامپبلی مۆدێلی پێشوو باسی لە چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی کرد و دەربارەی کچەکەی وتی: «من بەخێوم نەکردووە، ئەو کۆرپەی منە»، بەڵام بارودۆخی لەدایکبوونی کچەکەی ئاشکرا نەکردووە.

کامپبل ئەوەشی ڕوونکردەوە کە دەتوانێت بڵێت «ئەو کەسانەی کە دەیانزانی من منداڵەکەم دەبێت لە دەستێکدا بوون. ئەوە گەورەترین نیعمەتە کە دەتوانم بیهێنمە پێش چاوم. ئەوە باشترین کارە کە لە ژیانمدا کردوومە».

کامپبل تەمەن ٥١ ساڵ، لە مانگی ئایاری ساڵی رابردوودا لە پۆستێکی سوپرایزدا لە سۆشیال میدیا لەدایکبوونی یەکەم منداڵی خۆی راگەیاند. لەو کاتەدا لە پەیجی تایبەتی خۆی لە ئینستاگرام بڵاویکردەوە: «دیارییەکی بچووک و جوان کە منی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێتە دایکی».

کامپبل پێشتر باسی لەو جیاکارییە ڕەگەزییانە کردووە کە وەک مۆدێلێکی ڕەشپێست ڕووبەڕووی بووەتەوە، بە تایبەت لە ساڵانی سەرەتای ژیانی هونەریدا. ئەو بە گۆڤاری «ڤۆگ»ی بەریتانی راگەیاندووە، «بەشدارم لە زۆرێک لە نمایشەکانی جلوبەرگدا کردووە، بەڵام هەرگیز هەڵنەبژێردرام بۆ بەشداریکردن لە هەڵمەتەکانی ریکلام و ئەمەش بە ئازارە، ناچار بووم ئەم واقیعە قبوڵ بکەم و بەردەوام بم».

ئاماژەی بەوەشکردووە، «بێگومان خۆشحاڵ دەبووم کە ئەو پشتگیرییە لەلایەن ئەو کەسانەی لە دەوروبەرم لەو کاتەدا هەبووایە، بەڵام شانازی دەکەم کە ئێستا ئەمە ڕوودەدات، شانازی دەکەم کە ئێستا ئەم هەمەجۆرییە دەبینم».



## سیما تەکیەخام:

# بەشێکی ئەو کارانەی بە ناوی هونەری هەورامان ئەنجام دەدرێن هونەرەکە ئەشێوێنن

سەرەڕای ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەسەر کاری ئافرەتان لە بواری هونەریدا لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام هەمیشە گروپی موزیکی سەرکەوتوو لە رۆژهەڵات هەن کە ژمارەی زۆر ئەندامەکانیان کچی خاوەن بەهرەی هونەرین لە بواری ژەنینی ئامێرەکان و گۆرانی گوتن، سیما تەکیەخام کچێکی تەمەن ۲۹ساڵە، خەڵکی شارە جوان و دڵرفێنەکەی مەریوانە ئاهەنگساز و ژەنیاری تار و سێتارە، و لە زانکۆی هونەری تاران موزیکی بە شێوازی ئاکادیمی خوێندووە و شارەزاییەکی زۆری لەو بوارەدا هەیە، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستە کرد ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی دایە.



*** لە چ گروپێکی موزیکی کاری خۆتان ئەنجامداوە؟**

- سەرپەرشت و ئەرێنجێری گرووپی (زایەڵە) بووم و چەند کۆنسێرتێکمان لە باشووری کوردستان ئەنجامداوە، وەک ژن هەوڵمان داوە کە لە ئاستی پرۆفێشناڵیدا کاری موزیک نیشان بدەین، هەروەها ئامانجمان ئەوەیە کە موزیکی ڕەسەن بپارێزین.

*** وەک ئافرەتێکی ڕۆژهەڵاتی ئەو ئاستەنگانە چین کە رووبەڕووتان دەبنەوە؟**

- ئافرەتانی هونەرمەند بەردەوام رووبەڕووی کێشەو ئاستەنگی جیاجیا دەبنەوە، زۆرجاریش بە هۆی جیاوازی ئاستی وشیاری فەرهەنگی و فکری بنەماڵەکەت و هەروەها ڕەنگە لەبەر ژانرێکی موزیکی دیاریکراودا بێت کە ئافرەت کاری تێدا دەکات، بۆ ئەو کێشانە جۆراوجۆرن. ئەگەر کەسێک بیەوێت کە موزیسیانێکی پرۆفێشناڵ بێت پێویستە زۆربەی کات و ژیانی بۆ تەرخان بکات، بەڵام ژن هەمیشە بەرپرسیارێتی و ئیش و کاری تریشی لەسەر شانە ئەمەش ئاسان نییە، من بۆ خۆم ئەو بەرپرسیاریەتیە زۆرجار ماندوم دەکات، ئەگەر کاتەکانم بە تەواوی ڕێک نەخەم دوور نییە لە موزیک دوور بکەومەوە.

*** زۆر جار باس لە دواکەوتنی هونەری کوردی دەکرێت، پێتوایە هۆکارەکان چین؟**

- دابەشکردنی کوردستان بۆ پارچە بۆتە هۆی نەبوونی بنەڕەتگەلێکی ئاکادیمیک لە بەشە جۆراوجۆرەکانی موزیکی کوردی دا، ئاشکرایە کە لە هەر ناوچەیەکی کوردستاندا جۆرێک لە موزیکی ڕەسەنمان هەیە، یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە ئەو جۆراوجۆریە بناسین و بە شێوازی ئاکادیمیک تەعریفی بکەین وەکو تەواوی میللەتانی جیهان، تا بتوانین لە هەنگاوەکانی تر دا گۆڕانکاری و نوێکاریان لەسەر بکەین.

*** لە کام پارچەی کوردستان هونەری کوردی بە گشتی پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە؟**

- بە ڕای من لە باکووری کورستاندا، هەم لە بواری تەکنیکی هەم لە بواری پاراستنی ڕەسەنایەتی و پرۆفێشناڵیەوە پێشکەوتنی بەرچاو بەدی دەکرێت.

*** هونەری دەڤەری هەورامان رەسەنایەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە شێواندنی هونەری هەورامی نییە؟**

- بێگومان بەشێکی ئەو کارە هونەرییانەی ئێستا بە ناوی هونەری هەورامان ئەنجام دەدرێن هونەرەکە ئەشێوێنێ، چونکە ئەگەر سەرنجی بدەین تەنیا شیعرەکانیان هەورامیین و موزیکەکەیان بە گشتی دوورە لە شێوازی موزیکی هەورامی تەنانەت ناتوانین بڵێین کە فیوژنیشن.

*** لە خانەوادەکەت کەسی تر هەیە لە بواریدا کاری کردبێت؟**

- هەر لە تەمەنی منداڵییەوە من ئاشنای هونەر و موزیک بووم، چونکە لە خانەوادەکەم هونەر بە گشتی بوونی هەبووە وەکو گرافیست، سکاڵپچر، دەف ژەنی و دەنگ خۆشی و گۆرانی وتن.

*** هاوسەرەکەت تا چەند هاوکارت بووە لە کارە هونەرییەکانتدا؟**

من و هاوسەرەکەم لە بواری موزیکدا لە هەندێک شت دا بیرکردنەوەمان جیاوازە، لە زۆر شتیشدا هاوڕاو هاودەنگین بەڵام هەمیشە هەوڵمان داوە ئەو جیاوازیانەی یەکتر لەبەر چاو بگرین و ڕێگریی لێ نەکەین .

*** لە هونەرمەندە پیاو و ئافرەتەکان کامیان زیاتر کاریگەرییان بەسەر تۆوە هەبووە؟**

- من لە هەر ماوەیەکدا سەرسامی هونەرمەندێک بووم و کاریگەری لە سەرم هەبووە، بەڵام لەم ساڵانەی سەرسامی هونەری میکائیل ئەسڵان و ئاینوور دۆگان بووم.

هاڤە بەهادین:

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی ئەفرۆدێت

# دەتوانین ئاستێکی وا پێشکەش بکەین یانەکەمان پێویستی بە یاریزانی دەرەوە نەبێت




یاریی باڵە یەکێکە لەو یارییانەی کە کچانی شارەکانی کوردستان گرنگیی پێویستی پێ دەدەن، یانەکانی شارەکانی کوردستانیش لە کێبڕکێکانی عێراقی بەردەوام ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست دەهێنن، شاری سلێمانی یەکێکە لە پارێزگاکانی کوردستان کە یانەکانی گرنگیی زۆر بە سەرجەم یارییە وەرزشییەکان دەدەن، لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکاندا ساڵانە تیپە جیاوازەکان بەشدارن، یانەی ئەفرۆدێتی شارکە کە گرنگیی زۆر بە ئاستی کچان دەدات، تیپی باڵەی یانەکە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە، کە ساڵانە لە هەریەك لە خولەکانی کوردستان و عێراق بەشدارن، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولەکانی باڵە بەردەوام لە کێبڕکێدابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان (هاڤە بەهادین)ـە، هاڤە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ی پارێزگای سلێمانییە و قوتابی قۆناغی ئامادەییە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** یاریی باڵە لە کوردستان لە چ ئاستێکدا خۆی دەبینێتەوە؟**

- بە بۆچوونی من ئاستی یاریی باڵە بە ڕادەیەکی باش پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە، ئەوەش دەبێتە مایەی دڵخۆشییەکی زۆر بۆ ئێمەی یاریزانان لە شارەکانی کوردستان.

*** نەبوونی پاڵەوانێتیی پێویست لە کوردستان ئێوە سارد ناکاتەوە لەم یارییە؟**

- نەبوونی پاڵەوانێتییەکان وا لە یاریزان دەکات دوور بکەوێتەوە لە یاری، ئاستێکی باش نییە و بەهیوای ئەوەم چاوێك بەم بڕیارەدا بخشێننەوە، بۆ ئەوەی پاڵەوانێتی بەرەو زۆر بوون بچێت، بۆ ئەوەی سوودی لێ ببین و ئاستی باش پێشکەش بکەین.

*** لایەنی بەرپرس چی بکات باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- بە بۆچوونی من پێم باشە کە لە زۆر ڕووەوە وەکو ئاستی مادی و مەعنەوی یارمەتی یانەکانمان بدرێت، وەکو ئەوەی کە یاریگەیەکی باشمان بۆ دابین بکەن، بۆ کاتی ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکان، ئەوانەی پێویستە بۆ کاتی مەشق بۆمان دابین بکرێت بۆ ئەوی لەو ئاستەی ئێستا هەمانە باشتر و باشتر بین.

*** گرفتی وەرزشیی یاریی باڵە لە پارێزگای سلێمانی لە چیدا دەبینیت؟**

- بە شێوەیەکی گشتی یاریگەکانی شاری سلێمانی بە کەڵکی یاریکردن نایەت، پێویستمان بە یاریگای باشترە، بۆ ئەوە بتوانین پاڵەوانێتییەکان بهێنینەوە شاری سلێمانی و شارەکەمان زیاتر سوودی لێ ببینێ.

*** تا ئێستا گرێبەست لە یانەکانی دیکەی کوردستان بۆ هاتووە؟**

-نەخێر هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە، بڕوام وایە لە ناو یانەکەی خۆم پێش بکەوم و دروست بم باشترە بۆ من.

*** ئامانجت چییە لە وەرزشکردن؟**

- هیوادارم ببمە باشترین یاریزان و ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم بۆ وڵاتەکەم، لە داهاتوویەکی نزیکدا گرنگی زیاتر بە وەرزش بدەم بەردەوام بم لە یاریکردن.

*** ئایا یانەکانی کوردستان پێویستیان بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی هەیە؟**

-نەخێر، چونکە ئێمە دەتوانین ئاستێکی وا پێشکەش بکەین کە یانەکەمان پێویستی بە یاریزانی دەرەوە نەبێت.

*** چۆن بوو یانەی ئەفرۆدێت هەڵبژارد؟**


- هەر لە تەمەنی منداڵیمەوە لەم یانەیەم، سوپاسی مامۆستا سەنگەر دەکەم، چونکە زۆر ماندووە لەگەڵماندا و هەموو هەوڵی خۆی دەدات تا لە باشترین ئاستدا یاری بکەین.

*** داواکاریت لە بەرپرسانی وەرزشیی؟**

- هیوادارم کە باشتر ئاگاداری وەرزش بن و زیاتر گرنگی بە وەرزش بدەن، چونکە هەموو ئەو نازناوانەی ئێمە بەدەستی دەهێنین سەر بەرزییە بۆ شاری سلێمانی و کوردستانیش.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- هیوادارم کە یاریی باڵە پێش بکەوێت، و گرنگی بە هەموو یاریزانەکان بدرێت، منیش ببمە یاریزانێکی ئاست بەرز و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم، تا نازناوی باشتر لەگەڵ یانەی ئەفرۆدێت بەدەست بهێنم، هیواخوازم لە داهاتوودا ببمە پزیشك بۆ ئەوەی یارمەتیی هاووڵاتی وڵاتەکەم بدەم.



*** لای تۆ پاڵەوانبوون چ واتایەك دەگەیەنێت؟**

- بەوپەڕی توانامانەوە هەوڵمان داوە بۆ نازناو،ئەم وشەیە وا لە یاریزانان دەکات زیاتر هان بدرێت و بیر لە پاڵەوانی بکاتەوە.

*** حەز دەکەیت بگەی بە ئاستی چ یاریزانێکی جیهانی؟**

- بگەم بە ئاستی gavin schmitt

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو گرنگییە بەرچاوەی بە وەرزشی دەدات، هیوادارم یاریی باڵە بایەخی باشتری پێ بدرێت لە کوردستان.



# بەرشلۆنە ژمارەیەک یاریزانی بەهۆی پێکان لە دەستدا

بەرشلۆنە لە ماوەی هەفتەیەکدا شەش یاریزانی تووشی پێکان بووە، هەریەکە لە مێمفێس دیپای و دێمبێلێ و ئاراوخۆ و دێ یۆنگ و کۆندێ لەگەڵ هەڵبژاردەکانیان تووشی پێکان بوون و هەریەکەیان بۆ ماوەی جیاواز لە یانە کەتەلۆنییەکە دادەبڕێن، دوایین یاریزانیش کە تووشی پێکان بوو هێکتۆر بێیرێنی بەرگریکارە.

مێمفێس دیپای لەگەڵ هەڵبژاردەی هۆڵەندا تووشی پێکان بوو بەهۆیەوە سێ بۆ چوار هەفتە دوور دەکەوێتەوە، گەرچی دیپای سەرەکی نییە، بەڵام کاریگەری دەبێت، چونکە عوسمان دێمبێلێش لەگەڵ فەرەنسا تووشی پێکان بوو، گەرچی پێکانەکەی هێندە سەخت نییە و تەنیا هەفتەیەکی پێویستە، بەڵام چاڤی راهێنەر بە هۆشیاریەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات نەوەک پێکانەکەی قورستر بێت.

هەر لەگەڵ هەڵبژاردەی هۆڵەندا فرانک دی یۆنگیش پێکان بەرۆکی گرت و دوو بۆ سێ هەفتە لە بەرشلۆنە دوور دەکەوێتەوە و ئەرکی چاڤی لە دەستنیشانکردنی پێکهاتەکەی سەختتر دەکات.

بەرشلۆنە جگە لە هێڵی پێشەوە و ناوەڕاست، لە بەرگریش لێدانێکی گەورەی بەر دەکەوێت و سێ یاریزانی پێکراوی هەیە، لەسەروویانەوە رۆناڵد ئاراوخۆیە، کە ئەم یاریزانە لەگەڵ ئۆرۆگوای تووشی پێکان بوو، بەهۆی سەختی پێکانەکەی دواجار بڕیاردرا نەشتەرگەری بۆ بکرێت و بۆ نزیکەی سێ مانگ دوور دەکەوێتەوە، نەک تەنیا بەرشلۆنە بەڵکو ئۆرۆگوای بە پێکانی ئەم یاریزانە زیانێکی گەورەی بەر دەکەوێت چونکە ناتوانێت بەشداری لە مۆندیالی ٢٠٢٢ بکات.

جول کۆندێ بەرگریکارێکی دیکەی بەرشلۆنە و ئەم یاریزانەش لەگەڵ فەرەنسا تووشی پێکان بوو، لەوانەیە کۆندێ نەتوانێت بەشداری کلاسیکۆی شازدەی مانگی داهاتوو بکات.

نوێترین یاریزانی پێکراوی بەرشلۆنە هێکتۆر بێیرینە و خەمێکی دیکە بەرۆکی چاڤی دەگرێت، کە ئەم یاریزانە لە راهێنانەکاندا تووشی پێکان بووە، بەڵام پێکانەکەی قورس نییە.

# ئەلڤیس نهێنییەک ئاشکرا کرد

دانی ئەلڤێس بەرگریکاری بەرازیلی پێشووی یانەی بەرشلۆنە لە نوێترین چاوپێکەوتنی میدیایی دا بە لێداونێك سۆشیاڵ میدیای سەرقاڵ کرد و رایگەیاند، کە کریستیانۆ رۆناڵدۆی زۆر خۆشدەوێت، دەشڵێت: پێویستە رۆناڵدۆ بکرێتە نموونەی سەرجەم یاریزانانی جیهان.

دانی ئەلڤێس بەرگریکاری ئێستای یانەی یونیڤێرسیداد ناسیۆناڵی مەکسیکی لە دیمانەیەکدا، کە لە پێگەی سەنی بەریتانیا بڵاوکراوە خۆشەویستی خۆی بۆ کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی دەردەبڕێت و دەڵێت: ئێستا من دەتوانم ڕاشکاوانەتر قسە بکەم، چونکە لە بەرشلۆنە نەماوم، بۆیە پێموایە کریستیانۆ رۆناڵدۆ قورسترین و مەترسیدارترین یاریزان بووە، کە لە ژیانم دا رووبەڕووی بوومەتەوە، چونکە دۆن دەرفەتی نەدەدا تەنانەت بۆ یەك چرکەش ئاسوودە بیت.

ئەلڤێس و کریستیانۆ بەیەکەوە بەشدارییان لە چەندان یاری کلاسیکۆ کردووە، لەمبارەیەوە، بەرگریکارە بەرازیلییەکە نایشارێتەوە، کە ئەوکاتانەی لە دژی یەکتریش یارییان کردووە بەردەوام رۆناڵدۆی زۆر خۆشویستووە، دەشڵێت: پێویستە کریستیانۆ بکرێتە نموونەی سەرکەوتن بۆ یاریزانانی جیهان.

ئەلڤێس گوتیشی: من و رۆناڵدۆ ئێستا هەردووکمان لە ئیسپانیا نەماوین، پێشتر کاتێك لە بەرشلۆنە بووم و ئەویش لە مەدرید بوو، دەرفەتی ئەوەم نەبووە هەستی خۆمی بۆ دەرببڕم، بەڵام جارێکیان لە مەراسیمی بەخشینی باڵۆن دۆر دەرفەتم بۆ رەخسا و چوومە سەرەوە سڵاوێکم لێکرد، بەڵام بەهۆی ئەو رووداوانەی لە کلاسیکۆ روویدا، دۆن لەبیری نەکرد بوو، بۆیە وەڵامی سڵاوەکەی نەدامەوە، بەڵام من هەر ڕێزی لێ دەگرم و ئێستا دڵخۆشم، کە دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخساوە، کە بە رۆناڵدۆ بڵێم خۆشمدەوێت، زۆر رێزی لێدەگرم، چونکە ئەو یاریزانێکی کاریگەر و ماندووە و هەمیشە رکابەری باشترینەکانی کردووە.

ئەلڤێس، کە پێشتر ٤٠٨ یاری بە درێسی بەرشلۆنە کردووە و ٢٢ گۆڵ و ١٠٥ ئاسیستی تۆمار کردووە و لە کۆتایی قسەکانی دا دەڵێت: ئەگەر بێت و بەراورد بکرێم من زیاتر لە کریستیانۆ رۆناڵدۆ نزیکم و زیاتر بەو یاریزانە پورتوگالییە دەچم نەك لیۆنێل مێسی، چونکە مێسی هەر لەوکاتەی لە دایکبووە بە بەهرەیەکی تایبەتەوە هاتووەتە دونیا و جیاوازە، بەڵام من و کریستیانۆ لە ڕووی هەوڵدان و بەردەوامی و کاری قورس زیاتر لەیەکتر دەچین.



# ریال مەدرید هەوڵی گەڕانەوەی یاریزانێکی پێشووی دەدات

یانەی ریال مەدرید بیر لە گەڕاندنەوەی یەکێك لە یاریزانەکانی پێشووی بۆ ریزەکانی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی شوێنی مارکۆ ئەسینسیۆ بگرێتەوە، کە نزیکە لە رۆیشتن لە یانەکە.

گرێبەستی ئەسینسیۆ لەگەڵ یانەی ریال مەدرید دوای ٩ مانگی دیکە تەواو دەبێت، یاریزانە ئیسپانییەکە بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی نەگەیشتووەتە رێککەوتن لەگەڵ بەرپرسانی یانەی مەدرید، کە لە مێرکاتۆی هاویندا نزیکبوو لە رۆیشتن لە ریال مەدرید.

بە گوێرەی رۆژنامەکانی ئیسپانیا، ریال مەدرید بیر لە گەڕاندنەوەی برایم دیازی یاریزانی پێشووی دەکاتەوە، کە ئەو یاریزانە تاوەکو کۆتایی ئەم وەرزە بەشێوەی خواستن لەگەڵ یانەی میلان یاری دەکات، لەگەڵ بوونی بڕگەی کڕینی ناچاریش بەرامبەر بە ٢٢ ملیۆن یۆرۆ، بەڵام ئەمە لە کاتێکدایە، کە بەپێی گرێبەستەکە ریال مەدرید مافی ئەوەی هەیە دیاز بە بڕی ٣٠ ملیۆن یۆرۆ بکڕێتەوە، ئەمەش چارەسەرێکە کە یانەی ریال مەدرید ئێستا بیری لێدەکاتەوە.

برایم دیاز، لە ماوەی یاریکردنی بۆ میلان، لە سەرجەم خول و پاڵەوانێتییەکاندا بەشداری لە ٨٦ یارییدا کردووە، ١٢ گۆڵی تۆمارکردووە و ٩ ئاسیستیشی کردووە.





# برووسک دەیەوێت جیاواز بێت

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی برووسك بۆ وەرزی نوێی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان کێبڕکێ دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە، بۆ ئەم مەبەستەش ئیدارەی یانەی برووسك بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ مامۆستا (شوان ئەنوەر) مۆر کرد، بۆ سەرپەرشتیکردنی تیپەکە لە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە (محەمەد حەمە خان) سەرۆکی یانەی وەرزشیی برووسك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە فەرمی و بە دەنگی ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان مامۆستا (شوان ئەنوەر) وەکو ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی خولی پلە یەکی کوردستان دەستنیشان کرا، کاپتن شوان پێشتریش یاریزانی یانەکەمان بووە و خزمەتی زۆری وەرزشی کوردستان کردووە، دەمانەوێ بەم یاریزانە گەنجانەی خۆمان تیپێکی تۆکمەی بەهێز دروست بکەین، بۆ ئەوەی کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی خولی پلە یەکەکانی کوردستان بکەین»، سەبارەت بە چۆنیەتیی خولەکەش سەرۆکی یانەی وەرزشیی برووسك گوتی: «ئەمساڵ شێوازی خولەکە جیایە و، خولەکە بە شێوازی یەك قۆناغە و هەرچی پێویست بێت بۆ سەرختنی یانەی برووسك ئەنجامی دەدەین، یاریزانەکانیشمان هیوای سەرکەوتنیان هەیە بۆ ریزی یانە گەورەکانی کوردستان، یانەی برووسك گرنگی بە سەرجەم یارییە وەرزشییەکان دەدات، دەمانەوێت تیپی تۆپی پێش یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی ئەم وەرزەی خولی کوردستان بێت».



# کەرکووک چاوەڕوانی لایەنی پەیوەندیدارە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی کەرکووك دەیەوێت سەرچاوەیەکی دارایی پەیدا بکات، بۆ ئەوەی بەشداریی یارییەکانی خولی یانە پلەیەکەکانی کوردستان و عێراقی بکات، ئەم وەرزە ئیدارەی یانەکە بە نیازی دەستکەوتنی سەرچاوەیەکی داراییین، بۆ ئەوەی شەڕی سەرکەوتن بکەن، کەرکووکییەکان لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی تیپەکەیانن بۆ ریزی یانە گەورەکانی عێراقی و کوردستان، لەم بارەشەوە نەوزاد قادر سەرۆکی یانەی وەرزشیی کەرکووك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە لە ئێستادا ئامادەکاریی ئەوەمان تێدایە بەشداریی یارییەکانی هەردوو خولی پلە یەکەکانی کوردستان و عێراقی بکەین، بەڵام چاوەڕوانی لایەنی بەرپرسین لە هەردوو وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی کوردستان و وەزارەتی وەرزشیی و لاوانی عێراقی، بۆ ئەوەی وەڵامی داواکارییەکانمان بدەنەوە، بۆ ئەوەی دەست بە ئەنجامدانی چالاکییە وەرزشییەکانمان بکەینەوە وەکو یانەی کەرکووك، جگە لەوەش، داواکاریمان پێشکەش بە پارێزگاری کەرکووکیش کردووە بۆ ئەوەی هاوکاریی یانەی کەرکووك بکەن، تا جارێکی دیکە بەشداری لە خولەکان بکەینەوە، ئەگەر بڕیاریاندا هاوکاریمان بکەن، ئەوکاتە بەشداری لە هەردوو خولی کوردستان و عێراقی دەکەین، پایزانانی ئێمەش لە توانایان دا هەیە ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، بۆ ئەوەی شان بە شانی یانەکانی دیکە لە هەردوو خول بتوانین کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی پلێتی سەرکەوتن بکەین، جگە لەوەش دەمانەوێ هاندەرانی شارەکەمان جارێکی دیکە بە خولە گەورەکان ئاشت بکەینەوە و یاریگەکانمان پڕ هاندەر بێت و وەرزش زیندوو بکەینەوە لە شاری کەرکووك.



# پێشمەرگەی سلێمانی باڵادەستی بووکی یارییەکان بوو

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە شارەکانی کوردستان، یەکێتی ناوەندی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان، دوای دوو ساڵ پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی کوردستان بەڕێوە برد، لەم پاڵەوانیەتەشدا ١٢ یانەی شارەکانی کوردستان لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان لە شاری سلێمانی لە پاڵەوانێتییەکەدا، کێبڕکێیان دەکرد لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، کوڕان و کچانی پێشمەرگەی سلێمانی باڵا دەستیی خۆیان نواند و نازناوەکەیان بردەوە، ڕیزبەندی یانەکانیش بەم شێوەیە بوو.

- **ئاستی کوڕان**

١- پێشمەرگەی سلێمانی
٢- سیروانی نوێ
٣- خانەقین

- **ئاستی کچان**

١- پێشمەرگەی سلێمانی
٢- سیروانی نوێ
٣- سەورە

# نیشانەکانی لاوازیی سستمی بەرگریی لەش



ئایا بەرگریی لەشت بەهێزە، لاوازە، یان زۆر لاوازە؟ ئەگەر سستمی بەرگریی لەشت لاواز بێت، ئەوا چەند نیشانەیەك لە لەشدا دەردەکەون کە بریتین لە:

- ئاستی بەرزی سترێس لەبەر دابەزینی ژمارەی لیمفۆسایتەکان Lympho-cytes، واتە کەمبوونەوەیەکی بەرچاوی خرۆکە سپییەکانی خوێن، کە هاریکاری لەش دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەوکردنە میکرۆبییەکان.
- گرفتی جیاواز لە کۆئەندامی هەرسدا، کە دەبنە ئەگەری تێکدانی هاوسەنگیی بەکتریای ریخۆڵە، وەکو سکچوونی درێژخایەن، قەبزی یان کۆبوونەوەی گاز، چونکە نزیکەی ٧٠٪ی بەرگریی لەش لە ڕێڕەوەکانی هەرسدا سەرچاوە دەگرێت بەوەی کە بەکتریای سوودبەخش لەش لە هەوکردنی جیاواز دەپارێزێت.
- دواکەوتنی چاکبوونەوەی برین.
- زیادبوونی ئامادەباشی بۆ تووشبوون بە هەوکردنە میکرۆبییەکان، بەتایبەتی هەڵامەت، یان ئەنفلوەنزا، یان هەر هەوکردنێکی ڤایرۆسیی ساڵانە زیاتر لە دوو جار، کە هاوکات بێت لەگەڵ هەوکردنی جیوبی لووت، یان شانەی سییەکان.
- هەستکردنی بەردەوام بە ماندووبوون و هیلاکی، ئەگەرچی خاوەن خەوێکی دروست بیت و لەش و مێشکت هیلاك نەکردبێت.

# ئایا سووانی جومگە چارەسەری هەیە؟



سووانی جومگە Osteoarthritis بریتییە لە تێکشکانی شانەی کرکراگە و ڕووی ئێسکەکانی بەشدار لە جومگەدا، ئینجا گۆڕان لەپێکهاتەی سرووشتی جومگەدا و تێکچوونی فرمانی جومگە، کە نیشانەکانی بریتین لە: ئازار، سخبوون، ئاوسان، سنووردداربوونی جووڵەی جومگە بە هەموو ئاراستەکان، هەروەها دەرکەوتنی نووکی ئێسکی زیاد Bone spurs. تا ئێستا هیچ چارەسەرێکی یەکجارەکی بۆ سووانی جومگە نەدۆزراوەتەوە، هەرگیز ناتوانرێت کە پێچەوانە بکرێتەوە، تەنیا ئەوە دەکرێت کە پەرەسەندنی حاڵەتەکە کەم بکرێتەوە و ڕێگە لە ئاڵۆزییەکانی بگیرێت، بەڵام لێکۆڵینەوەکان بۆ ئەوە دەچن کە هەندێك دەرمانی تایبەت بە گۆڕینی ئاراستەی نەخۆشییەکە DMOAD بدۆزنەوە، کە تا رادەیەکی باش هیوابەخشە بۆ چارەسەرکردن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی سووانی جومگەدا، کە میکانیزمەکەی بریتییە لە ڕێگرتن لە سووانی کرکراگەی جومگە لەسەر ئاستی پاراستنی خانەکاندا. ئەو هەنگاوانەی کە ئێستا بەردەستن بۆ سووانی جومگە، بریتین لە: پەیڕەوکردنی خۆراکی دەوڵەمەند بە پرۆتین، کەمکردنەوە کێشی لەش، دەرمان، دەرزیی خۆجێیی راستەوخۆی جومگە، چارەسەری سرووشتی،چارەسەر بە پێنۆڕی جومگە Arthroscopy بۆ لابردنی زێدە ئێسکەکان، هەروەها دواچارەسەریش بریتییە لە گۆڕینی جومگە.

# بۆچی کەسانێک حەز لە خۆراکی شۆر(سوێر) دەکەن

لەوانەیە لەکاتی جیاوازی ڕۆژەکاندا حەزت بچێتە چێژی جیاواز، بەڵام ئەگەر زیاتر حەزت بچێتە خۆراکی شۆر، یان پڕخوێ، ئەوا چەند هۆکارێکی لەپاڵە و دەتوانرێت کە کۆنترۆڵ بکرێن، چونکە ئەم ڕاستییە سەلمێنراوە کە بڕی زیادی خوێ زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت. هۆکارەکان، یەکەم: ستریس، یان نارەحەتی کە هاندەرە بۆ حەزی چەند جۆرێکی خۆراك بەمەبەستی زیادبوونی هەستکردن بە ئارامی، بە گشتی ئەم جۆرە خۆراکە بڕی زیادی شەکر و خوێ لەخۆدەگرن، بۆنموونە کیسێك جیبس، کێك، شوکولاتە، بیبسی یان کۆلا...هتد. دووەم: دواخستنی ژەمەکانی خواردن، یان خۆبرسیکردن بەمەبەستی دابەزاندنی کێشی لەش، ئەمەش وا لە لەش دەکات کە بە توندی تامەزرۆی خۆراکی شۆر و چەور و شیرین بێت. سێیەم: وەکو فێربوون، یان خو لەسەر خۆراکی شۆر، بۆنموونە ڕۆژانە خواردنی خوێی زیاد وا لە هەندێك کەس دەکات کە بەبێ بڕی زیادی خوێ چێژ لە خۆراك وەرنەگرێت، کە بۆ کەسانی دیکە شۆرە و ناتوانن بیخۆن. ئەگەر حاڵەتەکە زۆر بەردەوام بێت، ئەوا لەوانەیە کە هۆکارە بگەڕێتەوە بۆ: گرفت لە گلاندی دەرەقی، نەخۆشیی گورچیلە، کەمبوونەوەی شلە لە لەشدا، دووگیانی، گرژیی پێش سووڕی مانگانە PMS، هەروەها گرفتەکانی خەو.



# پێویستە ڕێژەی چەوریی لەشت چەند بێت؟



لەشمان دوو جۆر چەوری لەخۆدەگرێت، یەکەم: چەوریی پێویست Essential fat کە بە بڕی کەم خەزن دەکرێت لە ماسوولکەدا، کۆئەندامی مەرکەزیی دەمار، ئەندامەکان، هەروەها لەناو مۆخی ئێسکدا، ئەم چەورییە پێویستە بۆ ئەنجامدانی فرمانی دروستی کۆئەندامەکانی لەش. دووەم: چەوریی خەزنکراو کە لەکاتی پێویست وەکو سەرچاوەی وزە بەکار دێت، ئەم چەورییە لە جۆری گلیسریدە سیانییەکانە و ڕێژە زۆرەکەی لە ژێر پێستدا خەز دەکرێت، هەروەها لە ناو سك لە دەوری ئەندامەکاندا کە بە چەوریی شاراوە، یان چەوریی هەناو Visceral fat ناسراوە. بۆ پیاو، ڕێژەی چەوریی پێویست لە لەشدا دەگاتە نزیکەی ٣٪ی کێشی لەش، کەچی ڕێژەی چەوریی پێویست بۆ ئافرەت دەگاتە نزیکەی ١٢٪ی کێشی لەش و، ڕێژەی ئاسایی چەوریی گشتیی لەش دەگاتە ٢٠-٢٥٪، بۆ پیاویش ڕێژەی ئاسایی چەوریی گشتیی لەش لە نیوان ١٥-٢٠٪ دایە. ڕێژەی چەوریی گشتیی لەش کە زیاتر بێت لە ٣٢٪ لە ئافرەت زیاتر بێت لە ٢٥٪ لە پیاودا، ئەوا ئەگەری تووشبوون بە چەند نەخۆشییەك زیاد دەبێت. لە لایەکی دیکە، ڕێژەی زۆر نزمی چەوریی گشتیی لەش دەبێتە ئەگەری: کەمبوونەوەی توانا و لیاقەی مەشقی وەرزشی، زیادبوونی ئەگەری شکانی ئێسك و کەمیی ماددە خۆراکییە گرنگەکان، بەرگەنەگرتنی سەرما، لەگەڵ تێکچوونی هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان.



# ڕێگەی خێرا بۆ سووککردنی دڵەکزێ



دڵەکزێ Heartburn بریتییە لە هەستکردن بە سووتانەوە و ناڕەحەتی لە ناوەڕاستی سینگ و قوڕگدا، کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەڕانەوەی ترشەڵۆکی دەردراوی گەدە بۆ ناو سوورێنچك، کە زۆر جار دەگاتە قوڕگ. جیاواز لە گەدە، ناوپۆشی سوورێنچك وەکو ناوپۆشی گەدە بەرگەی ترشی ناگرێت، دڵەکزێ کە بەردەوام بێت و هاوکات بێت لەگەڵ حاڵەتی خاوبوونەوەی زمانەی نێوان سوورێنچك و گەدە GERD کە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی بەردەوامی شیرەی گەدە بۆ بەشی خوارەوەی سوورێنچك، ئەوکاتە دەتوانرێت کە بە پەیڕەوکردنی چەند هەنگاوێك ناڕەحەتی و نیشانەکان تا رادەیەکی باش سووك بکرێن، کە بریتین لە: پۆشینی جلی فراوان بەمەبەستی

# گرنگیی چاویلکەی هەتاوی لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا

ڕووناکیی بەهێز و دانەوەی ڕووناکی لەسەر ڕووە ڕەنگ کاڵەکان کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر بینین لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا و، لەوانەیە کە ببێتە هۆی ڕوودانی کارەساتی هاتووچۆ، هەروەها بای وشك و گەرد و تۆز هۆکاری نەرێنیی دیکەن بۆ چاو لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا کە بە پەنجەرە، یان جامی کراوەدا دێنە ناوەوە. سوودەکانی چاویلکەی لێخورینی ئۆتۆمبێل بریتین لە: بینینی باشتر لەکاتی ڕۆژدا، بەتایبەتی کە تیشکی خۆر بەدەرەوەیە، ڕێگرتن لە هیلاکبوونی چاوەکان تەنانەت لەکاتی لێخۆڕینی ئۆتۆمۆبێل بۆ ماوەی زۆر، پاراستنی چاوەکان لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی لەسەر هاوێنە و تۆڕەی چاو، هەورەها پاراستنی چاوەکان لە زەبر، یان وردە بەردی ڕێگەکان. تیشکی سەرووی وەنەوشەیی دەبێتە هۆی: تێکدانی چینی کۆرنیا، ئاوی سپی Cataracts، هەروەها تێکچوونی پنتی هەستیاری تۆڕەی چاو Macula کە گرنگە بۆ بینینی ئاراستەی ڕاست، لە لایەکی دیکەوە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر پێستی پێڵووی چاو و دەبێتە ئەگەری وشکبوون، لۆچبوون، شۆڕبوونی پێست، کەمبوونەوەی توانای لاستیکی و تاریکبوونی ڕەنگی پێست. چاویلکەی دژە هەتاوی (پۆلەرایزکراو Polarized) کە بریقەی ڕووناکی کەم دەکەنەوە، باشترین هەڵبژاردەن بۆ پاراستنی چاوەکان لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا.



سووککردنی فشاری فیزیکی لەسەر گەدە، دوورکەوتنەوە لە خۆچەماندنەوە، بەتایبەتی پاش ژەمە سەرەکییەکان، چای زەنجەبیل، مۆز، جوینی بنێشتی بێ شەکر، سرکەی سێو، ئەمانە حاڵەتەکە سووك دەکەن، هەروەها دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان و ئەو خۆراکانەی کە ئەگەری دڵەکزێ زیاد دەکەن وەکو: خۆراکی ترش و تیژ، خۆراکی لە زەیت سوورەوەکراو، میوەی مزری وەکو لیمۆ و پرتەقاڵ، پیاز، چای و قاوە، شلەمەنییە گازدارەکان، هەروەها بەکارهێنانی دەرمانی دژەترشی Antacid بە شێوەی گیراوە، یان دەنکی جوین، یان دەرمانی کەمکردنەوەی دەردانی ترشەڵۆکی گەدە، وەکو ئۆمیپرازۆل. حاڵەتەکە پێویست بە سەردانی دکتۆر دەکات لەکاتی هاوکاتبوونی لەگەڵ ئەم نیشانانە: سەرسووڕان، هێڵنج و ڕشانەوە، ئارەقەکردن، هەناسەتەنگی، لەگەڵ ئازاری سینگ کە بڵاوبێتەوە بۆ ناوچەی مل و شان و شەویلاك.

# کورتە زانیارییەک لەسەر ئینتەرنێتی ستارلینک

لەم رۆژانەدا ئینتەرنێتی ستارلینک کە هی کۆمپانیای سەپەیس ئێکسە. کە ئیلان ماسك خاوەنداریيەتی دەکا، بە چڕی کەوتۆتە بەر باس.

پێویستە لەسەرەتادا بزانین ئینتەرنێتی ستارلینک چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئینتەرنێتێکی ئاسایی؟ ئینتەرنێتی ستارلینک لەرێگای مانگە دەستکردەکانەوە دەگوازرێتەوە. لە رێگای کێبڵ و دانانی تاوەری تایبەتی نییە.

مەودای سنووری ئینتەرنێتی ستارلینك چەندە؟ مەودای سنووری بێ سنوورە. هەموو جیهان دەتەنێتەوە. لەوسەری گۆی زەوی بۆ ئەو سەری گۆی زەوی.

ئینتەرنێتی ستارلینك چی پێویستە؟ سینییەکی بچووك واتە (سەحن)ێکی بچووك کە هەڵگرتنی ئاسانە و بۆ کارپێکردنی وەك سەحنی وەرگری تەلەڤزیۆنی نییە کە دەبێت رووی لە شوێنێکی تایبەت بێ، بەڵکو رووی لە هەر شوێنێك بێت وەردەگرێ. وەك ئالێری رادیۆ. هەروەها مۆدێمێکی تایبەت کە پێیدەگوترێ تەرمینال و هیچی دیکە. بەڵام دەبێت لە پێشدا مانگە دەستکردەکە بۆ ئەو ناوچەیەی لێی بڵاودەکاتەوە چالاکی کردبێ.

خێراییەکەی چەندە؟ خێراییەکەی بەپێی لەباری کەش و هەوا دەگۆڕێ، لە ٢٠ میگابایتەوە هەتا ١٥٠ میگابایت.

تێچووی چەندە؟ تێچووی ئامێرەکانی ٥٠٠ دۆلار و هی هاوبەشی مانگانەی ١٠٠ دۆلار، بەڵام دەکرێت بە یەك ئامێر ١٢٨ هاوبەش تێیدا سوودمەند بن.

## کامێرایەکی بچووک و هەمەکارە

کامێراکان جۆراوجۆرن، هەیانە تایبەتە بە وێنەگرتن هەیە تایبەتە بە چات و گفتوگۆکردنی ئینتەرنێتی. کامێرای تایبەت بە چاودێری و ئەمنییەتیش هەیە و هەروەها کامێرای ئەکشن واتە بۆ گرتنی دیمەنی جۆڵاو وەك ئەوە لەناو ئۆتۆمبیلدا بی یا بتهەوێ لە یاریگایەکی وەزرشی فیلم هەڵبگریەوە.

کامێرای جۆری Insta360 X3 گشت ئەو تایبەتمەندییانەی پێکەوە هەیە، واتە بۆ هەموو ئەرکێك دەگونجێت. کامێراکە بە کوالیتی ٤K فیلم دەگرێت و دەکرێت هەر لەوکاتەدا فیلم هەڵدەگریتەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوبەشی بکەی. کوالیتی وێنەگرتنی ٧٢ میگاپیکسلە. دژە لەرزینە و لەوکاتەی کە لە ئۆتۆمبیلدا بەکار دەهێنرێت هەست بە جوڵە ناکەی. ڤیدیۆیی ٣٦٠ پلەیی دەکرێت و واتە لە یەك کاتدا لەهەموو لایەکەوە فیلم هەڵدەگرێتەوە، دەکرێت وەك کامێرای سیکۆریتی بەکار بهێنرێت. باترییەکی بەهێزی هەیە. بەشێوەی زیرەك فیلمەکان دەستکاری دەکا و دەکرێت دیمەنی ناو فیلمەکانیش بگۆڕدرێ، بۆ نموونە لەکاتی وێنەگرتندا ئاسمان هەورییە، لەبری ئەوە ئاسمانێکی ساماڵ و هەتاوی دابنێی.





# ئاسۆس لاپتۆپێکی ناوازە بەرهەم دێنێت



کۆمپانیای asus کە یەکێکە لەبەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ بەتایبەت کۆمپیوتەر چ بە شێوەی دیسکتۆپ و چ بە شێوەی لاپتۆپ. لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو لاپتۆپێکی بەناوی Ex- pertBook B3 Detachable بەرهەم هێنا. لە بواری دیزایندا خەڵاتی باشترین دیزاینی لاپتۆپی لەساڵی ٢٠٢٢ پێبەخشراوە. لاپتۆپەکە دەنوشتێتەوە و دەکرێت کیبۆردەکەی لێ جیا بکرێتەوە و ببێتە بە تەبلێتێکی گەورە. باترییەکەی هەتا ٢١ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. کێشی لاپتۆپەکە ٥٩٠ گرامە. شاشەکەی لەمسیە و قەڵەمێکی تایبەتی لەگەڵدایە. کامێرای پێشەوەی ٥ میگاپیکسلە. و لە شوێنی تاریکیشدا وێنەکە بە جوانی نیشان دەدا. کامێرای پشتەوەی ١٣ میگاپیسکلە. کیبۆردەکە بەهێزە و دژە باکتریایە. دوگمەکانی بە ئاسانی دادەگیرێن و تایبیستێک دەتوانێ بە خێرایی پێی بنووسێ. زۆر مەحکەمەو بە کەوتنە خوار و بەرکەوتن کێشەیەکی وای بۆ نایەتە پێش. لە تاقیکردنەوەیەکدا کێشێکی ٢٨ کیلۆیان لەسەردانا کە هیچ کێشەی بۆ شاشەکە پێکنەهێنا. لە هەموو کەش و هەوایەکدا کار دەکا و کێشەی بۆ نایەتە پێش. رامەکەی ٨ گیگابایتە و بەڵام هاردەکەی قەبارەی زۆر نییەو تەنیا ١٢٨ گیگابایتە.

# بەبێ دەنگ

زۆر کەس لەکاتی قسەکردن بە تەلەفۆن دەنگیان ئەوەندە بەرزە کە لە دووردوورەوە دەنگیان دەبیستریٚ، هەندێك لە هەر شوێنێك بن، تەنانەت لەناو پاس و میترۆشدا دەبن بە دەنگی بەرز قسە دەکەن دەبنە مایەی ئازاری دەوروبەر. تەکنەلۆژیای نویٚ بۆ ئەمە ڕێگا چارەیەکی دۆزیوەتەوە. مایکرۆفۆنێکی تایبەت کە بەکارهێنەر بۆخۆشی گوێی لە دەنگی خۆی نابێت.

مایکرۆفۆنی جۆری Mutalk






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن دەکرێت ئەو ژمارانەی کە ئاشنا نین و بۆم و نایانناسم پەیوەندیم پێوە نەکەن؟

خوێنەری بەڕێز چەندین ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی ئەو ژمارانەی کە نەناسراون بلۆك بکرێن. چونکە هەیە بەبێ هۆ پەیوەندی دەکات بەتایبەتی ئەو کێشەیە بۆ خانمان زۆرترە. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا بەشی ئایکۆنی پەیوەندی گرتن واتە ئەو ئایکۆنەی کە تەلەفۆنی پێدەکەی دابگرە و لەوێدا شوێنێك هەیە سیٚ خاڵی بەشێوەی ئاسۆیی لێیە لێبدە و دواتر sitting هەڵبژرە و فەرمانی Blocked Numbers لێبدە و دواتر ئەو فەرمانی Numbers Not in Contacts چالاك بکە و ئیدی کێشەکە چارەسەر دەبێت.

## پرۆگرامێک بۆ ناسینی پارچەکانی کۆمپیوتەر

هەروەك دەزانن کۆمپیوتەر بۆخۆی لە چەند پارچەیەك پێکهاتووەو کە پارچەکان لە کەیسییێکدا کۆکراونەتەوە، بەڵام زۆر کەس ئەو کۆمپیوتەرەی بەکاری دێنێت، جا چ لاپتۆپ بێت یا دیسکتۆپ، نازانێت تایبەتمەندی پارچەکانی کۆمپیوتەرەکەی چۆنە. هەرچەندە لەناو خودی ویندۆزدا بەشێك هەیە بەناوی windows information ماوسێکی زیرەك و بەڵام ئەو بەشە بە وردی لەسەر یەك یەکی پارچەکان باس ناکات. گەلێك پرۆگرام هەن بۆ ناسینی پارچەکانی کۆمپیوتەر، پرۆگرامی HWiNFO یەکێکە لەو پرگرامانە. ئەو پرۆگرامە تایبەتمەندی یەکە یەکەی پارچەکانی کۆمپیوتەر، وەك مەزەلبۆرد، کارتی گرافیك، رام، هارد، یەکەی ناوەندی واتە CPU بەگشتی هەموو پارچەکان باس دەکا و ئەگەر بەکارهێنەر حەزبکا لە فایلێکی XMLدا دەتوانێت تۆماری بکات.



# ـــی قسە بکە!

مایکرۆفۆنێکی بلوتوسییە و تایبەتمەندییەکی زۆر جیاوازی هەیە، دەکرێ بڵێین سەیروسەمەرە. دەنگی بەکارهێنەر بەبێ ئەوەی کەس بیبسێ بەرێ دەکات بۆ لایەنی بەرامبەر.

مایکەکە لە دیزایندا وەك هێدستێکی واقیعی-مەجازی دەچێت. بەڵام بەو جیاوازییەی لەبەری ئەوەی لەسەر چاو دابندرێت لەسەر دەم دادەنرێت. مایکەکە لەسەر بنەمای زانستێك بەرهەمهاتووە کە ١٦٠ ساڵ لەمەوبەر باسی لێوەکراوە. بەو مانایە کە کیسەیەك هەوای تێدادانراوە کە ناهێڵێت شەپۆلەکانی دەنگ بچنە دەر. هەروەك ئەو ئامێرەی بۆ بێدەنگکردنی چەك لەسەر لوولەی چەکەکان دادەنرێت. مایکەکە شەحن دەکرێتەوە و تا ٨ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. مایکی Mutalk سوودی زۆرە، بۆ نموونە لە شوێنێکی و خەڵکی دیکەی لێیە و ناتهەوێ دەوروبەر قسەکانت ببیسن، هەروەها بۆ شوێنە قەرەباڵغیەکان بۆ ئەوەی ئازاری خەڵك نەدەی. هەروەها بۆ ئەو کاتانەی خەڵك نووستوون و نیازی قسەکردنت هەیە.



## ماڵپەڕی یاری و زانیاری

لە ئینتەرنێتدا هەزاران ماڵپەڕ هەن لەگەڵ ئەوەیدا لە شێوەی یاریدان، بەڵام پڕن لە زانیاری و واتە لەگەڵ یارییەکە زانیاریشت پێدەبەخشن. یەکێك لەو ماڵپەڕانەی کە تایبەتە بە بەخشینی زانیاری لەسەر جوگرافیای گۆی زەوی، ماڵپەڕی geoguessr.com. ماڵپەڕەکە کاتێك دەکرێتەوە شوێنێك لە گۆی زەوی نیشان دەدات و بەپێی ئاراستەکانی ماوس دەبێت بۆ ئەو شوێنە بچی و پاشان پرسیار لەبارەی جوگرافیای ئەو شوێنە دەکات و دەپرسێت ئێرە لە جیهاندا کوێیە و دەکەوێتە کام وڵات؟ ئەگەر بتوانی وەڵامی پرسیارەکان بە باشی بدەیەوە ئەوە خەڵات وەردەگری. وا باشە چوارچێوەی زانیارییەکان نەبەستیەوە بە تەنیا یەك ناوچەی تایبەت بگرە هەموو جیهان بگرێتەوە ئەوکات هەم زانیارییت دەچێتە سەر و هەم شوێنی نوێش لە جیهاندا دەبینی.

## مێزێکی تایبەت بۆ کۆمپیوتەر

کۆمپیوتەرەکان چ دیسکتۆپ و چ لاپتۆپ رۆژ بەرۆژ پێشکەوتوو دەبن و تواناکانیان دەچێتە سەر. لەگەڵ ئەوەیدا ئامێرە لاوەکییەکانی تایبەت بە کۆمپیوتەریش وەك ماوس و کیبۆرد و مێزی کۆمپیوتەریش پێشکەوتووتر دەبن.

مێزێکی تایبەتی بۆ کۆمپیوتەر بەرهەم هاتووە کە بۆ دیسکتۆپ و لاپتۆپ دەبێت. چوار دەوری گلۆپی سەرنج راکێشە. خۆی بچووکە لەگەڵ ئەوەیدا هاپی کۆمپیوتەرە و ئامێرەکانی کە پەیوەند دەکرێن بە کۆمپیوتەر وەك ماوس و کیبۆرد و فلاش میمۆری دەکرێ لە رێگای ئەو مێزەوە پەیوەند بدرێن. تایبەتە بە کۆمپیوتەری ٢٧ ئینجی و هەرچەندە بۆ کۆمپیوتەری سایز بچووکتریش دەگونجێت. چەند چەکمەجەیەکی هەیە و دەکرێت کەرەسە پێویستەکانی وەك کیبۆرد و ماوس یا هەر شتێکی دیکە لەو چەکمەجەیە بخرێن. مێزەکە بەرز و نەوی دەکرێت. مێزەکە دەتوانێت هەتا کێشی ٣٠ کیلۆیی رابگرێت.





# قژ

## درێژی مانای شازادەبوونتە

قژ دیمەنێکی تەواوکاری جوانیی ئافرەت نیشان دەدات، گوزارشت لە جوانی و شەنگی دەکات، خانمانی ئیسپانیا، بە ستایلی قژدرێژی ناسراون و هەمیشە توانیویانە پارێزگاری لە جوانی و ئارایشتی قژیان بکەن، ئەوە سەرەڕای ئەوەی قژی درێژ نیعمەتێکە و زیاتر جوانت دەکات. جەستە لە ڕێگەی خواردنەوە کانزای سوودبەخش بە ڕەگی مووەکان دەدات، وەك: پرۆتین و کریاتین، کاتێك ئەوانەی پێ نەگات، ئیدی بێهێز و لاواز و تەنك دەبێت، هەروەها زوو هەڵدەوەرێت، بۆ ئەوانەی حەز دەکەن قژیان درێژ بێت، دەتوانن ڕۆنی زەیتوون و ڕۆنی گوێزی هیندی لە قژیان بدەن، بە مەرجێك بگاتە ڕەگی مووەکان، ئەو کاتە کاریگەری لەسەر درێژبوونی قژیان دەبێت، هەروەها دەتوانن لە ڕێگەی بەکارهێنانی گیراوەیەك قژیان درێژ بکەن، کە بەم شێوەیەیە: کەوچکێك



# چاویلکەی قاوەیی و ڕەش بۆ پاییز هەڵبژێرە

لە وەرزی پاییزدا تیشکی خۆر لاوازتر و بێهێزتر دەبێت لەوەی کە لە هاویندا هەیە، کە هەموو کات پێویستە خۆت لێی بپارێزیت، چاوەکانت بەشێکی گرنگی جەستەن و پێویستە لە ڕووناکی بەهێز و تیشکی خۆر بپارێزرێن، بۆیە لە وەرزی هاویندا بە ڕێژەیەکی زۆر چاویلکەکان لەچاو دەکرێن، لەگەڵ هاتنی وەرزی پاییز و گۆڕانکاری لە کەشوهەوادا، نابێت دەستبەرداری چاوێلکە ببین، بەهۆی ئەوەی هێشتا کاریگەریی خۆر لەسەر پێست و روخسار ماوە، بە تایبەت لە کاتی بەیانیان و دەرچوون، پێویستە لێواری چاوانت تیشکی خۆریان بەر نەکەوێت، کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ چرچ و لۆچ بوون، لە وەرزی پاییزدا زیاتر جلەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، وێڕای ئەوەی خشڵ و کەرەستەکانیش وەك مۆدێکی سەرنجڕاکێش دەبن، بۆیە پێویستە لە ڕێگەی چاوێلکەکانەوە شێوازێکی تایبەت بە خۆتت هەبێت و مۆدێکی نایاب دەستەبەر بکەیت، هاوێنەی چاوێلکەکانی وەرزی پاییز زیاتر لە ڕەنگی قاوەیی و ڕەش دەبن، ئەو دوو ڕەنگە پێشتر کەمتر باو بوون، بەڵام لە پاییزدا زیاتر ڕەنگدانەوەیان پێوە دیار دەبێت، هەروەها رووکەش و رووبەری چاوێلکەکان لە ڕەنگی پەمەیی و سوور بن، شیك دەبێت.



# وشکیی پێست واتە نەمانی نەرمونیانیی روخسارت

وشکبوونی پێستت واتە نەمانی سەرنجڕاکێشی و ناسکی لە روخساردا، بۆیە هەمیشە دەبێت پارێزگاری لە وشکبوونی جەستەت بکەیت، بەتایبەت ئەوانەی رۆژانەی ژیانیان لە دەرەوە و دەوامی فەرمی و زانکۆن، هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە لە ماڵەوە خەریکی کار و پاککردنەوە و ئامادەکردنی خواردنن، پێویستیان بەوە هەیە کە هەمیشە پێستیان نەرم و تەڕ بێت، هۆکارەکانی وشکبوونی پێستی روخسار بریتیین لە: ئاو خواردنەوەی کەم، ماندووبوونی زۆر، سترێس، خواردنی نەشیاو، نەخواردنی میوە و سەوزە، چەندین هۆکاری دیکە کە دەبنە مایەی وشکبوونی جەستە و پێست، کاتێك هەستت بەو چەند نیشانەیە کرد، واتە جەستە و پێستت وشکە، سەرەتا لێو و پێستت بە وشکی دەبێت و هەستی پێ دەکەیت، هەروەها ڕەنگی پێست و روخسار گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، فرمێسکت زۆر کەم دەبێت، هەڵوەرینی قژ و بەشی سەرەوەی پێستی روخسار بەشێکی دیکەی ئەو دیاردەیەن، چارەسەری وشکیی پێستی روخسار بریتییە لە: زۆر ئاو خواردنەوە، میوە و سەوزە، رۆژانە خواردنەوی زیاتر لە دوو تا پێنج لیتر ئاو، خواردنێکی باش و خەوی تەواو لە کاتی خۆیدا، دوور کەوتنەوە لە سترێس و خەم و بێزاری، بەکارهێنانی کرێمی دژەخۆر و کرێمی شێدارکردنی روخسار.





# ماستاو بە لیمۆ و خوێ جمەی دێت

خواردن و خواردنەوەی کوردەواری کە لە دێر زەمانەوە پێشکەشی میوانان لە دیوەخان و شوێنە تایبەتەکانی ماڵ کراوە، لە ئێستادا لە شوێنە گشتییەکاندا وەك کارێکی مۆدێرنی لێ هاتووە، ماستاو خواردنەوەیەکی بە تامە، گەنجێك لە نێو جەرگەی بازاڕی هەولێر و لە بەردەم قەڵای دێرین، هەڵساوە بە دانانی ماستاو لە نێو گۆزە بە شێوەیەکی کوردەواری، دیکۆری کارەکەی وای کردووە بازاڕێکی باشی هەبێت، خاوەن شوێنی ماستاوەکە ناوی (ماهر سالم)ـە، پێی وایە ماستاو خواردنەویەکی پڕ جەماوەرە و دانانی گۆزەکانیش وەك بیرۆکەیەکی کوردەواری وایە، وەك خۆی دەڵێت: «ڕۆژانە زیاتر لە ١٥٠ گڵاس ماستاو دەفرۆشم، هەر گلاسێکی کە لە نێو پەرداخ و گڵاسی سەفەریدایە، بە هەزار دینارە، ئەو دەڵێت ئێمە داهێنانێکمان کردووە بە تێکەڵکردنی لیمۆ و خوێ لەگەڵ ماستاوەکە، کە تامێکی ئێجگار خۆش و بە جۆشی پێوە دیار دەبێت»، دەربارەی دوای هاتنی کەشی سەرما و زستان، گەنجەکە دەڵێ: «بەردەوام دەبین تاوەکو کەشی سەرما دادێت، ئەو کاتەی زانیمان ماستاو داواکاری کەم بوویەوە، دەست دەکەین بە دانانی شیر و هەنگوینی تێکەڵ، کە ئەویش لە وەرزی زستاندا جەماوەرێکی تایبەتی هەیە».




# زۆرانبازیی گا بە منداڵەوە

فرانشیسکۆ ریڤێرا، ئەو زۆرانبازەیە کە هێندە متمانەی بە خۆی هەیە، لە کاتی نمایشی زۆرانبازیی (گا)دا هیچی بەسەر نایەت، ئەو زۆرانبازە لە کاتی نمایشدا منداڵێکی خۆی لە باوەش بووە و نمایشیشی ئەنجام داوە، وێرای ئەوەی رەخنەباران کرا لەوەی چۆن ژیانی منداڵەکەی بۆ نازناو دەخاتە مەترسییەوە، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: «متمانەم بە خۆم هەیە کە ماوەی (١٢) ساڵە ئەو کارە دەکەم، تا ئێستا هیچ شوێنێکم خوێنی لێ نەهاتووە، ئێستا چۆن دەهێڵم منداڵەکەم شتێکی بەسەر بێت. بەم جۆرە فرانشیسکۆ نمایشێکی پێنج خولەکی لەگەڵ گایەکی سەرشێت ئەنجام دا، منداڵەکەشی لە باوەش بوو، ئەوەش بووە جێگەی سەرنجی ئامادەبووان و میدیاکاران.

# پێشبڕکێی پاڵەوانیەتی نێو شلەدا

زۆرانبازی و پێشبڕکێی وەرزەشی لە نێو شوێنی تایبەت و حەلبەی زۆرانبازیدا ئەنجام دەدرێت، کە بە ناوبژیوان و لیژنەی چاودێری بەڕێوە دەچێت، بەڵام ئەم زۆرانبازییە سەیرە لە بەردەم خەڵك و لە نێو شلەی خواردندا دەکرێت، دوای ئەوەی شلە ئامادە دەکرێت، تا سار دەبێتەوە، پاشان لە شوێنێك دادەنرێت، دوای ناونووسینی بەشداربووان لە پێشبڕکێیەکە، بە نۆرە و بەپێی ناوەکان یاریزانانی لە بێو مەرەگە و شلەدا زۆرانبازی و شەڕە بۆکسێنە سەیرەکانیان دەکەن، ئەو زۆرانبازییە سەیرە لە شاری لیڤەرپوولی بەریتانی ساڵانە بەڕێوە دەچێت، خاڵ بە دەستهێنان لەو زۆرانبازییەدا بەپێی ریکۆردێکی سەیرە، ئەویش پێویستە یاریزانان زۆرترین خەڵك بە پێکەنین بهێنن، ئەوەش بە گوێرەی پۆشینی جلی سەیر و جووڵە و کەوتن و زەردەخەنە لە نێو شلەکەدا، لە دواهەمین پاڵەوانێتی شلەدا (ئیمۆجین یۆنگ) لە نێو ئافرەتان و (لویك کلارکسۆن) لە پیاواندا پلەی یەکەمیان بەدەست هێنا.






## سینەما لە چۆڵەوانی و دەشتدا

سینەماکان لە زۆربەی شوێنە گشتییەکاندا هەن، بەتایبەت لە مۆڵ و بازاڕەکاندا، کەچی ئەو جۆرە سینەمایە تازەیە، تا کاری هەوادارانی فیلم ئاسان بکرێت و بتوانن لە هۆڵەکانی سینەمادا سەیری فیلمێکی دڵخوازی خۆیان بکەن، بەڵام لە ئێستادا بیرۆکەیەکی دیکە بۆ هۆڵی سینەما هاتووەتە کایەوە، ئەویش دانانی سینەمایە لە دەشت و دەر، کە لە شوێنێکی چۆلەوانیدا کورسی و شوێنی دانیشتن و سکرینی سینەما دانراوە، بە سینەمای دەشت و دەر ناسراوە، ئەو بیرۆکەیە لەلایەن پیاوێکی خاوەنکاری فەرەنسییەوە بە ناوی (کاپۆ کێکەیس) داهێنراوە و جێبەجێ کراوە، کە یەکەمین سینەمای دەشت و دەری لە سەیرانگاکانی شەرم شێخ کردووەتەوە، کە جێگەی (١٥٠) کەس دەبێتەوە.




## فیلم

## ئاوێنە، ئاوێنە - Mirror، Mirror



فیلمێکی کۆمیدی و سەمەرەیە، باس لە پێنج فەرمانبەر دەکات، کە مشتومڕ لەگەڵ سەرووی خۆیان دەکەن، ئەوەش بە گفتوگۆ لەگەڵ ئاوێنەکان، کە بەرپرسەکەیان لە یادی ٥٠ ساڵەی دامەزراندنی دەزگاکەیاندا چەند ئاوێنەکی سیخووڕیی بۆ داناون، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ١٩ خولەکە، لە وڵاتانی ئیسپانیا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی مارك کرۆهوێت و، لە نواندنی (ڤیرۆنیکا فارکۆی، ناتالیا دی مۆلینا، مالینا ئەڵتیرۆ، سانتی میلان، کارلۆس ئەکریس و کارلۆس باردین)ـە.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات، کە هەمیشە وتار دەدەن و قسە دەکەن، سەراپای بیرکردنەوە و فکر و قسەیان لەسەر پارە و سامانی ژیانە و، گرنگی بە شتی دیکە نادەن و بە کەسێکی ماددی دادەنرێن.



## میوزیک

**نانی بەیانی- Breakfast**

تراکێکی تازەی کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی (دۆڤ ئۆلیڤیا)یە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ و، لە ساڵی ٢٠١٧ دەستی بە کاری گۆرانی گوتن کردووە، تراکەکە لە مانگی ٩ی ئەمساڵ بەرهەم هاتووە و لە ئەلبوومی Breakfast لە جۆری پۆپ ئەڵتەرناتیڤ ئینډای، بڵاو کراوەتەوە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کاتی ئەوەیە هەندێك کات بۆ خۆت تەرخان بکەیت و چیتر لە خەمی کەسانی دیکەدا نەبیت، زۆر سەرقاڵبونت بە کەسانی دیکەوە وای کردووە کە خۆت پشتگوێ بخەیت، لە رووی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت دڵخۆش بکە، تەندروستیت لە ئێستادا زۆر باشە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەسانێکی زۆر دێنە ژیانتەوە و پێشنیازی بیرۆکەی نوێت بۆ دەکەن، باشترە هەموو بیرۆکەیەك رەت نەکەیتەوە، بەڵکو بە وردی بیریان لێ بکەرەوە، تەندروستیت باش دەبێت ئەگەر گرنگی بە خواردنی سەوزە و میوە بدەیت، کاتەکانی وەرزش لە یاد مەکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەم رۆژانە رۆژانێکی بەسوود دەبێت بۆت، زیاتر ئەزموون پەیدا دەکەیت لە رووی پیشەییەوە و بیرۆکەی نوێت بۆ دێت، لە رووی سۆزدارییەوە پەیوەندیی نوێ دروست دەکەیت و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ژیانت دەبێت، لە بڕیاردانندا باش بیر بکەرەوە ئەنجا بڕیار بدە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە رووی پیشەییەوە متمانەکردن بە هاوپیشەکانت یارمەتیت دەدات تا زیاتر بە ئاسودەییەوە کار بکەیت، خۆت لە گومانی زۆر بەدوور بگرە، لە رووی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت کاریگەر دەبێت بە وشەکانت، هەوڵ بدە ئەو کاریگەرییە بە لایەنی ئەرێنی بشکێنیتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

وا دەردەکەوێت بەشێکی زۆر لە کار و پرۆژەکانت وەستابێت، هەروەها بەهۆی ماندوێتییەوە وزەی پێویستت نییە بۆ ئەوەی کارەکانت بکەیت، مەترسە و خۆت توشی شڵەژان مەکە، ماوەیەك پشوو وەربگرە و دواتر پلانێکی ورد بۆ ژیانت دابنێرەوە.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەگەر لە ژیانی تایبەتیتدا شتەکان زۆر باش نەڕۆشتن بەڕێوە، پێویستە بەرپرسیارێتی هەڵبگریت، پێویستە هەندێك بڕیاری سەخت بدەیت بۆئەوەی رووبەڕووی گرفتەکان ببیتەوە، ئامانجەکان ون مەکە و لە ژیانتدا خۆت بە شتی لاوەکییەوە خەریك مەکە.





# فریکوێنسی ٥٠ و ٦٠ هێرتز

فریکوێنسی ٥٠ هێرتز و یان٦٠هێرتز لە هەندێك لە وڵاتەكاندا بەكار دەهێنرێت، سەرەتا هەندێك ڕێگە هەیە بۆ زیادكردنی فریكوێنس كە بریتین لە یەكەم: زیادكردنی خێرایی بەرهەمهێنەرەكە (جێنێرەیتۆر) بە گۆڕانكاری لەسەر ستونی بەرهەمهێنەرەكە (شافت)، لێرەدا پێویستمان بە بڕە وزەی زیاترە بۆ بەرهەمهێنانی هەمان بڕ لە وزەی كارەبا، بۆیە پێویستە شافت بە بەهێزتر دروست بكرێت، بۆئەوەی توانای بەرگەگرتنی ئەو خێراییەی هەبێت. دووەم: زیادكردنی ژمارەی جەمسەرەكانی (پوڵەكان) ناو جێنێرەیتەر، كە دەبێتە هۆی گەورەكردنی قەبارەی جێنێرێیتەر. هەردوو ڕێگەكە دەبنە هۆی زیادكردنی وزەی بەفیرۆچوو، لە ئەنجامدا دابەزینی چووستیی جێنێرەیتەر و سیستمەكە و، دەبێتە هۆی زیادكردنی دیاردەی كۆرۆنا و سكین ئێفێكت و چەندین شتی دیكە، لەبەر ئەم هۆكارانە هەمیشە فریكوێنسی لۆدەكان لە وڵاتاندا ٥٠ هێرتزە لە هەنێك وڵاتیش ٦٠ هێرتزە.



## پەند و وتە

تۆماس جیفەرسۆن، سەرۆكی سێیەمی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، ئەندازیار و فەیلەسووف، لە ساڵی ١٧٤٣ لە شاری شادوێل لە ڤیرجینیا لە دایكبووە و لە ساڵی ١٨٢٦ لە ڤیرجینیای ئەمریكا كۆچی دوایی كردووە، دەربارەی پرەنسیپ و شێوە دەڵێت: «كاتێك باسی شێوە و ڕەواڵەت دەكرێت، خۆت لەگەڵ ڕەوتی گشتیدا بگونجێنە، بەڵام كاتێك باس دەكەوێتە سەر پرەنسیپ و بیركردنەوە، وەك بەردێك بە و گوزارشت لە خۆت بكە».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا سێ كەس هەن، هەر یەكە بە جۆرێك جووڵەیەكی كردووە، هەوڵ بدە لە ماوەی یەك خولەكدا فێڵكاریی وێنەكە بزانیت كە چۆن گیراوە.

## یاسا



### قەرزت دا بەكەسێك پێویستە چی بكەیت

كاتێك قەرز دەدەیت بە كەسێك، پێویستە نووسراوێكی ڕەسمی هەبێت، بۆ ئەوەی ئەگەر دواتر قەرزدار نكۆڵیی كرد مافەكەت نەفەوتێت، ئەگەر قەرزت دا بە كەسێك و هیچ سەند و نوسراوێكی فەرمی لە نێوانتاندا نەبوو، چۆن دەتوانێت قەرزەكە وەرگرێتەوە. ئەگەر هاتوو قەرزار ئینكاریی كرد كە قەرزاربێت، خاوەن قەرز لە ڕێگەی داوای دین داوای قەرزەكەی دەكاتەوە لە قەرزار، وەلە حاڵەتی نەبوونی هیچ نووسراوێك لە نێوانیاندا، داوایەكە بەم شێوەیە دەبێت: ئەگەر هاتوو داوالێكراو ئیقراری كرد بە قەرزەكە، واتا دادنینا كەوا قەرزارە، بە ئیقرارەكە وەردەگیرێت و ئیسپات دەبێت، بەڵام دەبێت مەرجەكانی ئیقراری تێدابێت.

ئەگەر هاتوو داوالێكراو ئینكاریی كرد لەوەی كەوا قەرزارە، ئەوە سوێندی یەكلاكەرەوەی ئاراستە دەكرێت و داواكە یەكلا دەبێتەوە، ئەگەر ڕەتی سوێندخواردنی كرد، ئەوا ئاراستەی داواكار دەكرێت.

ئەگەر هاتوو داوالێكراو گوتی ڕاستە قەرزاربووم بەڵام قەرزەكەم داوەتەوە، دەبێت ئەو بیسەلمێنێت، ناتوانرێ قەرز بە شاهێد بسەلمێندرێت ئەگەر بڕەكەی لە ٥٠٠٠ هەزاری سویسری زیاتر بێت، واتە٧٥٠٠٠٠ حەوسەد و پەنجا هەزار دیناری عێراقی زیاتر بێت، مەگەر مانعێكی ئەدەبی هەبێت وەك ئەو دوو كەسە دایك و كچ، یان كوڕ و دایك، یانیش زاوا و بووك، یان ژن و مێرد بن، واتە ئەگەر لەو بڕە پارەیەش زیاتر بێت بەڵام مانعی ئەدەبی هەبوو بە شاهێد دەسەلمێنرێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە بەشێكی زۆر لە هاوپیشەكانت داوای یارمەتیت لێ دەكەن، باشترین هەوڵی خۆت بدە بۆ ئەوەی یارمەتیدەریان بیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە بەهۆی ڕەفتاری گونجاوی خۆشەویستەكەت لەگەڵت هەست بە ئاسوودەیی دەكەیت، ڕۆژانە گرنگی بە خواردنەوەی ئاو بدە.

### دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لە ڕووی پیشەییەوە كارەكانت بەو شێوەیە ناڕۆن بەڕێوە كە خۆت دەتەوێت، ڕەنگە ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەبێت كە كەمتەرخەمیت نواندووە لە هەندێك لەو هەنگاوەكانتدا، لە ڕوی سۆزدارییەوە ئەم ماوەیە دوور بكەوەرەوە لە دروستكردنی كێشە، دەنا كاریگەری نەرێنیی لەسەر پەیوەندییەكەتان دەبێت.

### كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە ڕووی پیشەییەوە خەونی گەورەت هەیە و بەردەوام بیریان لێ دەكەیتەوە، بۆیە واباشترە هەوڵیان بۆ بدەیت و ڕێگە نەدەیت تەنیا بە خەون بمێننەوە، هەندێك جار پێویستە هەنگاوی مەترسیدار بنێیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە خۆشەویستەكەت بە تەواوی پاڵپشتیت دەدات.

### گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩


لە ڕووی پیشەییەوە شتەكان زۆر باش ناڕۆن بەڕێوە، ناتوانیت سەرنجت لەسەر هەموو ئەو بابەتانە بێت كە دەتەوێت ئەنجامیان بدەیت، پێویستت بە پلان و خۆڕێكخستنەوە هەیە، وریابە بەردەوام لۆمەكردنی خۆشەویست و هاوڕێكانت وا دەكات لێت دوور بكەونەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بە سرووشتی خۆت ئەمڕۆ هێمنیت و متمانەت بە خۆت هەیە، ئەمەش كاریگەری ئەرێنی لەسەر كەسانی چواردەورت دەبێت، ئەگەر دەتەوێت دەست بە پرۆژە و كاری نوێ بكەیت، بە پێی پێویست پاڵپشتی ناكرێیت، بەڵام نیگەران مەبە، تواناكانت لەوە زیاترە كە پێویستت بە یارمەتی كەسانی دیكە هەبێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

گرنگی بەو كەسانە بدە كە میهرەبانن لەگەڵتدا و سۆز و خۆشەویستیت پێ دەبەخشن، هێندە دوای ئەو كەسانە مەكەوە كە پشتگوێت دەخەن، تەندروستیت باش دەبێت ئەگەر ڕۆژانە وەرزش بكەیت و لە زۆر بەكارهێنانی ئامێرە تەكنەلۆژییەكان دوور بكەویتەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆڕی (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆڕی (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆڕی (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
October 3, 2022 Issue,No.1335



# سەد وانەی ڕیفراندۆم

ڕێبوار سیوەیلی